

بەیان

ژمارە ٦٨ کانوونی دووەم ١٩٨١




بەیانی بوو لە خەوهەڵسام ، روانیم بەفرە باریوە
(سلیمان)ی ئەڵێی (بەلقیس)، سەتارای زیوی پۆشیوە

تۆماری لە بارەی
ئەدەب و جەنگەوە





کێ حوکم

● هەر کەسێ گوێی لە هەڵاوگۆری ئـــەو تومەتانەی مەلبەندەکانی هێز لە تاراندا بگرێ ئەوسا بە چاکی دەزانێ چ رژێمێک حوکمـڕانی میللەتانی ئێران دەکات ..

« خومەینی » تانە لە سەرەك کۆمـــــــارو سەرەكوەزیران دەدات بە تەوەزەل‌و نەزان ناویان دەبات کە نات... کەکانیان بەجێ بێنن..رەجائی هەڵ... ...ان نوقرچک لە بـەنی هیچ ... سەدرو ... ئێرانی «فەلاحی» دەگرێ بەن... ...کرا دەزانێ وبە قەناعەتیش... رژێمی ئێستایان

دژ بە ش... ...ەوامە لەســـــەر رێڕەوە... ئێرانە ، تا بـەنی سەدر ... ئێستا زینـدانەکان

زیاترن لەو ... ...ەردەمی شادا هەبوون ... ئاشکرایە ئەم تومەتانەی لە کاربەدەستانی رژێمی ئێرانی‌و لە یەکتری دەگرن پرسیارێکی گـــەورە

دەخاتە ڕوو ئەویش کێن ئەوانەی حوکمـــڕانی میللەتانی ئێران دەکەن‌و بـــــەم شــــێوەیە دەیانچەوسێنێتەوە؟وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هیچ

کاری ناکاتە سەر شێوەی ئەو هەڵاو گۆڕکردنـــەی تومەتەکانی مەلبەندی هێزەکان .. ئەم تومەتانـــە بەر پرسیاری ئەو تاوانانە کە دەکرێ دژ بە میللەتانی

ئێران سوك ناکاتەوە .. کوشـــتن‌و ڕاونان و فەرهود کردن یاساوڵەکانی خومەینی بە نـــاوی

هەموویانەوە دەیکات‌و دژ بەو کەسانەیە کە لـــە فەرمانە دوا کەوتووەکەی خومەینی لابدات ، کـــە

جار نە جارێ خومەینی دەری دەبڕێ کە خومەینیش پەیوەندییێکی پتەوی لەگەڵ کۆنەپەرستی‌و دواکەتندا هەیە .

● لە ڕاستیدا ئەو شتانەی کە بەنی ســــەدر دەربارەی دەسەلاتداری ڕاهینی‌کرد کـــــە خۆی سەپانووەتە سەر میللەتانی ئێرانەوە . زیاتر بـــەر

پرسیاری دەخاتە سەر ئەستۆی بەنی ســــەدرو ئەوانی تر .. یەکێکە لە مژدە دەرەکانی ئەنجـــامی جەنگی دژ بە عیراق ئەو جەنگەی کینـــــە



دەگیرێ ؟

پەنگخواردووەکەی فارسی دەرخست کە دژ بە میللەتی عەرەبە ، دەستی‌کرد بەوەی مەفاهیمی

سەیری دەخستە سەر بزوتنەوە نەتەوایەتیەکانی عەرەبی‌و دەیخستە پاڵ بزوتنەوەی رەگەز پەرستی، ئەو وەزعەی کە ڕاستی هەڵوستی رەگەز

پەرستانەی فارس دەر دەخات کە دژ بە تێکۆشانی عەرەبی‌یە کە لە پێناوی سەربەستی نیشتمانی‌و پێشکەوتن لەسەر ڕێڕەوی یەکیەتی عەرەبی .

● تێکۆشانی نیشتمانی‌و نەتەوایەتی هیچ ترسێ ناخاتە دڵی ئەو کەسانەی باوەڕیان بە مافی میللەتی عەرەب **هەیە** لە زەوی‌و **سیادەی بە سەریا .. بەڵام بە** دڵنیاییەوە هەمیشە **کاری دەکردە سەر بزوتنەوەی دژ لەلایەن ئەو هێزانەی**

کە ویستویانە میللەتی عەرەب بەش بەش بێت‌و هەمیشەیش لاوازو بێ دەستەڵات بن ، تا بتوانن بە ئاسانی دەست بەسەر زۆر شتیان بگرن .. ئەمەیش هەڵویستی زایونیزم‌و ئیمپریالیەتی جیهانیە بەرانبەر بە میللەتی عەرەب .

● هەڵاوگۆر کردنی تۆمەتی ئاشکرا لە نێوان کار بەدەستانی رژێمی خومەینی ئیشارەتێکی ئاشکراو ڕاستەو خۆیە نەك تەنها بۆ دەرخستنی ڕاستی وەزع‌و ئەو تاوانانەی کە دژ بە میللەتانی

ئێران دەکرێ‌و لە تووێی تێکدانی مەودای دیموکراتیەت ، لە هەڵچون ... ئێران کە رژێمی شای ... شاهەنشاهی نوێ بە ناوی ئا... ناوەوە ..



هەر بەرەێیک ... بەرپرسیاری دەخاتە سەر بە ... یاری ئەو **تاوانانەی** کە د... دەکرێ .. **هەر لەبەر ئەم** ... یەکانی

عەرەبستان دژ بە هێزەکانی خومەینی **توانی زیاتر لە (بیست) رەگەز پەرستی فارس لە ناو بدەن . هەروەها کاری بەرگری کوردو بلوش‌و ئازەر بایجانییەکان ئەمە دەسەلمێنێ کە رژیمی فارس رەگەز پەرست لە چ جۆرە کلۆر بون‌و پەرت‌و بڵاوێکدا دەژی .**



چەند نموونەیێ لە تاوانەکانی رژێمی [illegible]ریژی خومەینی دژی گەلی کورد

کۆمـەڵێ [illegible]ی‌یە خوێناوی‌یەی
کە رژێمی [illegible]د لە ئێراندا دەیکا

● [illegible]ەزپەرستی خومەینی
دوای ئاشکرابوونی هەموو پسوولەو پەپاسەکانی
بۆ هەمووان دەرکەوت .. بەڵێ دوای دۆڕاندنی
هەموو ئەوراقێکی دەستی لەگەری خۆی بە تەواوی

دێو دەمی بەولادا دەکەوێو بۆ دەروازەیـەك
دەگەڕێ بتوانێ بەهۆیەوە رژێمە نوقمی ئاژاوەو
ناکۆکیو گاڵتەبازی‌یەکەی لەخنکان رزگـــار
کات .. ئەو رژێمە پڕ لە گێرەشێوێنیو نالەبارەی
کە هاووڵاتی ئێرانی دەپڵیشێنێتەوە .

● شـای گۆڕ بەگۆڕ کەرەمزی زەبروزەنگ[illegible]

زۆرو رمو قەمەو شیرو تیرو ساڤاكو دامو دەزگا خوێنڕێژەكانیەوە نەیتوانی دەنگی زولاڵی ئازادی خوازانەی گەلانی ئێران كپ كـــاو بیخنكێنێ .. ئەوەبوو گەلانی ئێران تێكڕا راپەڕینو بەهـــەموو هێزێكەوە دژی دامودەزگای شاو ســـاڤاكەكانی وەســـتانو بەهەموو دەنگ بانگەوازی ڕووخـــانی ئەورژێمە فارسیـیە بۆگەنەیاندا .. لـــەورێگایەدا گەلانی ئێران گەلێ قوربانی‌یان داو گـــــەلێ لەرۆڵەكانی بوونە پێخۆری ژووره تاریكەكـــانی بەندیخانەكانو گەلێكیشـیان لەشەقامەكاندا گوللەی ساڤاكو چەتەكانی بارەگای شا سنگی كون كون كردن .

ئائەو خەباتە خوێناویو پڕ لە قوربانی‌یەی گەلانی ئێران تەختو بەختی شای سەرونگوون كردو گەلانی ئیران چاوەڕوانی رۆژێكی خۆشـــیان لەسای شۆڕشەكەیاندا كرد ئەو شۆڕشەی كـە بەخوێنی لاوانی ئەوان گرەكەی خۆش‌كـرا ... بەڵێ گەلانی ئێران چاوەڕوانیان كـــرد رژێمێكی دیموكراتی بێتە كایەوەو مـــــافی نیشتمانیو نەتەوایەتی خۆیان وەدەس‌بێننو بەبرایەتی بژین كەچی دوومانگ بەسەرشۆڕشی گـــەلی ئێراندا تێپەڕیو تێنەپەڕی وردەوردە پەردە لەرووی ئـــەو تاخمە .. واتاتاخمە رەگەزپەرستەكەی خومەینی لاچوو كەجلەوی حوكمیان بەدەستە .. ئەوەبوو خومەینیو تاخمەكەیو ئەو گورگەو سەگەنازانەی كەناوی ــ حرسی‌ثورە ــی لێ‌ناون كەوتنـــــە كوشتنو بڕینی ئەو كەسانەی كە گومان لــــە دڵسـۆزیان دەكەن بۆ رژێمە بۆگەنەكای .. بەڵێ ئەم تاخمە خوێنڕێژە بەهیچ شێوەیەك لــــە قەلەپارچەكردنی گـــــەلانی ئێـــران درێخیو كەمتەرخەمی‌یان نەكردو دەرگای زینـــــدانو بەندیخانەكانیان لە لە گەلانی ئێران خـــــستە سەرپشتو سێدارەیان لە شەقامەكاندا بۆ رێــز كردنو ئێرانیان لە خوێندا نوقم كردو برسێتیو گرانیو ئیرهابو ئاژاوەیان لە سەرانسەری ئێراندا بڵاوكردەوەو هەموو مافێكی نەتەوایەتیو نیشتمانی گەلانی غەیرە فارسی ئێرانیان پێشێل‌كرد.

هەموو دەزانین كە جگە لەفارسی گـــەلێ نەتەوەی تر لە ئێراندا هـــەنو لەدێرزەمانەوە لەخاكی ئێراندا دەژینوو مێژوویەكی كۆنیان لەوێدا هەیە ، لەوانەش بلووشو ئازەربایجانیو عەرەبی عەرەبستان ..

كوردەكانیش لەناوچەی كوردستانی ئێرانو



پارێزگای کرماشان‌و لورِستان‌و هەندی شـــوێنی خراسان‌و ئیقلیمی فارسی‌و کرماندا دەژین .

کوردەکانیش وەکو گەلانی دی ئێران لەزەمانی شادا پشتگوێ خرابوون‌و لە هەموو لایـــەنێکی ئابووری‌و رۆشنبیری‌و شارستانی‌یەت بێ‌بەش بوون‌و لەژێر باری گرانی برسێتی‌و دواکـــەوتن‌و نەخوێنەواری‌و نەخۆشی‌دا دەچـــەوسانەوەو بچووك ترین چیەی ئازادی لەبەتی ســـێدارەی نزیك دەکردنەوە کوردەکانی ئێران وەکو هـــەموو گەلانی ئازادی خوای ئێران لە ڕووخاندنی شـــادا بەشداری‌یان کردبوو .. لەبەر ئـــەوە ئەوانیش داوای خودموختاریان بۆ خۆیان کردو داواکاری خۆیـــان بەرژێمی خومەینی گەیاند بەلاّم رژێمـــە درِندەکەی خومەینی وەلاّمیانی بەئاگـــرو ئاســـن‌و پەت‌و سێدارەو بۆردمانی شارەکانیان دایەوەو شارو دێهاتی کوردستانی ئێران بەشـــێوەیەکی درِندانە بۆردمان‌و تۆپ باران کراو هەزاران کەسی بێ تاوان کوژران‌و مالوێران کران..و هـــەزاران سێدارە لەشـــەقامەکاندا بۆ خنکاندنی هاوولاّتی‌یانی کوردی ئێران لەشەقامەکاندا ریز کران‌و هەزاران هاوولاّتیش لەبەندیخانەکان توند کران .. ئەمە هەمووی هەر لەبەر ئەوەی کەداوای مـــــــافی نەتەوایەتی خۆیان لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی‌دا لەرژێمی بۆگەنی خومێنی کردبوو .

رژێمە بۆگەن‌و رِەگەز پەرستەکەی خومەینی رژێمێکی درِندەیەو فاشی‌یەو هەل‌و مـــــەرجی بەردەوام بوونی نیەو هائێستا هاسبەینێ هـــەر هەرەس دێنێ‌و گەلانی ئێران لەم ئەژدیهایە رزگاریان ... کەلەملیا... بەر رژێمەکەی خومەینی

بۆگەن‌و درِندەیەو هەموو رِووداوەکان ئـــــەوە دەسەلمێنن کە بەم زووانە دەرووخێ‌و گـــەلانی ئێران لەدەستی رزگار دەبن .. ئەم تاخمـــــە پووچەڵەی خومەینی خوێنرِێژ لەعاســـتی رِاستی چاویان نووقاندووەو بەهـــــەرچوار لادا دەس دەوەشێنن‌و شالاّوی درِندانە دەبەن‌و هاوولاّتیانی ئێـــــران دەکوژن‌و لەســــێدارەیان دەدەن‌و لەبەندیخانەیان توند دەکەن . ئیتر کاتی ئەوە هاتووە گەلانی ئازادی خوازی ئێرانی هەموو رِاپـــەرِن‌و رژێمی خومەینی‌و کلکەکانی هەروەکو شـــــای حەوت بەرد لەشوێن گۆرِ بە گۆرِ بکەن‌و عەرشە پووچەڵەکەی پێشێل کـــەن .. دەبێ خومێنی بەچی حەقێ ئێران بۆ دواوە بگێرِێتەوەو رۆڵەکانی گەلی کورد گوللە باران کاو شارو دیهاتەکانیـــان بۆردومان کاو بەگوللە تۆپ بیسووتێنێ !

بەچ حەقێ بەچ ئاینێ فرِۆکەکانی دەنێرێ بۆ سەر کوردستانی ئێران‌و منال‌و پیرو ئافرەت‌و لاوانی بێ گوناه قەلاچۆ دەکات ! بەچی دین‌و ئاینێ ئەی خومەینی بێ دین گەلی کوردی موســـــلمان قەلاچۆ دەکەی ..! لەبەرچی مافەکانی پێشێـــل دەکەی !.. لەبەرچی خێرو بیری ناوچەکەیـــان تالاّن دەکەی ! لەبەرچی لەناویان‌دەبەی .؟

کوردی کوردستانی ئێران هەرگیز لەتاوان‌و کارە درِندانەکانی خومێنی شەیتان‌و سـەگەنازو گورگە بەرەلاّکانی خۆش نابن‌و ئەوەندە نابا گـەلی کورد شانبەشانی گەلانی دی ئازادی خوازی ئێران تۆڵە لە رژێمی خومێنی دەکەنەوەو بـــــــەرەو هەڵدێرو نەمان دەیگلێنن‌و خۆیان لەچەوساندنەوەی ئەم رژێمە درِندەیەی خۆمێنی رزگار دەکـــەن‌و بەئازادی دەژین .





ئازادی

شیعری : محمد پەژار

پێشکەشە بە
ئازادیخوازانی
ئێران و جیهان

که باسی ئازادی دەکرێ
دەستم ئار بی جیو بیریشم
بۆمبا دەگرێ .
چونکە هێشتاکە ئازادی
لە ((ئێران))و ((فەلەستین))و
گەلێ جێی ئەم زەمینەدا
نەیدیوە کەس !..
ئەوەیش کە پێی دەڵێن ئازاد
تەنها ناوەکەیەتیو بەس
تەنها ناوەکەیەتیو بەس



ڕاپەڕین و پەیام

مکرم رشید تالەبانی

پاوەی نەبەرد ،
هێلانەی مەرد ،

سنگی سووری خۆی دەرپەڕاند !
ئاگرێکی بێسنووری

دژ بە نیمچە پیاوەکانی
سەدەی پێشوو

واهەڵگیرساند !
چیاکانی دەورو بەری

بە خوێن سوور بوون !

مژدەبەری ڕێگەی دوور بوون !
کاسەسەری منداڵانو





پیرەژنو پیرەمێردان
دادو نزای بێتاوانان ..
بوون بە ووشەی زاری تووڕەو
مەهابادو سنەو ورمێو

مەریوانیان
دژ بە مەلا شێتەکانی قومو تاران
گورج ڕاپەڕاند !

* ● *

محەمەرەی رووبارو خوێن
شاری پردو
بەندەرو شوێن
لە مەڵبەندی قازیەوە
لە بۆکانو مەریوانو
لە سنەوە
پەیامێکی پیرۆزبایی ..
بۆ نێرراوە !
لێی نووسراوە ..
ئازادیی تۆو خوشکەکانت
گەردانەی نوێی ملی مێژوون ..
لە گەردنی تۆ کراوە !!
دانە ، دانە ،
مووروی جوانی ..
ئەو گەردانە
لە قەد دەزووی
زوڵفی خۆری
تێکۆشانی
ئێمەی بەگوڕ ..
تێک ئاڵاوە !!

بە چ بیرو باوەڕێك ئـەم جادوكەرەی قـم بیر دەكاتە ؟

چۆن دەتوانێ ڕوو بـە ڕووی ژیانی ئالۆزی ڕۆژانەی ئەم خەڵكە بوەستی ؟ هیچ ڕاسـتیەك ناشارمەوە ئەگەر بڵێم ئەو كەسـانەی كـە لـە ئەشكەوت بۆ ماوەیەكی زۆر خەویان لێ كەوتبوو و بە خەبەر هاتنەوە ، زیاتر دانیان بە خۆیان داگرت لە ڕوو بە ڕوو هاتنی ژیاندا . دەتوانە بڵێم هۆی ڕوو بە ڕوو هاتنی سەرتاپای ژیان دەگەڕێتەوە بۆ نـاچاریـان لـە گـەڕان بـە دوای خواردنو ، خواردنەوە ، جلو بەرگ ، و هەروەها پیوستیان بە ژیانی هاوبەشی هەبوو .

بەڵام جادوكەری قوم .. كاتێ دەیەوێت لە قومـەی ماڵەوەی دەربچێ ، خۆی لـە قومەی كۆمەڵێك لە جادوكەرە بچووكەكان كـە دەورەیان داوە دەدۆزێتەوە . وە ئەگـەر لە قومـەی ئـەو كەسانەش دەرچو .. خۆی لە فومـەی عـەقلی دەدۆزێتەوە ..

ئەوەش نیشانەی گۆشەگیری یەكی یەكجاری دەبەخشێ .. كەسێك كە لە تەمـەنی هەشـتا ساڵیدا بێ .. ڕۆژنامەیەك نەخوێنێتەوە ، گوێ لە رادیۆ نەگرێ .. تەماشاكردنی تەلەفزیۆن بەلای ئەوەوە حەرام بێ چونكە بە كاری شـەیتانی دا دەنێت .. بەڵكو خۆریش نابینێ .. ئەو وەزعـە تەندروسـتی یە ڕێگای ئەوەی پێ نادات قسەكانی تەواو بكات ..

كەواتە قسەكردن تەنیـا لەسەر یەكـشـت

جادو



دەمێنی ئەویش لوتکەیە . نیشانەی کاری مردیە ، کە تەنها بە دوای خەیاڵی گۆشەگیری لە ژیانی رۆژانەدا دەگەرێ .

دەست بەسەر داگرتنی عەقلیەتی لوتکە بە سەر ئێراندا ، ناتوانێ هیچ بکات ، تەنیا لە هیلاك دانی خەڵکی ئێران زیاتر هیچی تر نیە .

لە دوا ووشەی کە خومەینی جادوکەر خوێندیەوە ، هێرشی بردە سەر سەرۆك کۆمارەکەی ، وە سەرۆك وەزیرانیشی بە گێل تاوانبار کرد . خوا شاهیدە کەوا ئەو تاوانباریکردنەی تەنیا شتێکە کە بە ووتاری جادوکەری ناو دەبرێت .


هەروەها هێرشی بردە سەر رۆژنامەکانی ئێرانی و ئەو کەسانەی لە ئیستگەو تەلەفزیۆن کار دەکەن ، وە هێرشی بردە سەر کۆمەڵێك لە پێشمەرگە گیان بەخشەکانی ئیسلامو بازرگانەکان وە هەروەها هێرشی بردە سەر قطب زادە .. جگە لە لەمەلاکان سوپا هیچ کەسێکی تر باوەڕی بە زمانە پیسەکەی نەکرد .. ئەگەر مەلاکان پاڵپشتی بەهشتیو رفسنجانیو خلخالی بێت ئەو کەسانەن کە بە چەکی درۆو دەڵەسەو جادوکەری شەڕدەکەن .. جادوکەر ئەو هێرش بردنە سەر سوپایەی لە بیرکرد ؟ ئەو زنجیرە تەعەدا لێکردنو ڕەزالەتی کە سوپا بە خۆیەوەی دیت لە لایەن خومەینیەکان لە بیری کرد ، جەندین (کادیری) لە ئاهەنگی خوێن گەوزین کە جەلادی خلخالی شێت پێ هەڵدەستان بەگێرانی .

بەڵام ئەوەیە سروشتی جادوکەرەکان ، کە بە خێرایی لە هەڵوێستی خۆیاندا پاشگە زدەنیەوە هەروەکو دەڵێن کە زەوی لەژێر پێیاندا ڕادەکشێ بەڵێ ئەوە ئەو زەوی یەی کە لەژێر پێی خومەینیو پاڵیشتەکانی ڕادەکشێت، کەوایان لێ دەکات لە هەموو کەس جیا ببنەوە چونکە هەموو کەس لەوان جیابوونەتەوە ؛ وە لەعنەت لە هەموو کەسێك بکەین ، چونکە هەموو کەس لەعنەتیان لێ دەکات . لە دوای شوێنێك دەگەڕێن کە سەنگەرێ هەڵکەنن ، بەڵام هیچیان دەست ناکەوێت تەنیا سوپا نەبێ . لەگەڵ ئەوەی دوو جار خراپ بوو بۆ ئەو سوپایە ، جارێکیان کاتێ کە سەرکردەکەیانی کوشت ، دووەمیانیش کە زۆری لە سوپا کرد کە شەڕ لەگەڵ عێراق بکات .. ئەو عێراقەی کە داوای مافی نەنیشتمانو خاكو ئاوی خۆی دەکات . کاتێ کە جەنگاوەری ئێرانی دەزانی کە شەڕ کردنەکەی بەبێ دەستنیشان کردنی مەسەلەیەکە .

سوپای ئێرانی دەزانی خومەینی چەند بوێ خراپبووە ، ناتوانی ئەو خراپەکارییە بە چەند درۆیەکی خومەینی لەبیر بکا کە ناچار بوو بیلێ .

وتاری جادوکەری قوم لە پێش دەرچوانی کۆلیجی سوپای وێنەیەکی ڕوونو ئاشکرا دروستدەکات دەربارەی سروشتی ئەو درۆزنەو چۆنیەتی پێك‌هاتنی عەقلی .

وتارەکە بە درۆ دەست پێدەکاتو بە ئاراستەکردنی لەعنەتیش بۆ هەندێکی تریان کۆتایی دێت .



پێشکەش بە گەلانی ئێران

(١)

نیشتمانم
چاوە ..
دونیای پێدەبینم
نیشتمانم گ[illegible]ە گەنمە
بەمن [illegible]
رەگی [illegible]
بنارو [illegible]
گەڵا لە[illegible]
ئەست[illegible]
من [illegible]
رەش[illegible]
نیشت[illegible]
لە ئ[illegible]
پێکەنیم [illegible] بر نایێ

(٢)

باڵندەکان
بۆ مان ناگرن ؟
ئەوەنی‌یە ..
هێلانەکانتان تێك دەدەن !
رووبارەکان بۆ مان ناگرن ؟
ئەوەنی‌یە ..
سەرچاوەکانتان لێل دەکەن !

●

لـه رۆژنامەی ـ الثورة ـ

بۆچی‌و کـەی ناکۆکی نێوانی ئێرانو عیراق تەقی‌یەوەو ئانجامەکەشی چۆن دەبێ ... ؟!

سەرەتا دەبێ بڵێین ناکۆکی نێوانی عیراقو ئێران لەگەڵ دەسپێکردنی جەنگدا ســـەری هەڵنەداوە بەڵـکو دەبێ بزانین مێژوویـەکی لـەم شەڕەکۆنترە .

هەر لەگەڵ هاتنی خومێنیدا بۆسەر حوکم لەتاران بەرایی هەورێکی چڵکن دەرکەوت کــە دەیەوێ ئاسمانی پەیەندی بەینی عیراقو ئێران ئاڵۆز دەکا بەڵێ لەگـەڵ هاتنی رژێمی خومێنی‌دا دوژمنکاریو ناحەزایەتی ئەورژێمە دەســتی پێ‌کرد کەواتە مێژووی ئەم جەنگە لەگـەڵ ئـەو ناحەزایەتی‌یە سیاسی‌یەدا ســـەری هەڵداوە کەلەلایەن تاخمەکەی خومێنی‌یەوە دژی عیـراق سـەری هەڵدا .. بەڵێ ئەو ناکۆکی‌یە سیاسی‌یە هەردەبوو لەخاڵێکدا بگاتە هەڵچوونو بتەقێتەوەو نێتو ئامانجی بۆگـەنی ئەورژێمە دژ بـەعێراق ئاشکرا بێت ئەمە لەکاتێکی کە عیراق دیویست مەســەلەکە بەم جۆرە نەشـکێنەوەو گێچەڵو ئەزمەکە بەگفتو گۆی دوولایی چارەسـەربکرێو کۆتایی پێ‌بێ .

رووبەروو بوونی سیاسی‌و بەرەنگابوونی عەسـکەری

بەر لە بەرەنگاربوونی ســوپایی رووبەڕوو بوونی رامیاری رێی بۆ ئەم جەنگە خۆش کرد.. لایەنی عیراق بەسـنگێکی فراوانەوە گەلێ هەوڵی ئەوەیدا مەسەلەکە بە ئاشتیبیانە کۆتایی پێبێنێو بەبێ شەڕوخوێن رشتن کێشەکە چارەســەر بکات ، بەڵام رژێمی بۆگـەنی ئێران بـەئـەقڵێکی تەسکەوە تەماشای مەسەلەکەی کردو کوێرانــە کەوتە تۆپ باران کردنی شارە ســنووری‌یەکانی عیراقو نیازی وابوو بەرەو خاکی عیراق شـالاو بێنێ . ئیتر لەم حاڵەتەدا عێراقیش ناچاربوو کە بــەوپــەڕی تـونـدو تیـژی‌یــەوە وەڵامی دەسدرێژی‌یەکانی ئەو رژێمە بۆگەنەی دایەوە .. ئــەو جەنگەی کــە ئێران دژی عیـــراق هەڵگیرساندووە جەنگی ناکۆکی ستراتیژی‌یەتێکە دژی ستراتیژی‌یەتێکی دی . ئەم راسـتی‌یەش وەڵامی ئەو لایەنـانـە دەداتەوە کـە دەڵێن ئـەم جـەنگەی نێوانی هــەردوولا لــە نـاکۆکی‌یـەکی رووکەش‌و سـەتحی‌یەوە هاتۆتە کایەوە ... ئەمە چۆن ؟

١ ـ تۆپ باران کردنی شـــارەکانی عیراق بەشێوەیەکی خەست لە مێژووی ٤ ـ ٩وەو خۆئامادەکردنی سوپایی ئێران دژی عیراقو ئەوهەموو هێرشــە نارەوا ئیعلامی‌یەی بۆسەر عیراق ئەمانە هەمووی ئـەوەیـان دەگەیاندو ئەوە دەسەلمێنن کە مەخسـەدی ئێران ئەوەبووە خۆی بۆ ئـەم جەنگە دژی عیراق ئامادە بکات .

لەبەر رۆشنایی



٢ – ئێران هیچ پارچەیەك لــە سنووری لەلایەن ئێمەوە زەوت نەکرابوو بەڵکو بەپێچەوانەوە ئــەو هـەنـدێ لـە خاکی عیــراقی زەوت کردبوو ... ئالەمەوە مەبەستو نیـــازی گڵاوی رژێمی ئێران لــە تۆپ باران کردنی سنووری عیراق دەردەکەوێ .

کەواتە لەم بارەیەوە دەگەینە ئەم خاڵانە :

- **هیچ مافێکی ئێران یا هیچ پارچە زەوی‌یەکی لەلایەن عیراقـــەوە داگیر نـەکرابوو ... تابڵێین ئەو تۆپ باران کردنە وەرگرتنەوەی ئەو مافو خاکە زەوتکراوانەی مەبەستە .**
- **ئێران لە دەسدرێژی کردندا دەستپێشکەری کردوە .**
- **ئێران خۆی ئامادە دەکردو سوپای چەکدار دەکرد بۆ جووڵانەوە دژی عێراق .**
- **ئێران لەپێناوی مەبەســـە ســیاسی‌یەکانی خۆیدا کە ئەویش فراوانکردنی ســنووری ئێرانو دەس وەردانە لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی‌تر دروشمی ئیســـــلامی کردوە بەپەردەو خۆی لەژێردا شاردۆتەوە .**

ئەم خاڵانــە هەمووی ئەوە روون دەکەنەوە کــە ئێران لەگەڵ پەیدابوونی رژێمی خومێنی‌دا تەپڵو کەرەنای شــــەرو جەنگی دژ بەعیراقی لێداوە... جا عیراقیش کەوتە ئەمری واقیعەوەو بۆ بەرگری کردن لە خۆی بەرپەرچی هێرشــــە ناڕواکانی دایــەوەو لووتیـــانی تۆزانـدەوە ... لە راستیـشدا ئەو هەرەشــــــەو گورەشـــەو دەسدرێژی‌یە نارەوایانەی رژێمی ئێران پێویستی بەدەرس دادانو گوێ راکێشـــانو تەمێ کردن دەکرد هەر بۆیەش ســـــوپای عیراق بەوپەڕی ئازایەتی‌یەوە بەرەنگاری ئەو شـــــــالاوانەبوو دەرسێکی دادان هەرگیز لەیادیان نەچێتەوە ...

ئەم رێڕەوەی کە لە (قادسیـەی صدام) دا رەچاو کرا تــاقــە رێگایەك بوو بۆتــەمێ کردنو هێنانە سـەرخۆی رژێمی بۆگەنی ئێرانو بەرپەرچ دانەوەی هەڕەشەو گورەشە نابەجێکانیان .

بڕیاری تەواوو حیساباتی سەرکەوتن

بەڵێ لــەم حاڵەتــەدا بڕیاری بەرەنگاربوون پێویستی‌یەکی نیشتمانی‌یەو ئەرکی سەرشانە ... عیراقیش کە کەوتۆتە ئەمشەڕەوە بیری لەهەموو شتێك کردۆتەوەو حیسابی بۆ هەموو شـــتێك کردوەو ئەلاتەوەکەلی خۆی لەم شەڕە نەداوە .. هەروەکو سەرۆکی تێکۆشەر صدام حسین دەڵێ : **((ئەم جەنگە ئەگەر زۆری خایاندو ئەگەر کەم .. حیساباتی ئێمە جێی رەزامەندی دەبێو دەتوانین لەگەڵ هەموو باروزروفێکدا رابێینو بەهەمــــان گیان ورەی یەکەم رۆژەوەکە چوینە شــــەڕەوە خۆمان رابگرین))** بەڵێ پێ‌بەپێ ئــەو حیساباتەو پێ‌بەپێی بەهێزی‌و بەورەیی ســوپامان بەردەوام سەرکەوتن وەدی دێنین ... چونکە حیســـاباتی عیراق لەم شەرەدا وردبینی تیایەو زۆر واقیعی‌یەو گەش بینەو جگە لەوەی لەســـەر حەقەو هەموو رووداوەکانیش ئەوە دەسەلمێنن کە ســـــوپای



عیراق سەرکەوتنی زۆر گەورە گەورەی بەدی هێناوەو ئێمە هەروەکو سەرۆکی فەرماندە دەڵێ : **((رادەوەستین ... یا پێشدەکەوین بەگوێرەی ئەو نەخشەو تەگبیرەی کەدوژمن ناچار دەکا کەدان بە هەموو مافەکانماندا بنێت لە هەموو پارچەکاندا هەروەها لەسەر رووناکی ئەو تەرتیباتانەی کە بەباشترینی دەزانین بۆ پاراستنی ئاسایشی سوپامان لە حاڵەتی شەڕی درێژ خایەندا)) .**

بنەچەی مەنتیقی بۆ مافەکانی هەردوولا

ڕژێمی ئێران کە ئێستا لەوشەڕەیدا واناویەتیەوە بەشی هەر تێشکان و نووشستی و تەفروتوونا بوونە تەنیا راگرتنی شەڕو تەسلیم بوون بەئەمری واقیعو دانان بەمافەکانی عیراقدا لەتیاچوون و نەمان رزگاری دەکات و بەرژەوەندی گەلانی ئێرانیش بەوشێوەیە دەپارێزرێ ... بەڵام تاخمە مێشک گەنیوەکەی ڕژێمی ئێران کە بەمێشکێکی پووچەڵ و چاوێکی تاریک و لەخۆباییەوە سەیری ژیان دەکات مەحاڵە بیر لەبەر ژەوەندی گەلانی ئێران بکاتەوە ... لەبەر ئەوە کارە نارەواکانی بەڵاو وەیشوومو کارەساتی رەشی بەسەر گەلانی ئێراندا دەبارێنێ

بۆ نموونەی شتگیری و گوێ نەدانی ڕژێمی ئێران بە بەرژەوەندی گەلانی ئێران ئەوە بەسە کە عێراقی لەشەڕدا سەرکەوتوو چەند جارێك داوای وەستانی شەڕی کردو ئەوەشی روون کردەوە کەجگە لە وەدەسهێنانی مافەکانی خۆی هیچ تەماحێکی لە خاکی ئێران نیەو ئەگەر ئێران دان بەمافەکانی‌دا بنێ ئامادەیە بکشێتەوە ...

ئەو بنەڕەتانەی کە عێراق دەیخاتە روو بەرژەوەندی هەردوولای تیایەو ئەساسێکە بۆ بنیاتنانی پەیوەندی دۆستایەتی لەبەینی هەردوولادا . بەڵام تاخمە بۆگەنە دواکەوتۆکەی ڕژێمی ئێران رەفزی دەکەن و قایل نابن ... ئەو بنەڕەتانەش ئەمانەن کە سەرکردەی گەل دیاری کردوون (رێزی مافەکانمان بگرن و رێزی مافەکانیان بگرین ، کارێ وانەکەن کەوابزانن هێز مافی نارەوا دەسەپێنێ ، رێزی ئاسایشمان بگرن و رێزی ئاسایشیان بگرین ... رێزی سیادەتیان بگرین و رێزی سیادەتمان بگرن ، رێزی ئەو رێڕەوە بگرین کە هەڵیان بژاردووەوە رێزی ئەو رێڕەوە . بگرن کە لە ژیاندا هەڵمان بژاردووە) پەیڕەوی نەکردنی ئەم لایەنانە لەلایەن ڕژێمی ئێرانی‌یەوە ئەوەدەگەیەنێ کە تاخمەکەی ئێران مێشکێکی تەسك و بۆگەنیان هەیە هەروەها ئەوەش ئاشکرا دەکا کە ڕژێمی ئێران رێڕەوێکی



دوژمنانەی لەگەڵ عیراقدا هەیە ...

هەرگیز بەرژەوەندی گەلی عیراقو گەلانی ئێران لەوەدانیە کە پەیوەندی ئەم دوو دەوڵەتە لەقبێو لەسەر دەریای شەختە یا لمی‌بیابان یاخۆلەمێشی ئاگرێکی بڵێسەدارو سووتێنەر راوەستێ ...



هەر لەبەر ئەوەش پەیوەندی نێوانی هەردوو لا بەو جۆرە نەکەوێتەوە عیراق لەلایەن خۆیەوە ئەو خاڵو بنچینانەی بەبێ سڵو ترس خستەڕوو بۆ بتەوکردنی پەیوەندی نێوانی هەردوولا ئەمەش بەتەنگەوە هاتنی عیراق دەردەبڕێ دەربارەی لێپرسینەوەی دەوڵەتانو نێتی بەرپابوونی ئاسایشو دراوسێتی لەنێوان هەردو دەوڵەتدا.. رەفزکردنی ئەم هەلە لەلایەن رژێمی ئێرانەوە ئەوە دەگەیەنێ کە رژێمی ئێرانی دەیەوێ گەلانی ئێران لە کارەساتی خوێناویو وێرانماڵی‌دا هەتا بیناقاقا نوقم کات .

تەتبیق کردنی رێباز لەسەر تایبەتی‌یە واقیعی‌یەکانی ئەنجامەکان بەم جۆرە دەگا :

١ – دەبێ بیرو باوەڕێکی ڕەسەن بناغەی مەبدەئی رێڕەو بێ ئەوەش لە سای رژێمی خومێنی‌دا جێ بەجێ ناکرێ چونکە ئەو ڕژێمە هێندە بۆگەنە هەتا دروشمی ئیسلامیشی هەر بۆ چەواشە کردنی خەڵك هەڵگرتوەو فڕی بەسەریەوە نیە .

٢ – عەقڵیەتی رەگەز پەرستانەو دوو کەوتووی دوور لە زانستیو مەرجەکانی پێشکەوتنی تاخمەکە ئێران هەرگیز لە گەڵ بارو چۆنیەتی واقیعدا ناگونجێ ... لەبەر ئەوە هەمیشە بەرەو هەڵەشەیی دەڕواو هەرگیز لەگەڵ واقیعدا یەك ناگرێ .

٣ – رێڕەوی واقیعی هەرگیز لەسەر تێڕوانینێکی تەسك بنیات نانرێ ، لەبەر ئەوەی کە تێڕوانینی ئەو تاخمەی تاران هەر لە بنەڕەتدا تەسكو دواکەوتووە لەبەر ئەوە کوێرانە دەڕوانێتە هەموو مەسەلەیەکو ئەنجامی بەم جۆرە گەیاند ... جا بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خۆی بپارێزێ دەبێ لە کەلەی شەیتان بێتە خوارو پێڕەوی هەلو مەرجی دەوڵەتانو ئوسووڵو ئەعرافەکانی بکات .. گومانیش لەوادا نیە هێزو توانای عیراق کەفیلە بۆ ئەوەی ئەو رژێمە گومڕایە ملکەچی راستیو حەقیقەتو واقیع بکات .

بەیان

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی یە

سەرنووسەر : اسماعیل رسول احمد

بەڕێوەبەری نووسین: مصلح مصطفی جەلالی

لەم ژمارەیەدا

* لێکۆڵینەوە

- سەمای بەفری ئێواران — ئازاد عبدالواحد.
- زاروك دناڤ سترانا — سەگڤان عبدالحکیم
- شاعیرانو نیتشە — رؤوف ئالانی
- کاروانی شیعری نوێ — سۆران مەحوی
- باسەکەی د . کوردستان — خالد دلێر
- گروگاڵ — احمد سلام

* چیرۆك


- لە سەرەڕێدا — احمد محمد اسماعیل
- نامەی دلداری — معتصم سالەیی
- جیم پیمپەرتۆن — و . عبدالله پەشێو
- بینۆشە — محمد موکری
- خانچی — و . هیوا عمر
- کۆتایی ساڵ — سلام مەنمی

* شیعر

- خەندە — دلپاك طاهر
- لـم — و . عبدالکریم پەڕەنگ
- هەرە خانمێ — تیلی امین
- ماسا دۆنیا — [illegible]
- ئازارو کوڤان — [illegible]

کەلەپوور

- مەلا وەلەخان — [illegible]



ناونیشان : دەزگای رۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی ـ مەیدانی خەلانی ـ بەغدا ـ ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت





سەمای بەفری ئێواران

دەنگی شاعیرێکی مژدەبەر

ئازاد عبدالواحد

[illegible] کە بەچاوی رەخنەوە بخوێنێ[illegible]خوێندنەوەی هەر بەرهەمێ[illegible]ەو بەرهەمە چی تازەی [illegible]وسەرەکەی چەند لەگەڵ[illegible]یدا راستگۆ بووە ؟! ئەزموو[illegible]ی نزیکە ؟! چەند توانیو[illegible]ی دەری رووداوەکانی سەردەمەکەی خۆی ؟ ، گەرەنگ دانەوەی ئەو بارەیە تیایدا دەژی ؟! تا چ رادەیەك خۆی کردووە بەکاربۆنی کەسانی پێش خۆی ؟! چەند خاوەنی خۆیەتی و ئەو نیشتمانە ئازادەی دروست کردووە، سەر بەدنیای خۆی بێت .. ؟! ئنجا ئەو نیشتمانە چەند بەندو ژێر دەستەیە ، یا چەند ئازاد و سەرفرازە .. ؟! کە زانیم خاوەنی ئەو نیشتمانە سەربەخۆیەی خۆیەتی ، دەمەوێ بزانم چەند توانیویەتی چۆلەکەی شیعرەکانی لە ئاسمانی ئەو نیشتمانە بەرەڵلا بکات .. ؟! واتە ئەو هێزەی هەیە لەو نیشتمانەدا بقیژێنێ [نا] بەرووی ئەو پێوەرانەی (شیعر) مل کەچ دەکا یان ئەو .. ئەمانە بارانی ئەو پرسیارانەن کە لە خوێندنەوەی هەر بەرهەمێکی خولقێنەرانە روو بەروویان دەبمەوە ..


هەر کە [سەمای بەفری ئێواران]ی کـــاك [جەلال بەرزنجی]م خوێندەوە ، وەك سێ ســـاڵ لەمـــەو بەریش(۱) ووتوومـــە ، ئێســــتا دەڵێم ، یـــەکێکە لـــەو دەنگانـــەی خـــاوەنی تـــام‌و پێـــزی شاعیرانەی خۆیەتی ، لەو نیشـــــتمانە ئازادەی دروســـــــتی کردووە ، دەنگی خۆی کردووە بەرووبارێکی خوڕ ، نەك جۆگەلەیەکی بچووك زوو هەڵپروکێ ، یان بڕژێتە ناو رووبارە گەورەکانەوە وون بێت‌و شوێنەواری نەمینێ .. خاوەنی ماڵ‌و ئاگردانی خۆیەتی ، کە خوێندمەوە ، هەســـــتم بەوە نەکرد خۆی لەبەر ئاگردانی هیچ شاعیرێکی کورددا گەرم دەکاتەوە .. ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیە [لەگـــەڵ کەم‌و کورتیەکانی]دا دەنگی تایبـــەتی شاعیرێکە پێ دەنێتە گۆڕەپانی شـــــــیعری کوردییەوە ئەمەش بەلای منەوە لایەنێکی گرنگە ، شاعیرێك بتوانیت بە یەکەم کۆمەڵـــە هۆنراوەی چاپکراوی ، ئەو دەنگە شیعرییە تایبەتە دروست بکا ، لەگەڵ ئەو تەمەن و ئەزموونە بچووکەش‌دا ، کەلێنێك ــ ئەگەر بچووکیش بێت ــ لە نەخشـەی شیعری کوردیدا بۆ خۆی دیاری‌بکا .. ئەگـــەر ئەمڕۆ لەم لافاوە گەورەیەی شیعر دادو بێـدادی نەبوونی دەنگی سەربەخۆمان بێت لەلای شـاعیرە لاوەکانمان ، کە هەر لەوێنە و زمان‌و فەرهـــەنگ تا بابەت‌و شێوە و چۆنیەتی خستنە روو ، لەیەك دەچن .. ئەوە (جەلال) توانیویەتی دەور و بەرو کەش‌و هەوایەکی شـــــیعریی تازە بۆ خۆی دروست بکا ، کەمن لەلای خۆمەوە ، تا ئێســـــتا ئەم کەش و هەوایەم ــ اجواء ــ لەلای شاعیرێکی تری کورد نەبینیوە .. کاتێ ئەوەش دەڵێم خۆشم ناخەمە بەر ئەو لێپرسینەوە گەورەیە و بڵێم لـــە ئەدەبی نەتەوەکانی تریشدا هەر نیە ..

[جەلال] لەگەڵ شـــیعر ، هێمنە و زۆر بە نەزاکەت سەوای لەگەڵ دەکا .. واتە پەلـەی لێ ناکا و زۆر لەخۆی ناکات .. ئەمە یەکێکە لەو سیفەتە باشانەی (جەلال) کە هیوای زیاتر خۆ پێگەیاندنی لێ بکرێ ، لە ناو ئاژاوەی ئـەو دەنگە شیعریانەی ئەمڕۆ لە ئارادان ، شیعریان ریسوا کردووە و هەریەکەیان بەجۆرێك دەیەوێ خـۆی رەپێش بکا و بێتە مەیدانەوە ، کە دڵنیام ئەمانـــە زوو هەڵدەپروکێن ، وەکو هەر دیاردەیەکی تر کە بە زۆرە ملێ‌و بە نارەسەنی دێنە پێشەوە ..

ئـەگـــەرچی [جـەلال] لـە دوا بـــەرگی شـــــیعرەکانیدا دەڵێ ، لە ساڵی (۱۹۷۰) وە دەخوێنمەوە و دەنووســـم ، بەڵام من وەك لـــە نزیکەوە دەیناسم ، شیعری لە ساڵی (۱۹۷٤) وە دەســـت پێدەکا .. بە هەر حاڵ کاتێ [جەلال] چاوی بۆ دنیای شـــــیعری کوردی هەڵهێنا .. قاچی لەسـەر زەمینەیەکی رنۆك نەبوو ، ئەوەندەی زەمینەیەکی پتەو بوو ، بەڵام زیرەکی ئـەو لـەوە دایە کە زانی چۆن لەســـــــەر ئەو زەمینەیە هەنگاوەکانی خـۆی بنێ .. بۆیـە تەقینـــەوەی شاعیرایەتییەکەی [لەناو هاوڕێ شاعیرە هـــاو تەمەنەکانیدا] تەقینەوەیەکی بەهێز بوو ، کـــە دەبوایە هەر واش بێت بۆ یەکێك بیەوێ خاوەنی شوێن‌و داهێنانی خۆی بێت.. بۆیە ئەزموونەکەیم کرد بەدوو بەشەوە ، چونکە لە [۱۹۷۰ ــ ۱۹۷٤] وەکو هەر ســــــەرەتایەك مۆرکی هەڵبزرکان‌و لاسایی کردنەوەی پێوەیە(۲) ، کە ئەمـــەیان لـە هەموو سەرەتایەکا بەشتێکی ئاسایی دادەنرێ .. بەڵام دوای ئەوەی خۆی لەســـەر ئەو زەمینەیە دۆزییەوە ، ئەزموونەکـەی گۆڕا .. کـــە دەڵێم دەبوایە بەو هێزە بێتە پێشەوە ، لەبەر ئەوەیە کە زەمینە شیعرییەکەی بۆ خۆشکراوە ، چ لەلایەن لووتکەکانی شاعیرە کلاســـیەکانەوە ، چ لەلایەن شاعیرانی تری وەك (گۆران) و (شێخ نوری)و (هەردی) تاد .. کە لەســــەر شانی ئەمانەوە دەســــــت پێدەکا نابێت قاچی بخاتە زەوییەکی شۆڕەکات .. هەرچەندە ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیـە هەموو توانای شاعیرایەتی جەلال نیشـــان نادا ، چونکە لەو بەخششـە زیاتری پێیە ..

(جەلال) لـەم کۆمـەڵـە هۆنراوەیـەدا ، تاقیکردنەوەی خۆی دەکـــاتـە کەرەســــــتەی شـــــیعرەکانی ، بە پێچەوانەی زوربەی زۆری شاعیرە لاوەکان کە پەنا دەبەنە بەر تاقیکردنەوەی نـــاو کتێب ، کتێب لای ئـــەو بۆ قووڵ کـردنی ئەزموونەکـــەی خۆیەتی .. واتە ئەزموونەکەی ــ جەلال ــ ئەزموونێکی ــ ... ... هەوای شیعرەکانیشی ...





ئێمەیە . کە لە بنەڕەتدا لەجیهانەکەی ئێمەوە دەست پێدەکا ، وەك تاقیکردنەوەیەك لە خۆی دوور نیە و ژیانی تێدا بردوتە سەر ، ئاشنای کون و کەلەبەرەکانی بووە ، زۆر نهێنییەکانی دۆزیوەتەوە سیمای مرۆڤەکەش ، سیمای مرۆڤێکی ئەو خاکەیەو پەروەردە بووی ئاوو هەواکەیەتی ، مرۆڤی واقعێکی نالەبارو ئالۆز .. کە شیعرەکان دەخۆێنینەوە زوو ئاشنایان دەبین ، هۆگری کەش‌و هەواکەی دەبین ، هەست ناکەین لە تاقیکردنەوەی مرۆڤی ئەم خاکە دوورە ، تام و بۆی شیعرێکە ، لەمەوبەر لەشیعری کوردیدا بەرگوێچکەمان نەکەوتووە ..

ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیە بەتاڵە دەزوویەکی نادیار ، زۆر و کەم پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە ، چ وەکو بابەت‌و کەش‌و هەوا شیعرییەکە ، چ وەکو تەکنیك‌و فەرهەنگی ووشە ، ئەمەیان لایەنە نالەبارەکەی خۆ دووبارە کردنەوە نیە ، کە ووتنەوەی ئەو شتانە بێت لەمەو پێش ووتوویەتی، ئەوەندە[illegible] کردنی ئەم کەش‌و هەوایە تازە[illegible]خۆی زەینی خوێنەردا ، ئەمە بە کا[illegible]و بە[illegible]عیرێك بتوانێت بەهۆی فەرهە[illegible]ەند ووشەیەکی [illegible]وسەرە کەمەو[illegible] هەر جارەی لەو ووشە کەم[illegible]یدا راس[illegible]وونەکەی خۆی دروست بکا[illegible]ی نزیك بۆ نیشان دانی سیمای ئەو[illegible]ی دەری رەیەو چوونە ناو کون و کەلە[illegible]وی ؟ ، کەرەنگ[illegible]مەڵە هۆنراوەیە ، گینگل دانی شع[illegible]ێزە ، کە شاعیر نەیتوانیوە لە شیعرێکدا بە هەڵچوونێك بیدا بەدەستەوە ، چونکە کۆمەڵێ حالەتی جیا جیاو کۆمەڵێ هەڵچوونە .. بۆیە پاکی ئەم شیعرانە درێژبوونەوەی یەك گینگل دانی شاعیرانەیە ..

روون کردنەوەی یەك کەش و هەوایە لە چوار چێوەی یەکێتی بابەت‌و بیرۆکەی شیعرەکە دا .. کاك (جەلال) کە پشت بە ئەزموونە هەستپێکراوەکە دەبەستێ بۆ چنینی جیهانە شیعرییەکەی ، لە دوو لایەنەوە سەرکەوتن بۆ خۆی دەنووسێ [بە بەردێك دوو چۆلەکە بەردەداتەوە] ، لەلایەك راستگۆیی هونەری ئاوەژوو کردنەوەی ئەزموونەکە ، [دەڵێم ئاوەژوو کردن ، ناڵێم گواستنەوە] بۆ جیهانی شیعرەکە.. لە لایەکی تریشەوە دەرخستنی سووچی سێیەمی وێنەکان دەداتە دەست ، کە لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەوە دروست دەبێ ، کە لە کەرەستە ماددی و مەعنەوییەکاندا دەیدۆزێتەوە ، ئەمە شیعرەکە لە رووکەشی رزگار دەکاو قووڵی پێدەدا ، لەو سەریشدا رووبارێك لە « تێروانین » و « هەڵوێست » و « ووروژان » و « روو بە روو بوونەوە » پێك دێنێ .. چونکە وێنە بچووکەکان ، وێنە گەورەکە دروست دەکەن ، ئەو کاتە لە ئەنجامی جووڵانەوەی ناو شیعرەکە ، تیشکە مانا دەداتە خوێنەر ... بەم شێوەیە دەبینین [لە چەند شیعرێکی کەم نەبێ] شیعرەکان لە هەڵچوونی زیاد لە پێویست‌و دروشم‌و وەعز دادان دوورن .. (یەکێتی بابەتیش) لە سەرجەمی شیعرەکاندا لە پەیوەندییەکی لێك نەپچڕاو و جوڵانەوەیەکی بەردەوام دایە ، بۆیە ناتوانین ئەو پەیوەندییە لە یەکتر دا بیڕین ، لە خوێندنەوەی هەر پارچە شیعرێکی ئەو (٤٤) پارچە شیعرەی کۆمەڵە هۆنراوەکە هەست بەوە ناکەین تەواو بووە ، واتە کۆتایی هەر پارچە شیعرێك ، سەرەتای پارچە شیعرێکی تریانە ..

ئەم شیعرانەی کاك (جەلال) ، شیعری چیرۆك ئامێزن ـ قصیدة الحکایة ـ شێوەی گێڕانەوەی وەرگرتووە ، دەنگە زاڵ بووەکە (کەسی سێیەمە) کە شاعیر خۆیەتی ، شیعرەکانیشی باری تێڕوانینی خەستکراوی بیرەکانی خۆیەتی زۆر جاری تریش ، دەنگی تری تێکەڵ دەبێ .. ئەم چیرۆك ئامێزیو دەنگانە رەگەزی بنچینەیی . شیعری درامایە ، بەڵام شیعرەکانی (جەلال) هێشتا گیانە لیریکیەی بەبەرەوە ماوە . چونکە دەنگی خۆی هەر لە ناو شیعرەکاندا هێشتۆتەوە ئەو دەنگەش ، زاتیەتی خۆیەتی . بەڵام شیعری (دراما) دوورە لە ئەزموون‌و دەنگی تاکە کەسی . کە لە دوایدا دەنگەکان دەگەڕێنەوە بۆ ـ دات ـ بەڵام لەلای

(جەلال) خەست کردنەوەی حالەتێکی کۆمەڵگییە ـ جماعی ـ لــە نــاو خودی خــۆی دا .. ؛ قووڵبوونەوەی ئەو کاتەیە کە لە تاقیکردنەوەیەکی کۆمــەڵایــەتی وەری گرتووە ، ژیــانێــکی پڕ لــە جوڵانەوە و راســــتگۆیی‌یە کە دەتوانێ بەهۆی ئەوەوە ، هەســــتێکی کۆمەڵایەتی لەناو خودی خۆیدا چڕ بکاتەوە .. تا وای لێ دێ ئــەو خودە دەبێتە سەرچاوەیەکی رەسەن ، کە شــــتەکان لێرەوە چاو هەڵدێنن .. خوێنەری هوشیاریش ئەو کەسەیە کە دەتوانێ لەو زاتیەتەوە هەســـت بەسەدا کۆمەڵایەتیەکە بکا ..](٣) خەســــت کردنەوەی ئەو تاقیکردنەوە کۆمەڵایەتیە ، دەربڕینی بە هەستە تایبەتیەکەی خۆی راستگۆیی دەداتــە شیعرەکە ، ئەو هەستەش لە قووڵایی ناخیـــــدا هەستی زووربەی تاکەکانی کۆمەڵە ...

[پێویســــتە لە ســەردەمە جەنجاڵو پڕ ئاژاوەکانیش‌دا بە هێمنیی بیر بکەینەوە] (جەلال) ئەو ووتەیەی [بوریس باسترناك] دەکــات بــە سەرەتایەك بۆ چوونە ناو جیهانی شیعرەکانی و لە ئەزموونی شـــیعرەکانیدا دەیتوێنێتەوە ، لـــە شیعرەکانیشدا [لادێ] دەکات بە نیشتمانی ئــەو هێمنیی‌یە لە بیرکردنەوە .. کە لادێ ئیقاعەکــەی ســتە ، بەپێچەوانەی شار ، کە ئیقاعی قورس‌و خێرای لەلا دەورووژێنێ ..

ئنجا بە کۆمەڵێ تابلۆو وێنەی رەنگاو رەنگی شــیعریانــە ئەو لادێیە دەخــاتــە بەردەممان .. بۆیەش پەنا بردن بۆ لادێ بەشـــێکی گــەورەو سەرەکییە لە هێنانە دی ئەو گوتەیەی کردوویەتی بەسەرەتای چوونە ناو شــیعرەکانیەوە ، چونکە لادێ بــەرەمــزی ئــەو هێمنیـیــە دەبینێ لـــە بیرکردنەوەی هێمنانەو شۆربوونەوە بەناو جیهانی بەرفراوانی « خود » لە ناو ئەو جیهانە نامۆ دەبێ لەگەڵ خۆی بەبێ ئەو نامۆ بوونە لەو پاك بوونەوە دوور دەکەوێتەوە ، ئەم پاك بوونەوە رۆحی‌یەش هــەر لە لادێ‌دا دەبینێ .. بۆیە دەیەوێ هەموو جوڵانەوەو هــەڵس‌و کەوتی ئــەو پاڵــەوانــە .. رووداوەکانی دەورو پشتی پاڵەوانەکە لەســــەر سروشــتی لادێ دا روو بدەن .. ئەم پاڵــەوانــە بەهێمنی بیر لە رووداوە نالەبارەکانی دەورو پشتی خۆی دەکاتەوە . هەر لەلادێشدا هوشیارییەکی ســــەرەتایی دەبینی ، کە لەو هوشــــیارییەوە رووداوەکــــان دوور لـــە ئــاڵــۆزیی دەبینێ ، هوشیاریش تا ســــەرەتایی بێت ، زیاتر مۆرکی پاکێتی خــۆی دەپارێزێ ، وەکــو ئــەو بــەفرەی هێشتا شوێن پێی بەســــەرەوە دیار نەبێت ..

بۆ گەڕانەوەی ئەو هەستو هوشیارییە دەگەڕێتەوە لادێ .. لە لادێشـــــدا روو دەکاتە [تەنیایی] ، چونکە تەنیایی دەیخاتە باوەشی پاکیی .. وەکــو [روبنـــسن کرۆزۆ] کە ئەویش رووی کــــردە دوورگەیەکی تــەنیــاو دوورە پەرێز ، تا بتوانێت جیهانی خۆی تێدا بهێننە دیٚ و خۆی تێدا پــاك بکاتەوە .. هەر لەو تەنیایەشدا بیر لە بێهودەیی دەکاتەوە .. لەو تەنیاییەدا خەونی رەنگاو رەنگ دەبینێ و هەستی پاکێتیی دەورووژێ .. بــەڵام [خۆشــەویستی] ئەو سەرمایە مەزنە هەســــتی بێهودەیی لەلا کەم دەکاتەوە .. [خود] تەوەری بــاس کردنی هــەموو رووداوەکانــە ، هۆیــەکی سەرەکیشە بۆ بەدەست خســـــتنی ئەو جیهانی پاکی‌یە ، دوور لەو رووخانە دەروونی‌و فیکرییەی تووشی مرۆڤی هــاوچــەرخ دەبێت .. لێــرەوە دەتوانێ هاوکێشــەی نێوان جیهانی خودو جیهانی دەرەوە دروست بکا .. لە لادێشدا دەکــەوێتــە باوەشی سروشـــــتەوە ، ئەمەش هۆیەکی ترە بۆ گــەڕانــەوە بەرەو ســــــــەرچاوەی پاکێتی‌ی‌و پاکبوونەوە..بۆیە خۆی ولادێ دەبن بەتەواوکەری یەکتر ، هەر لەبەر ئەوەیشە شیعرەکانی شێوەی ـ خورد بوونەوە ـ تاملات ـ وەردەگرن‌و لــــەو تەنیاییەدا لەگەڵ خۆی دەدوێ .. ئەو لەگەڵ خۆ دوانەش باس کردنی ساتی زیندووی ـ ئێستایە ـ چونکە (نەبۆ مردووەکان ، نە بۆ ئەوانەی جارێ لە دایك نەبوون نانووسێ) ، بەڵکو بۆ ئەمــرۆی خۆی دەنووســێ ، کە زاتی خۆیشی لە مرۆکــەدا ئامادە بوونی خۆی هەیە و پەیوەندی رســـــتەو خۆی بە ئێســــتای خۆی و ســــەردەمەکە و رووداوەکانیەوە هەیە .. کە بەڵگەی نیشـــــان نەدانی هیچ ســــــۆزێکە نەبۆ [رابوردو] نە بۆ [داهاتوو] ...



ئەو دێیەی (جەلال ... ، دێیــەکی نادیار و خول... خولقاندن‌و دروست کر... شیعرەکانیدا درو... بەنیشــتمانی خەون‌و ... مت ئەو گوندە نیــە ... دەبینین .. پاڵەوانی ... دێیەدا لە چاوەڕوانیدا دەژ... ـ نــادیارێــك ـ دەکــا دێت و ... هەســــت دەکات مرۆڤێکە تووڕ هەڵدراوەتە نــاو ئەو گەردوونە بەرینــەوە بۆ ئەوەی بەدوای ئــەو نادیارەدا بگەڕێ ، تــا لــە دواییدا لــە دێیــەکی ـ نادیار ـ دەگیرسێتەوە ، روو کــردنی بــەرەو

ئەو دێیە ، وەڕس بوونی ئەوە لەو شتانەی چاوی هۆگریان بووە . دیسان لەو دێیە نادیارە بە گیانێکی سۆفیزمانەوە باوەش بە سروشتدا دەکا ، کە دەڵێین سۆفیزمانە ، واتە ڕەهایی توانەوەی مرۆڤ لە ناسینی گەردوون.. گوڵاڵە سوورەکەی ئەم دێیە ، لافاوی ڕووبارێکی سوور ، سووری کردووە .. مرۆڤەکەی هەر لە خاچ دانێك ، زیندوو دەبێتەوە ، واتە زیندووە ، لە مردن ، مردووە لە ژیان .. کە لەم دێیە باوەش دەکا بە سروشت ، سروشتەکە لە وەرزێکی سەخت دایە ، کە وەرزی زستانە و لە بەرگی زیوینی بەفردا خۆی مەڵاس داوە نقوم بووی ڕەنگی سپیی [پاکێتی] دەق و مۆر نەشکاو ئەو سەردەمە چەپەڵەیە سروشت و هێزە جوڵێنەرەکانی خۆی بە [با] و باران و ڕەشەباو لافاو و بەفر و ڕووبار ، کە زۆر جار زادەی تووڕە بوونی ئەو سروشتەن .. زۆر جاری تریش بە هێمنی و خۆشەویستی مرۆڤ لە ساتەکانی تێك شکان و نوچدانا لە باوەش دەگری ..

شاخ بۆ سەرکێشی .. ڕووبار بۆ شۆڕشی بەردەوامی مرۆڤ و گوڵ ئەدانی لە سەفەرە سەختەکان .. زۆر جاری تریش ئەو سروشتە بە مانگ و ئەستێرە دەرازێتەوە ، کە ڕەمزی خێرو ڕاست و فەڕو بەرەکەتن .. سروشت لەلای (جەلال) لە مرۆڤ و ڕووداوەکان دوور نییە .. بەڵکو لایەنێکی هاوکێشەکە لەگەڵ مرۆڤ و ڕووداوەکان دروست دەکا ، هیچیان بەبێ ئەوەکەی تریان نابێ .. ئەو [بەفر]ەی کە ڕووبەرێکی زۆری شیعرەکانی گرتووە ، بەفر بارینێکە بەردەوامیی سپێتیی سروشتی لادێ لەبەر چاوی مرۆڤە [illegible]انەکە دەڕێژێ و لەو دیو هەستیا کۆ دەبێ [illegible] خەونە وەنەوشەییەکانی دەب[illegible]

[illegible]خۆ[illegible]

[illegible] بە ، هەورەکەش

[illegible] ، مانگیش دەرکەوت

[illegible]یدا بڕیمەوە .. ل ٤١

[illegible] بە پاکبوونەوەی گیانی دە[illegible] دەبژاردووە ، تەنانەت حەز ناکا [illegible]یش دەروازەکەی بلەقێنن و لە هەستی تەنیایی دوری بخەنەوە :

خۆت دەکەیتە ژوورەوە ، دەرگاش لەسەر
خۆت دادەخەی ، کونە (با) یەکان
هەموو دەگری

بۆ دەترسی
با [با] هەر بێت
ئەوەی دەشی با ، با بی با
ئێوارە دنیا هێمن هێمن دەبێتەوە .. ل٥٧

کونە باکان دەگریت بۆ پاراستنی هێمن و ئارامی ، بەڵام دوای ئەوە بێ باکە لەوەی [با]کە بێت و لەگەڵ توندی و بەهێزی و تووڕە بوونەکەی چی ڕادەماڵێت و بەسەر یەکی دادەدا ، چونکە دڵنیایە شڵەقاندنی ئەم گۆمی بێدەنگییە ، ساتە وەختییە ئێوارە شتەکان دەگەڕێنەوە دۆخی خۆیان هێمن هێمن دەبنەوە ..

ئەمانە هەمووی لە ئەزموونەکەی خۆی نزیکە .. بۆیە دەتوانم بڵێم شاعیر ئەزموونێکی شاعیرانە دەخاتە ڕوو ، بام ئەم ئەزموونە بچووکیش بێت ، یا کامڵ و پێکەیشتوو نەبێ ، بەڵام لەلای من لە ئەزموونی ناو کتێب گەورەو پیرۆز ترە .. لە هەمان کاتیشدا توانیویەتی ئەوەندەی گەورەیی و بچووکیی ئەزموونەکە هەڵبچێت ، بەڵام هەڵچوونێکی هێمنانە ، وێنەی پێویستی خۆی بدۆزێتەوە و دروست بکا .. هەناسە و چرپەیان بداتێ ، کە وێنەکان پاکێتیی و خۆشەویستیی لادێیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتووە ، هەر ئەم ئەزموونەش دڵنیایی و ئارامی پێ دەدا .. کە کەش و هەواو جوگرافیای شیعرەکانی [لادێ] بوون دەبینین فەرهەنگی شاعیرانەیشی هەر لە لادێ و کەرەستەو نەریتی لادێ هەڵبژاردووە [با ... سەگوەڕ .. چرا .. گۆڕستان .. بەفر .. ڕووبار .. درەخت .. بنار .. باڵندە .. تاد ...] بەڵام [بەفر] لە زووربەی هەرە زۆری کۆمەڵە هۆنراوەکەدا ئامادە بوونی خۆی هەیەو بەبێ چرپە شتەکان ماچ دەکا .. [بەفرە]، شوورە بەدەوری دڵدارەکەدا دەکا .. [بەفرە] شەو و تەرمی شاعیرەکە سپی دەکا . (بەفرە) لە پەنجەرەی ژوورە تەنیاکەی دەدەن ، دەبێتە دۆست و ئاشنای هێمنی و تەنیاییەکەی .. (بەفرە) جریوەی چۆلەکەش ناهێڵێ .. ڕووبار باسی کۆست و غەریبی و داستانی کۆچی خۆی دەکا .. سەری خۆی لەبەردەکانی کەنار دەدا ، کاتێ تێکەڵ بە ڕووبارێکی تر دەکرێ .. خاك باسی عیشقی خۆی بۆ بەفرو گوڵاڵەو نێرگەجار دەکا .. چرا تاریکی گۆڕستان ئابلوقە دەدا .. هاژەی چەمەکانیش تێکەڵ بە سەگوەڕ دەبن .. ئەمانەش هەموویان بە هێمنیی ڕوو دەدەن .. باران و بەفر کە [شتنەوەی شتەکان] ن تێکەڵ

به تێڕوانین‌و بینینەکانی دەبن .. هەستی تەنیاییشی تێکەڵ بەجیهانی دەرەوە دەکا ، بۆیە هیچ شتێك نابینێ ببێ بە هاوڕێی ئەم تەنیاییەی دەنگی سەگوەرو وورشەی [با] نەبێت !

دەرەختت نەدیوە ، بەفریش هەر هیچ
جارێك بەفرت لێ بباری ،
گوناهەکانت دەشواتەوە .. ل٣٨

کە وەرزی زستانی سەختیشی بەسەر چوو (پایز) شوێنی دەگرێتەوە و پایزی مەرگی شتەکان دەبینێ‌و خشەی گەڵای درختەکان ، لەدوا سەمای مەرگی خۆیانا دێتە بەرگوێی ، زۆر جاریش لەو (پایزە) بەهارێکی سەوز دەبینێ :

تەرمێکی درێژ کراوی ناو ئێوارەیەکی
[پایز] ، لەشی بوویتە ئینجانەیێ وردیلەو ،
گوڵاڵەی تێدا کۆ بوویتەوە .. ل١٦

ئەم تەنیایی‌یەی لە لادێدا هەڵی بژاردووە ، دوورە پەرێزی و راکردن ناگەیەنێ ، ئەوەندەی پاراستنی پاکێتی‌ی مەبەستە ، دوور لە دنیای شتە ئاوەژوو کراوەکان .. ئەم تەنیاییە شۆڕشێکە بەسەر خودی خۆیدا ، لە ئەنجامی خورد بوونەوەوە سەری هەڵداوە .. **ئەمانە وامان** لێدەکەن بڵێین (جەلال) شاعیری [لادێ] یە ، نەك بەو مەفهومەی کە بۆ خەڵکی لادێ شیعری ووتبێ و دابەزیبێتە ئاستی هوشیاری مرۆڤی لادێ ، بەڵکو وەکو شاعیرێکی هونەرمەند توانیویەتی لە شیعرەکانیدا ، جیهانی لادێ ، بە پاکێتی‌و کەرەستە سەرەتاییەکانیەوە دەربخات و مەوداو سووچی قووڵتری تێدا کۆ بکاتەوە ، کە ئەمەیان هیچ نەبێ هەوڵدانێکە بۆ دیار کردنی شێوازو رێچکە و دەربڕین‌و کەش‌و هەوایەکی شاعیرانەی ئەوتۆ ، کە سەر بە جیهانی شیعری خۆی دابێت.. ئەو شێوازو رێچکە شاعیرانەیەی (جەلال) وەکو شاعیرێك بۆ خۆی دیار کردووە، لەو شێوازانەیە کە زوو هۆگری دەبین ، کاتێ شیعرەکان دەخوێنینەوە وا هەست دەکەین ، چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە لەو چیرۆك ئامێزییەی لە شیعرەکانیدا پەیڕەوی کردووە ، کە ئەم شێوەیە ، کەرەستە و باس و بابەتەکانی ، بەتایبەتی پەیوەندیەکانی سروشت‌و مرۆڤ ، بە ئێمە ئاشنا دەکات .. ئەگەرچی بەلای منەوە پێداگرتن لەسەر ئەم شێوازە ، شیعرەکان بەرەو لای پەخشان نزیك دەکاتەوە ، کە سەربەستی زیاتر دەداتە شاعیر بۆ دەربڕینەکان.. هەرچەندە ئەم شیعرە پەخشانەش[٤] لە کێش خۆی ئازاد دەکا ، بەڵام دیسان مانای وا نیە ، مۆسیقای دەرەوەو ناوەوەی شیعر و زمانە چڕەکەی شیعر لە دەست بدات . سەرەڕای ئەوەش زۆر جاری تر بە تەنیا دەبێتە ـ گێرانەوە ـ بە هۆی لە دەست چوونی زمانی چڕو مۆسیقا و ئاهەنگی ووشە ، کە جوڵانەوەی ناو شیعرەکە پێك دەهێنن .. ئەمە دەبێتە هۆی لە دەست دانی گەلێ سووچ‌و مەودای ناو شیعرەکە .. کە زاڵ بوون بەسەر ووشەدا لە پەخشاندا ئاسانترە وەك لە شیعر ...

شاعیر لە جیهانی لادێدا ڕوو دەکاتە شتە خورسکیەکان ـ فطریەکان ـ کە دوورە لە دەستکردی مرۆڤ‌و هێشتا دەستی شارستانیەت و پێش کەوتنی تەکنۆلۆژیای نەگەیشتووتێ ، کە لادێ و سروشتی خاکەکەی دوو ڕەگەزی ئەم دوورکەوتنەوەیە نیشان دەدات ، لەبەر ئەوە ئەم تابلۆو دیمەن‌و وێنە شیعریانەی لە جیهانی لادێ دەبداتە دەست ، لە لامان دەمێننەوەو ز.و بیرمان ناچن .. تەمێکی رۆمانسیانەش لەسەر رووی شیعرەکان نیشتووە ، کە هەڵوێستێکی دوو فاقانە دەگرێتە خۆی :

یەکەم : هێزی خۆشەویستی دوەم : هێزی مردن .. کە خۆ شەوستیەکە لەلای ئەو دەبێتە بەدیلی ئەو مردن و نامۆ بوونە میتافیزیقیە ، کە بیرکردنەوەیەکی بەردەوام لە مردن .. بۆیە لەو دیایە [خۆشەویستی] دەکاتە بەشێکی گەورە لە شیعرەکان ، کە جیهانی شیعرەکە لە باوەشی خەون‌و خۆشەویستیدا دە[illegible] ئەم خۆشەویستیە خۆ کو[illegible]چونکە لە دەرەوەی جیهانی [illegible]ودەبی بووەو ناتوانێ هیچ [illegible] لە سەردەمێکی ناپاکو[illegible]پاکو گەورەی دەوێ :

هەر خۆشم دەوێ[illegible]
با پێکەوە لە بەفرمان ب[illegible]
پەنجەکانیشمان لە خەنەی [illegible] !
لە گیامان بگرن !
لە شاخمان بگرن !
ئەگەر وامان بەسەر دانێ
رۆژێ دێ ،

دەمانچەیێ لەناو دڵمدا بەتاڵ دەکەم !   ل٤٤

یــا دەڵێ :

ئەگەر نەیێت ئێوارەیەکی تر چرا پێ ناگرێ
خۆشم دەخەمە نێو ئەو ڕووبارە تیژەی
بەر ماڵمان ، نامبینیتەوە .. !   ل٥١

ڕووی گەشی ئەو خۆشــــەویستی‌یە لــــە ئافرەتدا دەبینێ .. خەونەکانی لەگــــەڵ خەونی ئافرەتەکە تێکەڵ دەبێت ، بەڵام نایەوێ ئیفلاتونیانە تێــکەڵ یــەکتــر ببن ، ئــەو دەیــەوێ لــەم خۆشــــەویــــستی‌یەدا هەریەکەیان خودی خۆی بپارێزی ، نەوەك خودی خۆیان تێکەڵ بە یەکتــر بکەن .. واتە نیازی وایە لەم خۆشەویــــستیەدا هەست بەقورســــایی ذاتی یەکتر بکەن .. دوو ئەستێرەی جیای یەك ئاسمان بن :

تۆشم خۆش ناوێ
تا بەقەد خۆم خۆشمت نەوێ !   ل١٩

لێرەوە دەردەکەوێ مەسەلەی ئافرەت لــــە لای شاعیر ، لە ڕوانگەی پەیوەندییەکی مرۆڤانەوە سەیری دەکا ، نەوەك وەکو لە شــێکی کۆیلە ، بۆیە خۆشی ناوێ تا بەقەد خۆشــــەویستیەکەی ئەم بۆی ، خۆشی نەوێت .. کە خۆشیشی ویست ئەوسا ئەو خۆشەویستی‌یە زاتی ئەو زامن‌و دڵنیا دەکا .. هەر ئەو ئافرەتەش خاکو نوێ بوونەوەی لێوە دەبینێ .. خۆشەویستی نەبێ مرۆڤەکـانی تر بە خۆی و بە جیهانی خۆی بە نامۆ دەزانی ، کە جیهانێکی تەنیایە ، چونکە خۆی لە تەنیایی و غەریبی‌دا لوول داوە ، لێرەدا هەرتەنیایی دالدەی دەدا ، بۆیە شــــیعرەکانی ـ ذاتی ـ دەبن و ڕوو دۆزەخی جیهانی دەرەوەی دەبنەوە ، گەڕانەوەیشی بۆ جیها[illegible] شۆڕشێکە بەسەر وەڕسی‌و بێزار[illegible]کانی‌ی .. بۆیە [شار] لەسەر[illegible]ا نابینین ..

[illegible]هانەی خولقاندندا ، ڕووبا[illegible]یە نادیارە خەم ماڵی دەکا[illegible]دیار ـ یش‌دا دەگەڕێ کە ([illegible]ەدوای بەختەوەرییەکی [illegible]ەو ، ناتوانێ لــە خەمــە [illegible] ؟ ، گەور[illegible]ێتەوە .. بەختەوەری ئــەو بەختەوەر بوونی گیــانە ، چونکە نــایــەوێ بــەم بەختەوەر بوونە ساتە وەختیە ، خۆی بخەڵەتێنێ و دڵی خۆی بداتەوە ، هەر بە تەنیا خۆشەویستی گیانی بەختەوەر دەکا :

بۆ نارەحەت بم خۆ یەکجاری ئاوا نابێ
سبەی ئێوارە لەو وەختەدا ، هەڵدێتەوەو ،
جریوەی دەهاوێتەوە کەڵێن بەردەکان
منیش بۆ چەند ساتێ بەختیار دەکاتەوە   ل٨

یــا دەڵێ :

وەرە ناو دڵم ،
گیانم بەختیار دەبێ   ل١٥

ئەگەرچی برینــــەکان بەردەوام خوێنیان لێ دەچۆڕێ ، بەڵام لەم جیهانی پاکی‌ی‌و تەنیــایەدا خۆشەویستیەکەی وەك بورکان دەتەقێتەوە ..

هوشیاری ئەو شاعیرەی بیەوێت پەیوەندی بەشتە ســــەرەتاییەکانەوە هەبێت ، پێویـــستە هوشیارییەکی سەرەتایی بێت .. واتە شـــاعیری ئەمرۆ لەکاتێکدا کە دێت مرۆڤێکی سەرەتاییمان دەخاتە بەرچاو ، پێویـــستە لە جیهانی شیعرەکانیدا هەمان هەست‌و هوشیاری مرۆڤی ســــەرەتایی بگەڕێنیتەوە بۆ ئەمرۆ ، بەڵام هوشیارییەکی کامڵ بۆ شــــاعیرێک ئەم کارە بکا ، ئــەوە جگە لــە [گەڕانەوەی هوشــــیاری کەش‌و دەور و بــەرو لایــەنــە ڕۆحی‌و کۆمەڵایەتیەکەی ژیانی مرۆڤێکی ســـــەرەتایی کە جیاوازە لە هوشــــیاری ئەو ســــەردەمەی شــــاعیرەکەی تێدا دەژیت .. لەبەر ئەوەی خۆی لە ژیانێکی سەرەتاییدا ناژی‌و هوشیاری مرۆڤی سەرەتایی لەلا دەســــت ناکەوێ][٥] ، بۆیە پێویستە بێ بەو خێڵەکیەی خۆی بگەڕێنیتەوە ئــەو ژیــانــە ســــاکارو ســــەرەتایی‌یە[٦] .. بــەڵام ســــەرەتاییەکی هاوچەرخانە ، کــە ســــیمای شــــارستانێتی ئەمڕۆکەشی لەگەڵ خۆی‌دا هەڵگرتبێت ، کــــە دەبینین (جەلال) ژیانــە سەرەتاییەکەی لادێ‌ی بە هەموو کەرەستە سەرەتاییەکانی خۆیەوە داوەتە باڵ مرۆڤێکی شارستانی‌ی لە بیرو مێشــکدا .. بەڵام بەم ژیانە سەرەتاییە هێمنانە بیر دەکاتەوەو لەگەڵ ڕووداوەکان‌دا هەڵدەچیت ...

ئەو دێیــــەی ژیانێکی ســــەرەتایی تێــدا کۆکردۆتــەوە ، گیــانی منــاڵانــەی مرۆڤی تیــا دەرخــستووە ، ڕووبارەکانی ئــەو دێیە لە گۆرانی خۆشەویــــستی خۆیــان ناکەون ، بــەڵام گرینگ ئەوەیە هەردەم هەست بەوە بکا ئەو شــــــارەی دەیەوێ دروستی بکات ، هێشتا ماویەتی دروستی بکا .. چونکە ئەگەر هەست بەمە نەکا ، ناتوانێ بەردەوام بێت لــە کاری خولقــانــدنی تــازە و دۆزینەوەکانی‌دا ، لە ســــنورێکا دەوەستێ‌و خۆی

دووباره دەکاتەوە .. مرۆڤە تەنیاکە بەردەوام لە شیعرەکانی (جەلال)دا ئامادەو لەسەرپێیە .. سروشتەو دیاردەکانی دەکەونە پرسیاری بێ دەنگی خۆیان بۆیە دەبینین زۆر جار سروشتەکە روو گرژو هەناسە سوارە .. [ڕەشەبا] .. [لافاو] .. [بورکان] شۆڕشی سروشتە روو گرژەکەن :

چ بوومە لەرزەیێ بوو ، وای ڕماندی
یا ڕەشەبای شێتو هار بوو
سێبەرەکەشی هەلگرتی .. ل٩

کێشەی [مردن] لەلای (جەلال) ، مردنە لە پێناوی مەسەلە گەورەکاندا ، لە پێناوی خۆ دۆزینەوەدا .. بۆیە مردن لەلای ئەو دەبێتە پایەداریی و بەرز بوونەوە ، هەروەك لە دوو شیعری [لۆرکای زیندوو] و [مردنی شاعیر]دا دەبینین ، خۆ بەخت کردن و قارەمانیەتی نواندن، لە پێناوی دروست کردنی چارەنووسە .. بۆیە لە مردن ناترسێت و ناسلەمێتەوە ، بەسەرچلیو سەرکەشی روو بە رووی دەوستێتەوە ، وەکو روو بە روو بوونەوەکەی [مایکۆفسکی] و پەرداخە ژەهرەکەی [سوقرات] ، کە ئەم جۆرە مردنانە قیژاندنە :

گەر سەگ وەڕ دنیا بگرێ
من دەرگام لەسەر پشتە ل٥٨

با دەڵێ :

با [با] هەر بێ
ئەوەی دەشێ با با بێ با ل٥٧

با دەڵێ :

شەپۆلەکان لەبەر دەستما ڕادەکەن
دیسان دەیان ژمێرمەوە
تا لە کەنار گۆڕەکەت بم ناترسمو
ناشرۆمەوە .. ل٤٢

ئەم جۆرە مردنە سەرکێشانانە ، پاکێتی‌و گەورەیی‌و مەزنی دەداتە مرۆڤ .. چونکە مردنی شاعیر کۆتایی شتەکان نیە ، ئەوەندەی ژیانەوەیەکی تازەیە ، لە دایك بوونەوەی تازەی حەقیقەتیشە لە دوای هەر لە خاچ دانێك .. [لۆرکا] شاعیری سەربەستی‌یە و ئالای سەربەستی هەلگرتبوو ئێستاش خوێنی [لۆرکا] شەقامەکانی ئیسپانیای بەرنەداوە ، چونکە سەری لە پێناوی‌دا دانا ، سەری خۆی لە پێناوی شیعردا دانا شیعر تاقە هەلوێستی تایبەتی خۆی بوو کردی بەچەکی دەستی ، چونکە شیعر لەلای ئەو گەردوون بوو بە هەموو گەورەیی خۆی .. مردن وژیانی بوو ، هەلوێست بوو ، کە مردنیش و ماڵ ئاوایی لە باخچەو شەقامەکانی ئیسپانیا نەکرد ، بەرزەیی شەقامەکانی تەی کرد ، چونکە پێویستی بەگۆڕو ناشتن نەبوو ، شیعرەکانی شایەتی ئەوە دەدەن کە بە گۆڕستانی تاریك قایل نەبووە ، شیعرەکانی بەدیلی خۆی‌و مردنەکەی ئەون .. بۆیە هەردوو شیعری [لۆرکای زیندوو ل١٦] و [مردنی شاعیر ل٥٦] یەك شیعرە ، کە هەردووکیان مردنی [شاعیرێکن] و ئەو مردنە لە لۆرکادا ڕادەگەیەنێ ، کە مردنە لە پێناوی مەسەلەیەکدا ، مردنێکی مەزن‌و پاکە ، بۆیە مردوویەکی زیندووە :

لەشی دەبێتە ئینجایەکی گەورە تر
گوڵالەی دنیای تێدا کۆ دەبێتەوە
چەند شەقامێکی سامناکە ، تەرحەکەش دوای
ئەو هەموو سالە دەڵێی نووستووە .. !
ل١٦

شیعر ژیانی لە شاعیر دەوێ .. شاعیریش دەبێ ڕاستی لە شیعر داوا بکا .. بۆیە شاعیری ڕاستگۆ لە کۆتاییدا ژیانی بە شیعر دەبەخشێ ، کە حەقیقەتێکی موتڵەقە .. ئەگەر شیعر و شاعیر وبژدانی حەقیقەت نەبن ، چۆن دەتوانن باسی بەفرو روبارو خۆشەویستی و مرۆڤ بکەن .. بۆیە شیعر سەواکردنە لەگەڵ کێشەو مەسەلەکانی مرۆڤ بەپاکی و بە خۆشەویستی .. وەکو چۆن ڕۆژ بە تیشکەکانی شەقامەکان دەشواتەوە ، شاعیریش جیهان بە
دەشواتەوە ، کە تەنیا چە
پارێزگاری کردن لە بوون
هەر ئەو مردنەش دە
بۆیە دەبەوێ لە زمانی
شۆڕشەکانی بگرێتە خۆی
لە دنیای خەون‌و واقیعی
دەبێتەوەو زوو زوو دەرد
بۆ خۆی شۆڕشێکە لە پێناو
نووسینەوەی مێژوویەکی پاکدا
ڕوو بە ڕوو بوونەوە یاخی بوانەیی ئەو واقیعە نالەبارە ، مردنێکی بەردەوام‌و ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەریە ، لەگەڵ هەر بەفر بارینێکدا پاك دەبێتەوەو ئەم تەنیاییە کە راستگۆیی‌و پاکێتی تیایە ، شۆڕشێکە بەسەر خودی خۆیدا بەرپای

دەکا . . . هەر لەم تەنیایە فێر دەبێ چۆن ڕوو بە ڕووی چارەنووسی خۆی ببێتەوە ، ئەم چارەنووسە ، کێشە هەرە ئەزەلیو گەورەکەی مرۆڤە کە [مردن]ە ، کە مرۆڤەکە ئەوەندە گەورە بوو ڕوو بە ڕووی مەرگی خۆی ببێتەوە ، ئەو کاتە [مردن] ناوێرێ چاو لە چاوی ببڕێ ، وەکو چۆن مرۆڤ ناتوانێ چاو ببڕێتە هەتاو ، هەر ئەو مردنەش . مردنە گەورەکەیە و شوێنەواری دەمێنێ . .

ئەگەر مردیشی وەکو ڕووبارێ بمرە
با شوێنەواری کە نارت بمێنێ . . ل١٧

مرۆڤ ڕۆژ دوای ڕۆژ لە هەڵدێری کۆتایی تەمەنی نزیك دەبێتەوە ، کاتێ [مردن] پێشوازی لێ دەکا . . شاعیرەکەش کە ڕەمزو نموونەی مرۆڤێکی پاکو نموونەیی و مرۆڤێکی گەورەیە ، هەست بەمردن دەکا ، چونکە کاتەکە خەست دەبینێ ، هەر چۆنێك یاخی بێ ، سەرکێشی بکا ناتوانێ خۆی لە مردن ڕزگار بکا ، لە کاتێکا خاوەنی کۆمەڵێ ئاواتو خەونی گەورەیە . . بۆیە هەست دەکا لەناو مرۆڤەکاندا وونە ، وەك چۆن ڕۆژێك لەناو ڕۆژەکاندا وون دەبێ ، ئەگەر گەورەش نەبێ دوای ئەو مردنە هیچ جێ ناهێڵێ . . زۆر جاریش مرۆڤ بە ئازارەوە گەورەیە ، چەند خاوەنێکی ئازارێکی گەورە بێت ، ئەوەندە پتر گەورە و بلیمەت دەبێت ، لەبەر ئەوە دەتوانێ وەکو ڕووبارێك بمرێت . شوێنەوار لە کەنار بەجێ بهێڵێ ، کە لەلای کەسانی [بێ ئازار] دەبێتە شەپۆلێکی گەڕۆکو کەنار نابینێت . . با بەدوای سێبەری کەنارەکەدا دەگەڕێ . . مرۆڤی شیعرەکانی (جەلال)یش هەست بە تێکشکان دە[illegible] ئازارە . وەك خاوەن ئازارە ، هێ[illegible]ـمە ، بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆ[illegible] و خۆی دیاری بکات ، نەك [illegible] بۆبکێشن . .

[illegible] و [لۆرکای زیندوو] دوو [illegible]ایە بەخەستی « کات »ی [illegible]ڕۆڤ تەمەنێکی کورتی ببێ [illegible]] بۆ ئامانجی پیرۆز و گەورەو پاك [illegible] دەکا . . ؟! هەر ئەم پرسیارەیە دەیکاتە خەمخۆری چارەنووسی خۆی ، بۆ هەنگاو نان بەرەو کامڵ بوون لە ئەنجامی بیر کردنەوەی خۆیو کامڵ بوونی خودی خۆی . . ئیشارەت دانیش بە (مردن) و بە نزیك کردنەوەی هەستی مردن لە ئێمە ، هوشیار کردنەوەی ئێمەیە ، تا زیاتر هەست بەدەورو پشتی خۆمان لە ئازارەکانمان دانەبڕێن ، کە مردنەکەش لە مردنێکی ئاسایی دوور دەخاتەوە :

ئەوا هەردووکیان مردن
ئەم : نەمردوون ،
وا چراکەیان خۆش دەکەنەوە . . ل٣

ئەم بیر خستنەوەیە ، داوا کردنی قایل نەبوونە بەو کوێرەوەرییە ، ئەم قایل نە بوونەش تەقینەوەو تووڕە بوونە ، کە لە ئەنجامی ئەو ئازارە گەورانەوە سەر هەڵدەدا و وەکو پاڵەپەستۆیەکی بەهێز ، تەنگ بە مرۆڤەکە دەچنێ . . لەم هەڵگەڕانەوەو قایل نەبوونو یاخی بوونەدا ، نیازی وایە زۆر شت بگۆڕێتو لەسەر دار و پەردووی ڕووخاوی ، شتی تازە تر بنیاد بنێ ، ناسنامەو تەوارەی خۆی هەبێت ، هەر بەم مەبەستەوە دەیەوێ گیانی مرۆڤەکان پڕ بێت لەو تووڕە بوونەو نیشتمانێکی بۆ دروست بکا ، تا هێزی یاخی بوونی زیاتر لەلا دروست بێ ، باوەڕی زیاتری بە خۆی هەبێت . . هەر بەم باوەڕەوە جۆری مردنی خۆیشی دیار دەکات ، کە مردنێکی ئاسایی نەبێ . . مردن بێت لە پێناوی کێشەیەکی گەورەدا ، لە پێناوی نەهێشتنی سنوورو کۆتو پێوەندەکانو دابین کردنی جیهانێکی سەوزو ئازاددا بەم جۆرە ڕووبە ڕووی ئەو دیوارانە دەبێتەوە کەڕێ لە هەنگاوەکانی دەگرن . . بەڵام جۆرو چۆنیەتی ڕوو بە ڕوو بوونەوەکە بە خوێنەر ناڵێ ، چونکە ئەو کاتە سیفەتی هونەرو شاعیرایەتیەکەی لەدەست دەدات . . بەڵام خوێنەر لەم ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەدا خۆی هەڵوێستی خۆی دیار دەکات ، ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەکی ژیرانە نەك هەرزەکارانە ، دەکەوێتە تەتەڵە کردنی دەربادەکان . . چونکە لەبنەڕەتدا ڕوو بە ڕووی هێزێکی ژیرانە دەبێتەوە بەرامبەری وەستاوەو هەڕەشەی لە بوونی کردووە . . [مردنی شاعیر] و [لۆرکای زیندوو] مردنێکە شوێنەوار بۆ کەنار جێ دەهێڵێ ، چونکە مردنێکی ئاسایی نیە ، بۆیە تەنیا بە ڕوخسار وون دەبێ ، بەڵام بیرو شیعرەکانیان لەناو کەسانی تردا دەژین ، چونکە کە مردووە ، ژیانو مردنو بوونو نەبوونی لەو ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەدا دەرخستووە بۆیە (مردن) دەبێتە دۆزینەوەی نادیارێکی گەورەو حەقیقەتێکی گەورە ، ئەم مردنە سەرکێشانەیە، سەرەتای ژیانە ڕاستەقینەکەیە . .

که لەشـــمان بوو بەملکی خاك ، دڵمان بۆ نەبێ بەملکی خۆشەویستی ؟! :

لە سەر تەمی پەنجەرەکە دەتنووسی :
(دنیا بە خۆشەویستی‌یەوە ماوە مادام
تۆم خۆش دەوێ دەمێنێم) ل٣٩

مرۆڤی گەورە دەربەســـت نیە ، ژیانێکی درێژ بەسەر ببا ، بەلام دەربەستە بزانێ ئەم ژیانە چۆن بەســـەر دەبا .. دەیەوێ نرخی کاتی ئەو تەمەنە کورتەی خۆی بزانێ بۆ هێنانە دی خەونەکانی ، با ئەو خەونەش دروســـت کردنی « مێژوویەکی پاك » بێت کە بەدەســـتی خۆی دروستی کردبێ ، بۆ ئەوەی بە مەزنیی بچێتە ناو ئەو مێژووە و مرۆڤە پاکـــەکـــانی تریش بکرنە خۆیان :

لا تدخل تاريخا لم تصنعه يداك
فلملك تســـقط تحت العجلات(٧)

هەر لەو تێڕوانینەوە ، سات و سەوای زۆر لەگەڵ [با] و [بۆران] و [رزیان] دەکا کـــە رەمزی هەموو شـــتێکی مێژوویی خاوەن رەگ و ریشـــەیەو لەگەڵ مرۆڤ هاتبێتە ناوانەوە ، هەست کردن بە بوونی [با] هەســـت کردنە بـــە سەرکێشی کردن ورەها بوونێکی ســـەر شێتانەی مرۆڤ ، یاخی بوونە لە سنوورو پەرژین :

چیتر مەبە خۆری ئێوارەی پایزان ،
لە دۆڵی قووڵی دام ،
خۆر کەم دەبینم
مەبە رێبواری تا نیوەی رێ لە گەڵما بێت

لە ووشـــەی [چیتر مەبە] دا روانینێکی چڕو ورد بۆ – مێژوو – دەڕوانێ ، قورسایی ئەو رابردووە دەخاتە ســـــەر شانی ئەمڕۆ و لەم ووشـەیەدا کۆی دەکاتەوە و لە شیعری – ئادابوونی مێژوو – دەیتەقێنێتەوە ، کـە لـەم مێژووە ئاوا بووە فێر بووە چۆن بقیژێنێ ، ئەم شـــیعرە گەڕانەوەیە بۆ ناو خۆی ، کە دیاری کردنی شوێنی خۆیەتی لەو یاخی بوونەدا .. لە سەردەمێکدا کە لـــە خاچ دانی مـــرۆڤ و رووبـەری ئـــازارو فرمێسکەکانی گەورە بووە ، هەر خوێنی ئەو لـە خاچ دانە ، دەمو چاوی « مێژوو » دەشواتەوە ، چونکە بەشـــێکە لە رووداوە تراژیدیەکانی ئەو مێژووە ، بۆیە دەبێتە – کردەوە –و– هەڵوێست – گەڕانەوەیشی بۆ ناو خۆی ، لەبەر ئەوەیە کە لـە خۆیەوە دەست پێبکاو لە ناو ئەو مێژووە ئاوایە بە دوای حەقیقەتدا بگەڕێ ..

(جەلال) وەکو شاعیرێکی لاو هەوڵی داوە ، خۆی لە راســـــتەوخۆیی دەربڕینی زەق دوور بخاتەوە .. لە جیهانە هەســـــت پێکراوەکە – محســـــوس – بچێتە جیهانی – تێڕوانین – – رؤیا – چونکە ئەگەر ئەو شتە هەست پێکراوانە وەکو خۆیان بهێننەوە ، هیچ نرخێکی ئەو تۆیـان نابێ ، بەلام کە دەســـــەلاتی شاعیرەکە دەیکاتە – تێڕوانین – ئەو کاتە مەوداو سووچی بەرینتر و گەورە تری تێدا دەبینـدرێ ، لەوەی کـــە لـــە واقیعەکەدا هەیە .. هونەریش لـە واقیع گەورە ترو جوان ترە و گەش‌تر خۆی دەنوێنی و لـــە جیهانی خەوندا خۆی دەبینێ .. بۆیە شیعرەکان تێکڕایان نا . بەلام زوربەیان لەو دروشـــــمو راپۆرتکاریيە دوورن کە پیاوانی سیاسەت داوای دەکەن .. بەلام وەکو لە ووتاری پێشـــوودا دەرم خســـت ، زال نەبوونی بەسەر زمانداو ، دوور کەوتنەوەی لە داڕشتنێکی تۆکمە و چڕ وایکردووە نەتوانێ جوڵانەوە گەورەکەی ناو وێنە شیعرەکان بپارێزێ ..

بە لامەوە یەکێك لە کەمو کورتیەکانی شیعری (جەلال) ئەوەیە کە لە شیعرێك ، شـــیعرێکی بچووکیشدا دەیەوێ ئەزموونە حسیبەکەی تێکەڵ بکا بەکۆمەڵێ وێنەی – ذهنی – واتە وێنە لە ناو وێنـــە ، کـــە ئەوەی یەکـــەمیان ئـەزموونـە راستگۆیانەکەیەتی ، لەگـەڵ ویژدانیدا دەژیت ، وێنە بەیەکا چووەکانیش کە ناخرێتە بەر تۆڕی چاو ، کۆ بوونەوەی کۆمەڵ... ، کە بە لامەوە لەم وێنانە ... ناکەم خۆی خەریکی ... تووشی هەڵبزرکان بێت ... وێنانەدا تووشی هەڵەی ... ئاوێتە کردنی یەکێکیان ... کاتێکدا زیاتر بە هۆی دە... هەســـت پێکراوەکان کە لە ... نزیکە ، دەتوانێ جێ پێی خۆی زیاتر لەســـــەر نەخشـەی شیعری کوردیدا جێگیر بکا .. هەر بۆ نموونە من بەدەیان وێنەی شـــــیعریم دەربارەی چاوەڕوانی بەر چاو کەوتووە ، بەلام سـەیر کـەن



ئەم وێنەیە چەند جوان و ناسکە ، کە وێنەیەکە سەر بەجیهانی شیعری (جەلال)ە :

شەوان درەنگ رەوە سەگی خوار دێ
دەوەڕن .. دەڵێم دێیتەوە ... ! ل۲۲

یان کە دەڵێ :

دڵم وەکو دڵی ئەو ڕێبوارە نارەحەتە
ئێوارە بێ و بۆ سەفەرێکی نا بەدڵ بکەویتە رێ
ل۴۸

یان کە دەڵێ :

داڵەکان ئاسمانیان گرتووە ،
دەبێ تەرمێکی زۆریان لەسەر
زەمیندا دیبێ !
بەدرێژایی ئەو رۆژە
ئەو ئاوەیان بەر نەداوە
گەر تا ئێوارەش بمێننەوە
دڵیشم شەق دەبا ل۱٤

جەلال وێنەی ورد و بەهێز دەتۆزێتەوە ، وێنەی بەهێزیش دروست دەکا ، بەلام لە شیعرە درێژەکانیدا نەش و نومای ناو شیعرەکە دەکوژێ وەك لە شیعری [گەورە تر نیت لە خەمی جانتای شاعیرێك] و [لەگەل ئێوارەکەش تەواو نەبوو]و [تروپکی سێبەر] و [سەمای بەفری ئێواران] و [ئاوابوونی مێژوو] و [سۆزی درەخت] کە لەم شیعرە درێژانەدا نەی توانیوە درێژە بە جولانەوەی ناو شیعرەکەش بدا بە پێچەوانەی شیعرە بچوو[illegible] بەسەریاندا زاڵە ، ئەمەش لەبە[illegible] کورتە و زوو دەیداتە دەس[illegible]نی لەو نەش و نوما کردن[illegible]رد .. هەر بۆیەشە لە ش[illegible]بەری ئیقاعی تێ کەوتووە و [illegible] دێرێکی مردووی لێ دەر[illegible] هیچ لە کرۆکی شیعرەکە بکۆڕێ[illegible]بەلامەوە لە لایەك پەیوەندی بە مەسەلەی زمانەوە هەیە ، کە نەیتوانیوە زمانەکە بکاتە ئەو هەویرەی وێنە و رستەکانی خۆی پێ دابڕێژێ ، لە لایەکی ترەوە فەرامۆش کردنی نەش‌و نومای شیعرەکە ، وای کردووە لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکە چەند وێنەیەکی مردوو شیعرەکە نەفی دەکاو بینای شیعرەکەشی شڵو شێواو کردووە .. بڕبڕەی پشتی شیعری ئەمڕۆش (یەکێتی بابەتە) ، ئەم (یەکێتی بابەتەش) بینای شیعرەکەیەو خۆی بۆ خۆی شۆڕشێکە بەسەر (یەکێتی دێرە شیعر) ئەمە یەکێکە لە رەگەزەکانی شیعری ئەمڕۆ ، کە هەر بەهۆی ئەوەشەوە وێنەکان لە بینایەکی شیعری پتەودا دەسازێن و گوڕو هێز دەدەنە یەکتر و جولانەوە لە ناوەوەی شیعرەکە دروست دەکەن ، چونکە بابەتەکە ، هەروەك بابەتێکی رەق‌و تەق ناخرێتە روو ، ئەوەندەی شاعیری ئەمڕۆ پەنا دەباتە بەر وێنەو بەوێنە دەدوێ .. بۆیە وێنەکان زۆر جار لەگەل یەکتر ناکۆکن‌و تێکەل بەگیانی یەکتر نابن و باوەش بەیەکتردا ناکەن ، کە هەر ئەو هۆیە وا دەکات دێرە شیعرو کۆپلە شیعر دەربکەین ، بەبێ ئەوەی هیچ کار لە رەوتی جولانەوەی شیعرەکە بکات ، یا گەوهەری مەبەست بگۆڕێ ، وەیان کەلێن‌و کەلەبەری تێ بکەوێ ، هەر رەچاو کردنی نەش و نومای ناو شیعرە ، کە یاخی دەبێت ووشەیەکی خۆی بدات بەدەستەوە ، چونکە بینایەکەی دەڕووخێ ، بۆیە دەبینین شیعری تازە وێنەی ناپێویست ناگرێتە خۆی ، ئەگەر لە خزمەتی بینای ئەندازەیی‌و هەیکەلی شیعرەکە نەبێ ، هەر وێنەیەکی زیاد بە مردوویی بەدەما دەکەوێ‌و ناتوانێ بیرەکەی هەڵی گرتووە بیگەیەنێ ، ئەم تێکەل بوونی وێنانە لەگەل یەکتر و توانەوەیان لەناو یەکتردا لە شیعری ئەمڕۆدا ، وەکو تێکەل بوونی هێڵ‌و رەنگ وایە لە تابلۆیەکی زەیتیدا .. چونکە لە ئەنجامی یەکگرتنی هەموو وێنەکان و باوەش کردنیان بەیەکتردا ، وێنەیەکی گەورە دروست دەبێ ، کە بیری شیعرەکە عەکس دەکاتەوە ، بۆیە زۆرتر لەسەر ئەم لایەنە وەستام چونکە شیعرەکانی (جەلال) چیرۆك ئامێزن ، و رەنگە ئاواتی نووسینی شیعری درێژیشی لە خەیاڵدا هەبێ .. لەبەر زاڵ نەبوونی بەسەر شیعرە درێژەکانیدا ، نەیتوانیوە لەم شیعرانە درێژە بە هەستی خۆی بدات ، هەر لەبەر ئەوەیە لە هێزی ئیما بەخشینی بێ بەش

کردووه ، که ئەمەش دیـــان بۆ ناسکی بینـــــای هونەری دەگەڕێتەوە .. واتە وەکو خانوویەك وایە لەسەر زەوییەك شۆڕەکات بنیاد بنرێ ، هەمیشـە مەترسی کەوتن و رووخانی لێ دەکرێ ، سەرەڕای ئەمە (جەلال) زیاد لە پێویســـت دەچێتە بنچو بناوانی تێروانینە شیعرییەکەی ، بە مەبەســـتی روون کردنەوەی ئەو مەبەستو چەمکە شیعرییە کە دەیەوێ بیخـــاتە روو ، ئەمـــەش بەرای من دەگەڕێتەوە ســــەر ئەو ـ قلق فکری ـ بیەی هەردەم وا هەست دەکا ئەوەی ووتوویەتی هەقی خۆی نەداوەتێ ، لە راستیشدا ئەرکی شـــیعر تەنیا ئەوەیە : [پلیتی گەشتی ناو شـــیعرەکەت بداتێ ، بەبێ ئەوەی لـەگەڵتدا بکەوێتـــە بنچو بناوانی گەشـــــــتەکە و کاتی دەرچوونی ئەو شـەمەندەفەرانەی ســــــــوواریان دەبی یان ئەو ئوتێلانەی لێی دادەبەزی .. ئەرکو وەزیفـــەی شیعر ئەوەیە پێکی خواردنەوەت لەبەر دەم دابنێو جێت بهێڵێ بەو رێگەیەی خۆت حەزی لێ دەکەی ســــەر خۆش بیت][٨] . چونکە ئەو چوونە ناو بنچو بناوانە و پەیڕەو نەکردنی شێوە تەلەگرافیو بروسکەییە لە شیعری ئەمڕۆ ، تێروانینی شیعری شاعیرەکە پەرت و بڵاو دەکات ، جولانەوەی نـــاو شیعرەکەش ناتوانێ ئاهەنگێکی دەروونی دروست بکا .. بەداخەوە کاك (جەلال) ئەو (بوعرە)یەی لە دەست داوە کە لێیەوە دەستی پێ کردووە . بۆ ئەوەی لـە دوایشـــــدا بگەڕێتەوە ناو هەمان (بوعرە) . گەلێ جاری تر وەك دەتوانین هەندێ وێنە لە شـــیعری (جەلال) فڕێ بدەین ، هـەر بەم پێیە شیعری هەیە پێویستی بە چەند خشتێك هەیە بۆ پڕ کردنەوەی کە لە بەرەکانیو رزگـــار کردنیان لەو لەقو لێژییەی هەندێ وێنـــەی تری تێ کەوتووە ، بۆ ئەوەی ئـــاهـــەنگێکی دەروونیو شـــەپۆلێکی مۆســـیقایی بداتــە شـــیعرەکە .. هەمدیـــان زاڵ نەبوونی بەسەر زمان و ووشە ، روانینە شـــــیعرییەکەی لاواز کردووە ، لەبری ئەوەی خەستو چڕ بێت .. بۆیە ئەو قورمیش بوونەی لە دەست داوە کە تەقینەوە لە دنیـــای شیعرەکە بەرپا دەکا ، تا لە هـەر تەقینەوەیەکدا ووزە و گـەرمی و رونـــاکی پتر تێدا پەخش بێت واتـــە [ئاگرێك لەناو زمـــانـــدا بکاتەوە] ، ئـــاوڕ دانەوەی (جەلال) بۆ دەورو بەرو ژیانی لادێ و لادێنشین بەدوو رێگا کۆتایی دێت .. یەکـــەم : بەهۆی لاسایی کردنەوەی ـ محاکاة ـ سروشـــتی لادێ دووەم : بەهۆی مەنەلۆگەوە دەگـــەڕێتەوە بۆ ناو جیهانی خود و لەشتەکان ورد دەبێتەوە ، کە لەمەشیاندا هەر رەنگ دانەوەی ژیـــانو هەڵسو کەوتی لادێ دەبینین .. لێرەدا هەوڵ دەدا شتە هەســــــت پێکراوەکان ، لەشـــــتە هەســــــت پێنەکراوەکان ، یـــان جیهـــانی خۆی لـــە جیهانی دەرەوە نزیك بکاتەوە ، بەڵام لەو نزیك کردنەوەیە، ئەو ســەرکەوتنە بەدەست ناهێنێ بەهۆی هەندێ دەربڕینی کاڵەوە ، کە جولانەوەی « نەفسی » ناو شـــــیعرەکەش ناهێڵێ و ئەزموونەکەش بە کاملی بە ئێمە ناگا .. هۆیەکـــەی دەگەڕێتەوە بۆ زاڵ نەبوونی بەســــــەر کەرەســــــتەکانی دەربڕینی هونەریی ، کە لایەنێکی تری شیعری ئەمڕۆیە .. بەبێ ئەو جولانەوە « نەفسی »یە هەســــت کردن بەو دەور و بەرو کەش و هەوایەی لە شیعرەکەدا دروستی کردووە هەمان هەستی ئێمە ناوروژێنێ .. بکرە جیا نەکردنەوەی دەنگەکانی ناو شیعرەکان دیـــان وا دەکات نەتوانین ئێمەی خوێنەر وێنەی سیمای کەشو هەوایە شــــیعرییەکە بۆ خۆمان بکێشین ..

وەرگرتنی حەکاتێکی فۆلکلوری ، [illegible] ئەوەی بینای شیعرێکی ئەمڕۆی لە[illegible] ، بەروانێنیکی هاوچەرخانە [illegible] شیعرەکە و ســـــــوودچو [illegible] دەکـــاتـــەوە ، چونکـە د[illegible] هاوچەرخانەیە وای لێ بک[illegible] پێشکەوتنی ژیان ، ئەم [illegible] لەم کۆمەڵە هۆنراوەیەی (جە[illegible] هەیە ، کە بینایەکی فۆلکلوری هە[illegible] هاوچەرخانە کردبێتی بەشیعر ئەویش شــــیعری [عیشقێکی ترە] و [فەرخو ئەستێ]یش کراوە بەو دەمـــامکە بۆ ئەو روانینە هاوچەرخانەیە . کەچی ئەم چیرۆکە تەنیا وەکو ئیشـــارەت پێدان

ماوەتەوە و نەیتوانیوە ئەو بەرگە هاوچەرخانەیەی بکا بەبەردا ، بەمەرجێ ســــینمای چیرۆکـەکـە نەدۆڕێ ، بەڵام لەم شـــیعرەدا ئەگەر [فـەرخ و ئەستێ] لابەبێ و شتێکی تری لە شوێن دابنێین ، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ ..

دەمێنێتەوە سەر ئەوەی بڵێم کاك (جەلال) بابەتی شـــیعری جوان و ناسکی خۆی و خەمی شاعیرانەی خۆی هەیە ، ئەگەر زاڵ بێت بەسەر زمانەکـەیدا و هەوڵی لەگەڵ بدات و بایەخی زۆر تری پێ بدا ، ئەوە دەتوانێ بە هۆی ئەوەوە زیاتر تێڕوانینە شـــیعرییەکەی خۆی پێمان بگەیەنێ ، یان زیاتر دەتوانێ دیوی ئەو دیوی دیـاردەکـــان قووڵ نیشـــان بدات و لە گیانی خەو لێکەوتووی هوشیار بکاتەوە .. هیوا دارین زمانێکی شیعری ئەوتۆ بۆ خۆی دروســـت بکا ، تا ئەم ڕوانینە شاعیرانەیەی هـەیـەتی بیگرێتە خۆی ، ئەوەندە تێرو تەســـل بێت مۆســـیقاو یەکێتی بابەت و جوڵانەوەی شـــــیعری ئەمڕۆ بگرێتە خۆی و شەخسیەتی شیعری خۆی پێ بچەسپێنێ ..

١٩٨٠

پەراوێزەکان :

١ ـ نووسەری ئەم چەند دێرە لە ژمـارە (٤)ی سـالی (١٩٧٧)دا لە گۆڤاری [الثقافه] ڕای لەسەر شیعر و شاعیرایەتی جەلال دەربڕیوە [illegible] (١٩٧٦)یش‌دا دوو شـــیعری [illegible] ڕە بە عەرەبی و لە ڕۆژنامەی [illegible] کرانەتەوە .

٢ ـ [illegible] ئەم باسە لە : ڕۆژنامەی [illegible] ١١٩ سـالی ١٩٧٦ چاو [illegible] (جەلال بەرزنجی) دا [illegible] (لقاء)دا بڵاو کراوەتەوە [illegible] لقاء ـ ەدا ، دەڵێ : [وەکـو هەر سەرەتایەك کۆمەڵێ شاعیر کاریان تێم کردووە لەوانە (شێرکۆ بێکەس)] .

٣ ـ فصول في نقد الشعر الحديث ـ البحث عن الجذور ـ خالده سعيد ١٩٦٠ . منشورات مجلة الشعر ل٤٣

٤ ـ زاراوەی (پەخشـانە شیعر) زاراوەیێکە زۆر دەمێك نیە کەوتۆتەوە تەمەنی لە [٥٠ ـ ٦٠] تێپەری نەکردوە لە ئەدەبی عەرەبی بە هۆی وەرگێڕانەوە قۆزتیانەوە (محمد ماغوط)و (أدونیس) دوو پێشـــڕەوی ئەم هونەرە شیعرییەن ، کە دەڵێین بە هۆی وەرگێڕانەوە هاتە ناو ئەدەبی عەرەبی ، مەبەست ئەوەیە لە کاتی وەرگێڕان هەوڵیاندا بە وێنـــەی جوان هونەری شیعر بپارێزن ، شـکاندنی کێش و سەروا بووە هۆی ســـەرهەڵدانی (پەخشـــانە شیعر) کە یەکێتی بابەت و وێنەیەو شــــیعرەکە بە زیندوویی دەداتە دەست ، ئەوانەی شیعری تازە بە ئاســان تێدەگەن بەهەڵەدا چوون ، چونکە شیعری تازە هەڵدێرێکی هەزار بە هەزارە . ئەوەی بەسەری دا زاڵ نەبێ ملی دەشکێ ..

٥ ـ الغابة والفصول ـ طراد الكبيسي ، ١٩٧٩ ل٣٩٦

٦ ـ ڕوانە ڕۆمانی (الجزر الوحشیه)ی هرمن مرفل ، ترجمة (محي الدين محمد) کـە زۆر زیرەکانە هەســـتی سەرەتایی مرۆڤی سەردەمی بەربەریەت لە دوورگەیەکی گۆشت خۆری دوور لە شاستانیەت دەگەڕێنێتەوە بەرهەســــتمان بە هەموو خوو نەریت و کەرەستە و ژیانیانەوە ..

٧ ـ الشجرة الشرقية ـ فاضل العزاوي ـ وزارة الاعلام ، ١٩٧٦ ، ل٥٢

٨ ـ دیوان کتاب الحب ـ نزار قباني ـ ل‌ح لە پێشەکییەکەیەوە ..

* * *



■ دڵنیا طاهر

خەندە

ئای دایە گیان !
تۆ ئەزانی تۆرپەی ژانی بێشــکەی ئەم ســــینە
لەت‌لەتەم
زۆر گرینۆکە ؟ ...
زەردەخەنەی لێوەکانی تۆی لێم ئەوێ !..
هەرچەن ئەکەم شەو تا بەیان بە لایلایە و
ئاوازی جوان
لەسەر نوێنی شرِی دڵم ئەینوێنم .
لە ئاسمانی دەروونمەوە ؛
هەزاران ئەستێرەگەشەی بۆ ئەهێنم
کەچی هێشتا ورِك ئەگرێ . هاوار ئەکا :ـ
مانگم ئەوێ .. خۆرم ئەوێ ! ...

★ ★ ★

ئەی دایە گیان !
وشە نەما لە فەرهەنگا
نەیکەم بە گەردانی شیعر بۆ گەردنە بێگەردەکەت ،
وەکو باران .. تنۆك .. تنۆك
رژامە نێو دەروونتەوە ،
کێڵگەی پاکی دڵم کێڵایت ،
گوڵی ئاڵی گونام چنیت ،
بەڵام نازانم بۆ دایــە ؟
ئەمدی جارێ خەندەی لێوی وشکەڵتووت ؛
وەکو کانیی بەهارانی وڵاتەکەم
لە ناخی دڵتا هەڵقوڵێ ..
ساڵ هاتو چوو و ، هەزاران رۆژیش
کۆچیان کرد .
بووکی بەهار ، تارای سووری لە [illegible] ،
هەوری خۆڵەمێشیی ئا[illegible]
فرمێــسك و برەی داب[illegible]
هەندێ ساڵیش ، نە[illegible]
گنمت وەرزەکان ؛
هەر قژ رِنینی درەختە [illegible] ماندووی
کەچی دایە ! رووباری [illegible]
هەر ئەرِوات و ، هەر [illegible]ت ؛
تــا درەختی زەردەخەنە [illegible]
.

★ ئەم شیعرە ، لە کۆرِێکا کە لە ١٤/٢/١٩٨٠ لــە شــاری هەولێردا ســاز کرا ، خوێندرایەوە .



شاعیران و نیتشە

فەیلەسووفێکی ئەلمانیو یاخیە ، تەنها لە گۆشەی ئەشکەوت نشینیەکەیەوە بە زرادەشت چوێندراوە .. کورتە نازناوەکەی [زارا]یە ، [فلیکس فارس] فەلسەفە نامەکەی بە سەرناوی « هکذا تکلم زارادشت » پێشکەش بە کتێبخانەی عەرەبی کردوە .

ئەوی خواناس سلی لەو وەرگێرانە ، نەکردوەتەوە ... بۆ تاقیکردنەوە ، جارێ ئەم بابەتەیانم لێ هەڵبژاردو لایەنە ئەدەبیەکەیم مەبەستە ... لەوێشەوە ، ئەوەم هاتەوە یاد :

لە بەرهەمی برێك لە شاعیرە لاوەکانماندا لایەنی تەمومژو لە کەوڵێکی دژواردا ، دەڵێی لاسایی دەقەکانی ئەمن !!

بەڕای لێکۆڵەرەوەکانیش ، خوێ‌هەڵسوون لە ئەدەبو فەلسەفەی ئەو کابرایە ، وێڵ بوونێکی بێسەرەنجامە ، ئەو تیژ داگرتنەو خۆ خواردنەوەیە[illegible]ستەی خۆیەتیو بەس ...

بۆ ئەو سەری گرتوە :

لە باتی ئەوەی کە لە گەرمەڵاندا بپیشێو لەبەر ئاگر خۆی سووربکاتەوە بە دەستە چیلەی سەهۆڵ ، هەڵ بپڕووزێو ببێتە کوڵوو !!

بۆ ئەو دروستە :

کە تینوێتی لاڵیکرد لەباتی ئەوەی کە سیخە سەهۆڵ دابکرمێنێ ، ژیلەموو بە هەناویدا بکاو بە سەلکە بزووت مژین دڵی فێنك ببێتەوە !!

زۆرینەی کەرەسەی دەربڕینو سەرچاوە ئیلهام بەخشەکانی ئەو بەخشینی دەورو بەرێکن کە لەگەڵ کەشو زەمینەی شیعری کوردیدا ناگونجێن ...

مەرجیش نیە هەرچی میزاجی ئەوانی پێ زاخ درابێ ، مەلاشووی ئێمەشی پێ هەڵ بدرێتەوە ... ئەمە واو بابەتی دەستە مۆش لە کۆچو رەودایەو سەر بە کۆشی ئەمو ئەودا دەکاو نازی دەگیرێ .

ئەم بابەتەیانی بە تیژو تیلەنگیو دێتە بەر چاو بەڵام بەچاو ئەوانی دیکەیەوە تەواو هێمنانەیەو خۆی لە بەرایی شاعیرەکانەوە توانج زددە ؛ دەکا ... مەبەستی من ئەوە نیە کە لە باوەڕی ئەودا ، خۆم حەشار بدەم ..... بەڵکو نموونەیەکە بۆ دژواریو تەمومژ . کەواتە بەبێ هیچ نیگەرانییەك بۆ ئەم گفتانەی :ـ

زارا : « لەوەتی راستیی لەشم زانیوە تەسكو تروسکانە دەرکم بەوە کردوە کە گیان « روح » هەر گیانەو بەس بەلای منەوە (هەر شتێك نەمرێ) نیشانەو رەمزە » .





رؤوف احمد ئالانی

مرید : « لــە زووشدا ئەوەت گوتوە کەچی ئەمەشــت خستە پاڵ : [بە زۆری شاعیرەکان ، راســـت ناکەن] ... کەواتە ئەمەیانت لــەبــەر چیــە ؟ » .

— « دەپرسی [بــۆچی] و منیش بــەرەو رووی پرســــــــینەوەنیــم ... چونــکە زادەی دوێنێ نیم ..

ئەوەی کە مەبەســـتمە لە مێژە دەرکم بــە هۆیــەکــانی کردوە گەرەکتە ببمە عــەمبـــاری بیرەوەریەکانم و هۆیەکانیان لەبــەر بــکەم ؟! ... نە ئەو عەمبارەمو نە ئەو هیزرەیەشم ...

لە خۆرەتاندا ئەوەندەم بەسە کە خودی ئەو رایانە فەرامۆش نەکەم ..

ئایا لەم جیهانەدا چۆلەکەی لانەوازنیە ؟!.. لە قەفەزەکەی خۆمدا باڵندەی ئەوەندە ســـەیر هەیە ... هەر کاتێ دەستی بەسەردا بهێنم هەڵ دەبزورقێ و هەڵ دەلەرزێ ...

رۆژێ لـــە رۆژانیش هـــــەر گوتــومە :

[شاعیرەکان کەمتر راستکۆن] .... خۆیشـــم یەکێك بووم لــەو شــاعیرانەو ریز پەڕ نیم ... هــەر بەو سەبارەتەوە گومانم پێ دەبەی کە بانگی راستیم هەڵ داوە !؟ ...

ئەو شتەی کە بەنا خوایشت دەنەت دەداو باوەڕێ پێ بهێنی چیە ؟

— « بێ گومان بڕوا هێنانمە بە زارا »

« بە بزەو سەر ڕاوەشاندنێکەوە :

بڕوایی هێنانتم رازیم ناکا ... با ئەوەندی کەش پەیوەندی‌ی بــە منــەوە هــەبێ ... هاتــو کەسێ بە متمانەوە گوتی : [شـــاعیران راستکار نین] ئەوە نیشانە شـــــکینەو چاریش نیە دەبێ ئێمەی شـــاعیر درۆی زەبەند بکەین ... تا ئــەو حەلەی کە مەزانستیەك بە دەست دەهێنین ...

کام شاعیرمان گزی لەو شەرابانە نەکردوە کـــە لەســــەر دابەکانماندا ژارە شیلەیەکن و دا دەچکێن ... ؟!

زۆر شـــتی **وەهایان تێدایە کە بەیان لـــە** وەســـف کردنیاندا بێ **مەودایە ، چونکە هەژاری** زانــــــتین ، خۆشەویستیەکەشمان **بەســـــەر** ئەوانەدا قلْپ دەکەینەوە کە **ئەوانیش لە ژێریــدا** هــەژارن .. بەتایبــەتی **خۆش‌ویـــــتنی کیــژە** نەفامەکانمان ...

هەوەس و ئارەزۆکانمان بەرەو ئەو شـــتانە هەلنگ دەدەین ، کە پڕو پیرێژنەکان لە کەپۆڕەی شەوارەدا بۆ یەکدی دەجوونەوە ..

ئێمەش لەکن خۆمانەوە هەمان رازو خواس بـــە یەکدا دەدەینەوەو دەی کە [illegible] ـــــەلەی (ئافرەتی نەمرو جاویدا [illegible]

وای لێك دەدە [illegible]

لەبەر دەمماندا تەخ [illegible] دەربە [illegible]

.. وای بۆ دەچین [illegible]

پەندیاری (حکمة)ی [illegible] مانــدووی [illegible] کە [illegible]

سەرجەمی شـ [illegible] ی ئەم باوەڕەن : [**کەسێک** پە [illegible] سمان و زەمین دەبا ، کە لــە پیچە [illegible] قەندا لێی دانیشتبێ و **خۆی لە** خامۆشی [illegible] دەبێ !!] .

هەرکە هەستەکانی **ئەو** خامۆش خوازانـــە دەمەزەرد بوونەوەو پێیانەوە هەژان ، خەیـــاڵ و ئەندێشەیان رەها دەبێ ، وا دەزانن ســـــەرتاپای سروشت یارە گیرۆدەکەی لەمەڕ خۆیانەو بەسەر



گوێلاکیاندا دە چەمێتەوە ، خەیاڵ زەدانە دەتلێنەوە بۆ پێشوازیی سرووشتی بەیانە ئەفسوونیەکان ... کە پاڵەپەستۆی ئیلهامەکە رایتەکاندن ، ەلبەر دەمی ئەو گشتە زیندەبوانەدا دەوستێن .. ئەوانیش بەرەو نەمان دەبنەوە ..

داخەکەم لە نێوان ئاسمانو زەویدا شتی زۆر هەیە .. تەنها شاعیرەکان خەونیان پێوە دەبینن ...

زۆرینەی ئەو شتانەش لە ژوور ئاسمانەوەن گەلە خواوەندەکانیش هەڵۆڵە پەیکەرو نیشان بەندێکن ، شاعیران دایان هێناون !!

راستیەکەی : بڵندانە دەکشێین .. بەرەو مۆلگەی پەڵە هەورەکان باڵامل دەبینو تۆپە رەنگاو ڕەنگەکان فوو ئاوسێن دەکەینو رەوانەی ئەوێیان دەکەینو ئنجا بە خواوەندو ئادەمی ناو دێریان دەکەین .. ئەوانەش چونکە سووکەڵەن ، لێیان دەوەشێتەوە کە بەسەر ئەو باڵا کورسییانەوە رۆنیشن .

ئەی هاوار !

چەندە بە دەست ئەو نە کاملانەوە ماندووم . گەرەکیانە بە ئەژمار خۆیان بکەنە شت .... ئەوەندەی دیکەش شاعیرەکان ماندوویان کردوم ؟!

[هەر ئەوەندە زارا قسەکەی ترازاند ، مریدەکەی گەردشی تێ بەربوو .. بەڵام پیشی خواردەوەو نقەی نەکرد ، زاراش بێ دەنگانە تیلو نیگای لێ وێك هێنا ... وەك بیەوێ ئەم پەڕاوپەڕی زاتی خۆی وەدەر بکەوێ] .

هەناســـــەیەکی ئاســـوودانەی لێدایەوەو گوتی :

من زادەی دوێنێمو لە دێرینە زەمانێکم .. شتێکیشم تێدایە لە سبەینێو دوای سبەینێ ..

شاعیران بە کۆنەو تازەیانەوە ، شـــەکەتیان کـردوم ... ئـەو کـــەفـو کولەن کـــە روون بوونەوەیان لەبنـــەوە نیـــە ... نێـوەندو پنچکی وشکە دەریان ... بیرو هۆشیان پڕشـــــتی چوونە ناخی نیە ... لـە نێو شـەپۆلەکاندا بــە یەکـەم لرفەو ڕاپێچ هەســـــتو پەرۆشیان لــە گۆ دەچێ ..

باشترین شـت کە لە بیرەوەرییاندا بـەدی بکرێ : چکێکە لـە هەوەسو چکێکە لـە زویریو پەستی ....

دەریا شـــــیعریەکانیان ملەمــاو بوارەیەکن تارماییەکان بەســــــەر کێشـــــــــە دەنگەکانیان (تفاعیل)دا ، هەڵ دەتریزێن .. ئــەو هێزانەی کە لە کرکەو لەرە دەنگەکانیاندا ، شاراوەن هیچ شتێکیان لێ نازانن ، شـــاعیرەکان بێگەرد نین ، چونکە گۆلاوەکانیان لێڵ دەکەن ، تا مەردمگەلەکە فریو بدەنو بییان خەنە گومانەوە ...

دەیانەوێ لە نێو بیرو باوەڕە جیاوازەکانیاندا خۆیان بەســـەرکەوتوو حەلێب بکەن کەچی هێمان لە گەلەی ئەو کردە نا تەواوانەن کە بەلاپێی سەر گـەردانیـــدا دەڕۆنو بـــە دژوێنیی خـۆیـان ڕووناوەکان لیخن دەکەن ...

بە تاســـەوە چەندان تۆڕم داهێشـــتونەتە دەریاکانەوە ، تا باشترین ماســـــییان تێـدا راو بکەم .. هەرکە رام دەکێشانەوە کەللەی کۆنـــە خواوەندەکانیان پێوە هەڵ زنابوو ....

ئەوەش دەریا ، تەنها بەردە لیســـۆکە بـە برسیەکان دەبەخشێ ...

وا دیارە شاعیرەکانیش لـە دەرپاکەوە دەر پەڕیون .. ئەگەر چی لـە نێو ئەوانیشدا هەندێ مرواری هەیە ...

ئەو شاعیرانە لە سەدەفە ماسی دەچن ... بەلام کـ ەدەســـــتم لـە هەناویان ڕادا لـە بـاتی مرواریی تاکانە ، کـەفـە خوێم بـــە چنـگەوە هــات !

شاعیران بە فیزە بای دەریا پندرو فەریـك دەبنـــەوە ... وا دیـارە دەریاش لـە تاوس بـە فیز ترە ...

هەر دەریایەو بەرەو رووی گامێشـــــــە بلحەکان تل بە شەپۆلەکانی دەداو باوشـــێنە ئەتلەسیەکانی دەپەخشێنێو شەفتوولی تەکبەندی زیوین کێش دەکا ...

کەچی گامێشـــــــە بلحە بە خرســـیەوە مۆڕەتیلی دەداتێ ، چونکە گیانی ئەو ، بەندەواری زەلێنی دەم قەراغە .. لە ملومۆشی لەوەڕگاکەی جیـا نابێتەوە .. ئیـدی چی بەســـــەر جوانیو شەبەنگی شەپۆلی دەریاو شۆخیی تاوسانەوەیە ؟!

نموونە دیمەنێکەو بۆ شـــاعیرانم هێنایەوە ڕاستیەکەی :

بیریان تاوسی لە [illegible] ە دەریـای قرمنیو لـە خۆبای [illegible] ـوك دەگرێو داوای بینەران دە[illegible] دەربەست نایـە .. بابینەرەکەش گاحۆ [illegible] ..

ئـەم بیرکردن[illegible] ە مانـدووی کـردم .. زەمانێکیش دێو دو[illegible] کە [illegible] ێ ڕوانینە بە زاتی خۆیانەوە هە[illegible] بزم دیوە لە شیعرەکانی نەبانو بەرگەشـ[illegible] کۆتکەی خەشم بەسەر رابوردوویاندا قلپ دەکاتەوە ... هـەنـدێکیان پـاکـــانەی بیرەوەریەکانیـــان دەبژێرنەوە ...


ئـــەو بیر گومڕایـــانـەش کـــاروانزادەی شاعیرانو لە ئەوان کەوتونەتەوە .

هەرە هەرە
بێشەمانێ فدوبر بکەڤە
ئەڤینا تە جەبو خارە
سستو خاڤە
هەرە خانمێ ژمبکەرە
ئەڤە راستیا شێعرا منە
ژ دەریا چاڤێت تە ناهێتە رستنە
هەی خانمێ
شێعرام ژ عەشقێ بێ بارە
شێعرام کوڤانو ژانە
شعرام عەمەکا ژارە
هەرە هەرە
هەي خانمێ
شێعر نەمسكو عنبرە
شێعر نە کلێ رەشێ چاڤێ کچکایە
شێعر نە پەیڤێت جوانن
نە دمردێ نەڤیندارایە
هەرە هەرە
شێعرا منو ئەڤینا تە ژیك جودایە
شێعر نە گولە سینگێ تە بێ بخەملینم
نە پەنجێت منن پرجاتە پێ بڤەهینم
شێعر خەنجەرە د چکلیتن
داکوو نیڤا سینگێ دوژمنا رابیتن
شێعر ژانە
ژەهرە مارە
دامێلاکێت داگیرکەرا ب هنجنیتن
هەرە هەرە
شیعرام کوزکو چەپەرە
زەریو پەرێت وەلاتێ من
تێدا د
ل بەر
بەر پەر
پەرێت روژێ
هەرە هەرە
شێعرام چرایە
ری‌یا کاروانێ
هەرە هەرە
ڤەد ژێرێتن ژ سەنگەبەرا
ڤە دمالیتن
ژبیشو پەلەخو کەلەما
هەرە هەرە
شێعرام نە پوشیا گولێت
پورتا تەیە
نە بو بەژنا تە کەمەرە



نە خێلی‌یە نە خەلاتە
شیعر چەکە
جارا قەزمێ پالێ ژارە
چارا بو چوتیارا مەرە
هەر دەم لخەباتێ بلەزو بەزو کارە
هەرە هەرە
من ب هێلە لمن نەگەرە
شیعرا منو ئەڤینا تە
نە لژڤانە
شیعر خولیا دلێ بژانە
دەمێ د سوژیت
تێکەل د بت دگەل خوینا لناڤ دەمارە
دایکا رەبەن
هەڤـ د کەت

هەرە خ



.كو زاروكێت برسی پێ
هویش كەت ژ زارە زارە
هەرە هەرە
ئەڤینا تە بێ باوەرە
وەك نانێ سێلێ‌یە نە پشتە نە بەرە
شێعر ل باتە كاسێ مەیە دێ نوشی
كەسك‌و سورە
دێ ل بەر خو هلاڤێژی
شێعر لباتە هەلبەستا
شەڤە روكێت كوچكا میرە
دێ هێیو ل بەر لەیێزی
هەرە هەرە
شێعر تاڤە مژە عەورە
دەمێ عەسمانێ د وەستێیت

ڕهو جیزوكێت شینكاتی
دكەن گری ؛ د خریكێن دچن
ژێ زەڤی‌یێت هشك‌و تینی
ئاڤێ د خازن
دبیتە باران‌و بسەردا دهێت
دبیتە خوناڤ‌و بسەردا دهێت
هەرە هەرە
هەرە پێشەمانێ هێشتا
ئەڤە سەرە
شێعر نەدرو مەرجانن
بخو بخازی
نە كێسكێ خەنا دەستایە
نە ژی كلدانی چاڤایە
شیعر داسە
شیعر بڤرە
رهێت دارا زورداری‌یێ
ڤەدكو لیتن
شێعر ڤەوارەكێ تژی هزرو بیرە
هەمی رێكا لبەگ‌و ئاغا
ڤە دیریتن
شێعر گازی‌یەو هەوارە
گەنی دلێ دەرەبەگا
دبجینیتن
شێعر مەدارەیەو جەنجەرە
هشكە مەژیێ
گەڤنە پەرستا دهێریتن
شێعر باوەڕەو زەڤەرە
نڤشتوكێت دەروێش‌یێ
درینیتن
بازبەندێت درەو دڤەجیتن
هەرە هەرە
چ گاڤا دلێ تە دئێشیت
بخەم دكەڤیت
لن نەگەرە
شێعرا من نە تەمبیرەكا گەرە
نە ئاوازەكێ هین هندە
بو تەی ڤەرە
شێعر دەنگێ هایە هایە
لاندكا ساڤا ڤە دگێریت
مینا شیرێ ماكا دمێژیت
شێعر كراس‌و كورتەكە
لەشێ هەژارەكێ سێوی
ل دەرو كولانا دنخێڤیت
ژێ ساهی‌و ستێرا دڤەشێریت



هەرە هەرە
شیعر رەنگێ رەشالەکا ب سەرو بەرە

زاروکێت بێ بەژنو دامای
لبەر دەرا زینگا مزگەفتا

سرێ بری
فێردکە تە وەستیکو پیڤا
فێردکە تە خوزیو هیڤیڤا

ژیرا دەبیتە نهانی
ژیرا دەبینە نهانی
هەرە هەرە

هەی خانمێ
بارێ تە لمن کری هەمی
گەڤو گوڕە
ئەو خەلاتێ تە ژم خاستی

هیڤی بڕە
ریکا تە بو من بژارتی
کەندو کورە

هەی خانمێ
ئەڤ پەیڤەنە
سامانێ منێ هەژیو گران

وەلاتێ خو پێ د بەرێسم
نەشێم بو تە بکەم خەلات
هەرە هەرە

هەی خانمێ
چ قەولا لسەر من نە ڤەبرە
ئەز نەشێم چ بارێت گران بهلگرم

چ تەڤنێت نوی ژ نویکا برێسم
خوزیەکا درەو ئبالیسم

هەرە هەرە
هەی خانمێ
بەس دلێ م ژ خەما پرکەو داگرە

لبیرا منە
دەمێ ئەزێ ساڤاو بوچیک
دێ گوتە من





زارۆلــــك دنـــاڤ ســـــترانا كــوردیـــ دا

• سەرگڤان عبدالحكیم

تورێ كوردی گەلەك خـەم ژهــەمی لایێت جیهانــا مللەتێ مەیێ گری بەلێ مۆخابن گەلەك لا تێدا گەش بونو هندەك لاژن پێنە پێ نەهــاتـــە كرن وپشت گوهـ هاڤێتن ..

نــزا بۆ چی تورەڤانو نقیسەڤانێت كورد گوهـ نادەنە ســترانێ .. چی هــەی ژێ درەڤن هەر وەكی دوژمنەكیە .. كەس نەوێریت دورڤە بێت یان خۆ ژێ د كرن چنكو مۆخابن نزانن ستران وەك ئاخێیە ئەم هەمی بپیاڤە د چینە ســـەر بەلێ ئەم دپەرێـــین ژێ یانژێ نزانن كو مللەت تێنە نیاســـین بسترانێت خۆ وژبیركرن گوتنا برناردشو دەمێ دبێژیت هونـەر وەكی ئەخلاقیە .. دپارچە كە ژساخلەمیا كومەلێ .. وئەڤروكە بدلەك سوتی وهنائەك كوزریو چاڤەك تژی پێ شـــەمانی داخازی ژهــەمی برابێت خودكـــەم نقیسەڤان دتورە ڤانێت كورد كو بیچەكێ لــدور خۆ بزڤرنە ســـترانێ [illegible] استیا مللەتێ مەتێدا ببینن .. دا [illegible] ـەو بزافــا باب وباپیرا كری ژبو [illegible] تێش كــەفتنا مللەتێ مەچنكو ئەوا چ دەر[illegible] ن نەڤوتان و چ ریبار نەمان تێدا مەلەڤانی [illegible] ین ودڤێ گوتارێ دا دێ هندەك چبكا دەرێخ[illegible] هەوە ژوێ دەریابێ كویر ئەدا ڤژی ســـتران[illegible] ـەرێ مای بێ كـــەس وخودان .

ژ سترانێت بناڤو دەنگ لهەمی كوردستانێ لدور زاروكا دهاتنــە گوتن سترانا (لاندك) یـان لایێ لایێ ودبێژن كولیكدا دارێ لاندكێ دوەریـــا ددەمێ ئەڤ سترانا هاتیا گوتن .

(لایێ لایێ عــەزیـزێ بــەر دەیـكا خۆلایێ

دێ بنقه شـــــــــرینێ بـه دیا رادەیکاخۆ لایێ خوزی ژ خێـرا خۆدێرا حاکمەکێ عـادل لکا ڤله گوندێ ممدا هەبا خالمت ئینابا شینا وابێ) .

وهـەر دەیکەکێدا لدویف کوڤان و ئێش و زانێت خو بێژیت و تێیدا دیارکەت یان دابەحســا بابێ زاروکێ خۆکەت دەمێ چووبا کاروانی . .

وژسترانێت دهاتنە گوتن بو زاروکێت مازن بوین وژلاندکێ دەرکەفتین ئەو هێزکێت دهاتنــــه درســـــت کرن لناف داروبارا ودا دەریا پێفەکەنو گرێدەن وئێك یان دوو دا لێ‌سوبارین دهەڤالێت وی‌دا ڤێ سترانێ بێ بێژن . .

هێـــــــــزکێ نـــــوکـێ
رتلێت حمســــــــــنوکێ

کەتنـــــه بنێ جـووکێ
جووکـــا مـــەیـــا کوره

عمســـمان ژمــه دویــره
گــورگـــا لویــره لویــره

یانژی دا هندەك هەڤال دەست بستوین ئێك ئەنن و ســـترانا بخۆ بێژنو ئەف چەندە بهزرا من خوشتڤێ ودلوڤانێ دیار دکەت لناف بەرا زاروکێت گەلەك هەڤال وژسترانێت بەلاڤبوین لناف مللەتێ مەدا سترانا هەڤالێ هەڤالوشکێ) . .

هــەڤـال هەڤالوشـــــکێ
نـــانو پەنیروشــــــــــکێ

کـــەکێ‌من عــەبـدالــــــه
بێ پشــــــــیر ومەتـالــه

شیرێ وی شکەســـــتی‌یه
ـــــــــرداریێ رومی‌یه



گەلەك جـا ده زاروك داکومبف ودانێك گازی کەت یێدی بەرسڤا وی ددت بـــەلێ ؟! دابێژی رکێ تەچ دخـــۆت داشڤان جابا وی دەت. بەلێ. .چ دشوت. . تژی مەنجەلێ دابێژنێ میـــری بێ گوتی بنڤی . . ئینا دا ئەو زاروکێ خۆ کریه شڤان بسترانەکێدا دگەل پەزی ئاخڤیت دبێژتێ . .

پەزکو بنەخ . . بنەخ
بێهنا نانێ سوتی بێ تێت
بێهنا گرارا بوسی‌یێ تێت

وهـنـده جـارا مالێ نـــەد هێلا زاروکێ‌وان ژمالێ دەرکەڤیت ئینادا دوســـێ زاروی کومبتو ئەستا نێزیك مالا هەڤالێ خوکەتو بـــسترانکێ‌دا بێژن . .

هانیا مانیا کوتلکێت دانیا
دمەڤکا کابانیا هەچیێ بچیکێ خۆ نەڤریکەته یــاریــا

ودڤێت ژبیر نەکەین کو هێژك بەلاڤبون لناف گوند وگوهرێت کوردا وگــەلــەك جـــارا دەیــك داهندەك سترانا ژزاروکارا بێژنو پشتی هینگێ‌دا زاروك وێ سترانێ ژبەرکەت ددانیشــا هەڤالێت خۆ دەتو داڤێـــکرا بێژن چــکو زاروکێ تـامـا سەربەستیێ وتەناهیێ بزانیت زوی ســــــتران وقەسا ژبەر دئەت . . یانژی زاروك دا قەســـتا چیاکەت وداچنه داراو لوتێ داڤێ ســــــترانێ بێژن . . ئەڤاژدەیکا خۆ گرتین . .

گەلێ بچیکا دابچینه دارا
ومریسکا بینن بەر بینەوارا
پشتێت خۆ چێکن زوی ومرنەخارا
داخۆ بەردەینه بنێ بەیارا
خەلکێ خائینه نەمینه لوارا

ئەم هەمی دزانین شـــەڤێن زڤــــــــــــانێ لکوردستانێ چەند سروسەرمایه . . سەقەمە . . وهــاریــکاری بێ هـــەی لناف خـــەلــکی گونــدی دشــــــەڤەروکێت کوردا بناف ودەنگن نەخاســــمه دەمێ دچونه دســـــــــــتار هێرانێ یان جوهنی قوتانێ . . هۆسادا هندەك بـــپور ، هەڤال چ کچ بان یان کور دالمالەکێ روینن دشولێ‌وان خلاسکەن دهەکه مالا قەلس‌یا وقەدرێ وان نەگرتیـــا داڤێ سترانێ بێژن . .

چوخکێ ممرا ممرا
دابچینه ڤەوا
پاشیف نەدا ممرا
چوخکێ ناف گارسی
پاشیف نانێ پنزسی
کابانی لبەر رەڤسی

ئەڤه کورتیـــەك کێم بۆ ســـــــەر زاروکێو ســــــترانێت وی دئەف سترانە لنـــاف دەســـــتێ من دابۆن فێجا هەکـــه کێم وکۆرتیـــەك هەبن لمن نەگرن چونکه ئەڤەشیانامن بۆ ودەستێ من هـنـد درێژ بۆ دئەڤە ژمن هات وهیڤیا من ئەو خزمەتـا تورێ کوردی‌یه ومەچ هیڤێت دێ‌نوینن .



جیم پیمبەرتۆن

چیرۆکی □ ویلیەم سارۆیان
وەرگێڕانی □ عبداللە پەشێو

له ئینگلیزی‌یەوه کردوویه به کوردی

لەسـەر شەقامی (پیچ)[1] ، له بووفێتی چێشتخانه سەفەری‌یەکەی (ویلی) دانیشتبووم. بەدەم خـواردنی هەمبـەرگرێك‌و خواردنەوەی فنجانه قاوەیەکەوە ، لەگـەڵ (ئیللا)ی کچـه بووفێتەواندا ، کـه هێنده لەمێـژ نـەبوو لـه تکساسەوه هاتبوو ، قسەم دەکرد . ئالەوکاتەدا ، باوکم خۆی کرد به ژووردا ، شەپقەکەی فڕێدایه سەر مێزی بلیارد ، چاکەتەکەی داکەند ، لوولی‌داو خستی‌یه پاڵ شەپقەکەو گوتی :

— « تریگ ، هاتووم سـەرت بپەرێنم . تۆ چوویت به مسز شێریدانت گوتووه من قەت سەربازیم نەکردووه » زۆری نەمابوو هەمبەرگرو قاوەکەم له زار حاسێ بێ کـه ئیللا پێی‌گوتم دەسـتی چەپم هەڵبڕم بۆ ڕاگرتنی کۆخەکەم(۲) !

بابم گوتی :

— « تریگەر ، لەسەر کورسی‌یەکه دابەزه » .

گوتم :

— « هیچ نەبێ ، بـابـه ، لێگـەڕێ بـا هەمبەرگرەکەم تەوا[illegible]

باوکم گوتی :

— « باشه . تۆ چو[illegible] شـێریدانت گوتووه که من له [illegible] ژیانمدا کەسێکم نەکوشتوه . دوای [illegible] زمان درێژی‌یەی تۆ نایەوێ چیتر من ببینێ » .

گوتم :

— « ئێ بـەڵام بوارم بـده هـەمبەرگرەکـەم تەواوکەم . ئاشکرایه که تۆ کەسـت نەکوشتوه ، خۆشت ئەمه چاك دەزانیت » .


بابم گوتی :

— « چـۆن دەزانیت ؟ تۆ دڵنیـای لـەوەی دەیڵێی ؟ » .

گوتم :

— « نەخێر تەواو دڵنیا نیم ، بەڵام تێناگەم تۆ کەی‌و بۆچی خەڵکت کوشتوە ؟ » .
بابم گوتی :
— « لەمەیان گەڕێ . کاتی ئەوەم نی‌یە شت بۆ تۆ روون‌کەمەوە . وە زووکە ئەم لەتە هەمبەرگرەش ئاوا کەو بە خۆ کەوە . سەرت‌دەپەڕێنم » .
ئنجا ڕووی بە لای ئیللادا وەرچەرخاند :
— « رۆژباش ئیللا » .
پاشان بە هەموو میهرەبانی‌یەکەوە گوتی :
— « هەندێك گۆشتی نەرمووکم بۆ سوور کەوە . بەڵام بتبینم ! » .
ئیللا گوتی :
— « هەر ئێستا ، مستەر پێمبەرتۆن » .
پاشان گوتی « دیسان دەتانەوێ لەگەڵ تریکەردا بە شەڕ بێن ؟ » .
بابم گوتی :
— « مافی ئەوەی نی‌یە لێرەو لەوێ درۆو دەلەسەم بۆ هەلبەستێ » .
گوتم :
— « درۆم نەکردوە . ئاخر تۆ کێت کوشتوە ؟ ئا دەی ناوی تاقە کەسێکم پێ بڵێ » .
بابم گوتی :
— « جا یەکێك چی‌یە ؟ دەتوانم هەر بە سەری پەنجە چواردە ناو بژمێرم » .
گوتم :
— «جا تۆ نەك چواردە ، بگرە دە ئەنگوستیشت نی‌یە . هەشتت هەیە . دوانت لە کارگەی داربڕینی (پیری) لەسەر دانا » .
بابم گوتی :
— « وا نی‌یە ... نگدا ، لەپێناو نیشتماندا ، دوو پەنجە... »
گوتم :
« ئاخر بابە ، تۆ خۆت چاك دەزانیت کە تۆ قەت چاوت بە ئەورووپا نەکەوتوە . تۆ هەر بە خەیاڵ گیات هێناوەتە چۆکان » .
گوتی :
— « ئێستا پێت نیشان‌دەدەم چۆن گیام هێناوەتە چۆکان . بەهۆی تۆوە مسز شریدان بە پاڵەوانم نازانێ » .
گوتم :
« جا راست دەکا ، بابە » .

گوتی :
— « باشە . کەوابێ بە خۆت کەوە . مادام وا لە مەسەلەکە گەیشتووی سەرت دەپەڕێنم » .
گوتم :
— « دیسان ناچارم مەکە لێت‌دەم » .
گوتی :
— « دیسان ؛ کەی تۆ لە منت داوە ؛ »
ئیللا گوتی :
— « ئەیرۆ ، مستەر پێمبەرتۆن ، دوێنێ تریکەر لێرە ، لە بەردەم چێشتخانەکەدا لێ‌ی‌دای »
بابم گوتی :
— « با نیوەی جەمەکە پیوازی سوورکراوەی لەگەڵدا بێ » ئنجا : « ئێ‌ی‌بیللا ، تۆ چۆنی ئایا کوڕەکەم قسەی بەتوێکڵت بۆ ناهاوێژێ خۆت دەزانیت من دژی ئەم جۆرە شتانەم سەری دەپەڕێنم » .
ئیللا گوتی :
— « ئەیرۆ ، مستەر پیمبەرتۆن ، تریکەرکوڕێکی یەکجار ناسکە . تریکەر رەوشت پاکترین قۆزترین کوڕی کینگسبورگە » .
بابم گوتی :
— « من قەت پشتگیریی کەسانی‌وا ناکەم کە تەشقەڵە بە کچێکی بێ‌تاوانی وەکو تۆ بکەن هەرکاتێکی کوڕەکەم داوای لێ کردبێت لەگەڵیا بچێتە دەرەوەی شار ، یەکسەر بە من بڵێ من سەری دەپەڕێنم » .
ئیللا گوتی :
— « ئەیرۆ ، جا من خۆم پێم‌خۆشە لەگەڵ تریکەردا بچمە دەرەوەی شار » .



بابم گوتی :

— « کچی نەکەی . لەوێ دوو دقیقەی پێناچێ، لەناو قانە گیایەکدا پشتت دەدا بە زەویدا ».

ئیللا گوتی :

— « تریگەر کاریوا ناکا » .

بابم گوتی :

— « دەکاو دەشکا . وا نییە کوڕم ! » .

گوتم :

— « نازانم »

چاوێکم لە ئیللا بڕی‌و وام بە خەیالدا هات کە باوکم بۆ یەکەمجار لە هەموو ژیانیـــدا راستی گوت. بۆ یەکەمجار لە هەموو ژیانیدا جلەوی بۆ خەیالی خۆی شل نەکرد . لەوە دەچوو کە باوکم مەبەستی هاتنەکەی خۆی لەبیرچووبێ . بەمە دلم خۆش بوو . نەمدەویست ئەو چەند ساڵە خۆشـــەی لە ژیانی باوکمدا ماوە ژەهراوی‌کەم .

بابم گوتی :

— « دەســتم داوێنت ئیللا ، نەکەی لـەگـەڵ تریگەردا بچیتە چۆلەوانی ، پاشان بە دوو قسەی شیرین‌و رووێکی خۆش لە خشتەت دەبا »[٢] .

ئیللا گوتی :

« من لە پیرێوە لەم ناوەم. تا ئێستا کەسێکم نیو هێندەی تریگەر بە دلدا نەچوە » .

گۆشتەکەی وەرگیڕا . ئنجا رووی کردە بابم :

« تەماشاکە . چۆنە ! » .

بابم گوتی :

— « دەستت خۆش » .

بابم هات لەسەر کورسی‌یەك ، لە تەنیشتم دانیشت . گوتی :

« تریگەر . زەحمەت نەبێ . بڕۆ لە دەرەوە چاوەڕێم بکە تا نانەکەم دەخۆم . بە سکی برسی شەرم پێ ناکرێ » .

گوتم :

— « بابە ، من دەبێ بچمە کۆلیسـبووم .

بابم گوتی :

— « دەتوانیت پێنج دەقیقە چاوەڕێم کەی » .

گوتم :

— « ئاخـر مـن گفتم داوە لـەوێ بم . دەچم هەندێك بە (هاڕی ویلکێ) رادەبوێرم. بۆچی بابە ، فیکری چیت هەیە ! » .

بابم گوتی :

— « دەمـەوێ بچیتـە لای مـسـز شریـدان‌و پێی‌بڵێی من لە جەنگدا حەڤدە کەسم لـە ئەلمانەکان کوشتوە . هەر ئێستا بڕۆ ، وا مـسـز شریدان لە ماڵەوە ، لە هەیوانەکـە دانیشتوە . رۆژێکی خۆشی وەك ئەمڕۆم لێ بەسەرناچێ ئەگەر خەیاڵی ئافرەتێکی جوان لە کەللەمدا نەخولێتەوە » .

گوتم :

— « بابـە ، ناتوانم . دەزانم مـــسز شریـدان بڕوام پێ ناکا » .

بابم گوتی :

— « دەکا ، دەکا. ئەو بڕوا بە هەموو قسـەیەکی بێسەروبەری تۆ دەکا. ئەوەشت لەبیرنەچێ کە ژمارەی کوژراوەکان حەڤدەیە » .

گوتم :

— « بەڵام لەراستیدا تۆ شتی‌وات نەکردوە . توخوا کردووتە ! » .

بابم گوتی :

— « کردبم‌و نەمکردبێ وەك یەکە .

ئیللا خواردنەکەی هێنا . لەنێوان کەوچکێك‌و چەقۆیەك‌و چەنگاڵێکدا لە بەردەمی باوکمی دانا . گۆشتەکە هێندە جوان سور کرابۆوە رەنگی خوێنی هەڵگرتبوو . پارچە گۆشتێکی گەورەی بە چەقۆکە دابڕی . لە دەمی خۆی نـا . بە رووی ئیللادا گرژی‌یەوە . پاشـان گوتی :

— « ئیللا ، تۆ کچێکی بێتـاوان‌و رەندی[٤] . چاوەڕێ دەکرێ هەر لەم رۆژانە داخوازی بکرێی . جا لەگەڵ تریگەردا مـــەچوە چۆلەوانی ».

ئیللا گوتی :

— « مستەر بیمـ[illegible] من خۆم ئـارەزوو دەکەم بچم » .

ئنجا رووی لە [illegible]رد :

« تریگەر . دەی [illegible] چاکە بچووکەم لەگەڵدا بکە ، باشە ؟ »

لەوساتەدا شانازیم بە باوکم کرد .. چەنـد بەقیافەت بوو هێندەش گەمژەڵ‌و گێلۆکە بوو .

گوتم :

— « دڵنیا بە ، بابە ، بە مسز شێریدان دەڵێم کە تۆ لەشکرێکی ئۆتۆماتیك بـەدەستت قڕی‌کردوە » .

بابم گوتی :

— « دە هەر ئێستا برۆ لای مسز شێریدان ، وا لە هەیوانەکە ، لەسەر کورسی یەکی هەژێنەر دانیشتوە . پێشی بڵێ لە نانخواردنەکە ببمەوە دێمە لای » .

گوتم :

— « دڵنیا بە ، بابە »

ئیللا گوتی :

— « خوا حافیز تریکەر »

گوتم :

— « خوا حافیز ئیللا » .

چوومە دەرەوە . سواری ماتۆڕی هارلی داڤیدسۆنی(٥) بۆرە بووم‌و تا شەقامی (ئێلم ئەڤینۆ) گیر نەبووم . بابم راستی کرد ، مسز شیریدان لە هەیوانێ دانیشتبوو ، بەڵام تەنیا نەبوو . (رالف ئاتن) لەلای بوو . مسز شووشەیەك ئاوی شاتووی بە دەستەوە بوو دەیخواردەوە .

ماتۆڕەکەم هەڵپەساردو چوومە هەیوانێ مسز شێریدان رووخۆش دیار بوو ، بەڵام رالف ئاتن رووترش بوو ، بەتایبەتی کە چاوی بە من کەوت . من قەت حەزم لە (ئێفی) کچی رالف ئاتن نەدەکرد ، کەچی ئەم وایدەزانی دەستم لەگەڵیدا تێکەڵ کردوەو داوای لێ دەکردم بیهێنم . من داوای بەڵگەم لێ‌ی دەکرد کە منالەکەی ئێفی لە گیب فیشەر نی‌یەو لە منە . ئەم دەیگوت منالەکە هیچی لە گیب فیشەر ناچێ.منیش لە سەر قسەی خۆم سوور بووم کە لە منیش ناچێ . جار جار هەڕەشەو گوڕەشەی لێ دەکردم کە دەمدایە دادگای بەرز بەڵام ئەمەیان هە[illegible] .

گوتم :

— « ئێوارە باش ، مسز شیریدان » .

مسز شیریدان گوتی :

— « ئێوارە باش ، تریکەر ، فەرموو دانیشە».

گوتم :

— « ئێوارە باش مستەر ئاتن » .

گوتی :

— « کوڕم ، بەم‌ئێوارەیە چ تۆی گەیاندە ئەم ناوە ؟ » .

مسز شێریدان گوتی :

— « دانیشە ، من و رالف دەمانەوی قسەت لەگەڵ بکەین »

چووم بەرامبەر هەردووکیان دانیشتم .

گوتم :

— « فەرموو مسز شێریدان ، لەبارەی چی‌یەوە گەرەکتانە قسەم لەگەڵ بکەن ؟ » .

مسز شیریدان گوتی :

— « لەبارەی هۆمێری کورتەوە ، کە لە ئێفی‌ی کچی بچووکی رالفت بوە » .

گوتم :

« هۆمێر کوڕی من نی‌یە » .

رالف ئاتن گوتی :

— « لەمەیاندا تۆ بەهەڵە چووی . تریکەر ، زۆر بەهەڵە چووی . هۆمێر کتومت لە تۆ دەکا ، لە باوکی تۆ دەکا . لە باپیری تۆ دەکا . هومێر هەر پیمبەرتۆنێکە بۆ خۆی » .

گوتم :

— « مستەر ئاتن ، تۆ هەر بە خەیاڵ گیات هێناوەتە چۆکان »

« نەخێر ترێکەر ، هۆمێر کوڕی تۆیە . وا بە قسە هاتوە.لە قسە کردنیشدا وەکوو تۆیە».

مسز شیریدان گوتی :

— « تریکەر ، تۆ هەقی وایە ئاوڕ لە منالەکانی خۆت بدەیتەوە » .

گوتم :

— « مسز شیریدان ، چۆن شتی‌وا دەڵێیت ؟ منالی چی ؟ من ژنم نی‌یەو نەمهێناوە » .

مسز شێریدان گوتی :

— « ژنت هەبێ‌و نەبێ ، تۆ هەر لەم‌ناوەدا چوار منالت لێ کەوتۆتەوە . تۆ بەم ماتۆڕە زۆر بەئاسانی ئێرەو ئەوێ دەکەیت‌و بە هەموو ژوانەکانی خۆت رادەگەیت ، هەروا زووش دەتوانیت بۆی دەرچیت‌و خۆت لەو کیژە نەفامانە رزگار بکەیت کە دەسخەرۆت کردوون » .

گوتم :

— « ئەم ماتۆڕەم هەر بۆ ئەوەیە کە رۆژنامەی سان فرانسیسکۆی پێ بگەیەنمە فێرمەرەکانی(٦) ئەم ناوە . ماتۆرەکەم هەر بۆ ئەوەیە » .

مسز شیریدان گوتی :

« من نالێم وانی‌یە . بەڵام رۆژنامە هێنانی تۆ لە سعاتێکی بەیانی‌یان پتر ناخایەنێ ، منالەکانی تۆ جوانترین منالی ـ کینگ کاونتی ـ ن . زۆر جێ‌ی داخە کە تۆ دەستیان بەسەردا ناهێنی .

مستەر ئاتن گوتی :
— « تریگەر ، بۆچی ئیفی‌ی کچم ناخوازیت ، تا نۆترە بگریت‌و ناوێکیش بۆ خۆت پەیدا کەی ؟ » .
گوتم :
— « ناوی چی‌و مەبەستت چی‌یە ؟ »
مستەر ئاتن گوتی :
— « ناوێکی گەورە ، بۆچی ئارام نابیت‌و خۆت ناکەیت بە پیاوێکی بەڕێ‌وجێ ؟ » .
مسز شێریدان گوتی :
« تریگەر ، مستەر ڕاست دەکا . لام‌وایە تۆ هەر تەکانێك بدەیتە خۆت دەتوانیت شەخسی‌یەت بۆ خۆت پەیدا کەی » .
کە بیرم کردەوە ، دیتم وەختی ئەوە هاتوە بچمە بن گوێ‌ی مسز شێریدان . بەڵام مستەر ئاتن ، کە لەگەڵ باوکم دانوویان پێکەوە نەدەکوڵا ، لەوێ بوو ، نەدەبوایە لەپێش ئەو هیچ بڵیم . ویستم بەزوویی لێ‌ی ڕزگار بم .
گوتم :
— «ئەری بەراست ، مستەر ئاتن،با لەبیرنەکەم، من بۆ ئەوە هاتووم کە پێت‌بڵێم شارلی هاگن لە کۆلیسیووم چاوەڕێت دەکا ، دیارە کارێکی پێت هەیە . گوتی تا زووتر بێ چاترە » .
مستەر ئاتن سێ‌پێ لەسەر کورسی‌یەکە هەلبەزی‌و گوتی :
— کوڕم ، تۆ مەبەستت لە کێ‌یە ؟ لە بانکەوانەکەیە ؟ تۆ مەبەستت لە دەوڵەمەندترین کەسی کینگ کاونتی‌یە ؟ ».
گوتم :
— « بەڵێ ، سێر(٧) ، مستەر دەڵێ دەمەوێ لەبارەی مەسەلەیەکی گرنگەوە قسەی لەگەڵ بکەم » .
گوتی :
« سەیرکە.جا شتی‌وا بە خەیاڵی کێدا دێ کە پیاوێکی‌وا کاری بە من بکەوێ ؟ ڕێگا هەیە دەرچم مسز شێریدان ؟ »
مسز شیریدان گوتی :
— « بێ‌گومان »
مستەر ئاتن بە قادرمەکەدا چوە خوارێ . ئاگام لێ بوو کە گەیشتە دوا پایە قەڵەمبازێکی داو بە شەقامی ئیلم ئەڤینۆدا دەستی بە ڕاکردن کرد .
بە مسز شێریدانم گوت :
« ئەوەی ئێستا گوتم فیشاڵ بوو ، بەڵام بەوە بڕوا بکە کە بابم ، لە جەنگدا ، قڕانی خستە ناو لەشکرێکی تەواوی ئەڵمانەکان . ئەوان لە شیرین خەودا بوون کە ئەم بەسەریدا دان » .
مسز شیریدان شووشەکەی لەسەر مێز داناو بە هەموو سەرسووڕمانێکەوە دەم‌و چاوە پانەکەی لێ دەرپەڕاندم‌و گوتی :
— « تریگەر ، بیکە بۆ خاتری خوا تۆ ئەم قسە پڕوپووچانە چی‌یە دەستت پێ کردوە ، ئەو باسی چیم بۆ دەکەی ؟ » .
گوتم :
— « باسی بابم دەکەم . باسی چیم پێغەمبەرتۆن. باسی کورگی لە کەل دابڕاوی گینگ کاونتی. باسی تۆقینەری دزو گیرفانبڕان . باسی پارێزەری منالان‌و کیژانی بێ‌تاوان دەکەم» .
مسز شێریدان گوتی :
— « ئا توخوا ، تریگەر ، بیلێرەوە ، باوکت لە جەنگدا چی‌کرد ؟ »
گوتم :
— « بە تاقە دەستێك ، لە جەنگدا ، حەڤدە زەلامی چەکداری ئەڵمانی قڕکرد » .
مسز شێریدان گوتی :
— « بڕوا ناکەم » .
گوتم :
— « منیش هەر هێندەت پێ‌دەڵێم کە تۆ بە خەیاڵ گیات هێناوەتە چۆکان » .
پاشان لەسەری ڕۆیشتم :
— « درۆ ناکەم . گەلێك لە ڕۆژنامەکانی ئەوسا باسی ئەو ڕووداوەیان کردوە ، بەڵام باوکم ونی‌کردوون . باوکم حەوت مەدالیای وەرگرتوە . پالەوانە[illegible]
مسز شێریدان گو[illegible]
— « کورە تریگەر ، کێ بەم قحە بێ‌سەروبەرانە ئاوا تۆی خستۆتە سەرپێ‌و بۆ ئێرەی ناردووی؟ تۆ دوێنێ بە زاری خۆتت‌گوتت باوکم نە ئەورووپای دیوەو نە بەرگی سەربازیشی کردۆتەبەر » .
گوتم :
— « مسز شیریدان ، من بەهەڵە چووبوم. زۆر بەهەڵە چووبووم » .
مسز شێریدان گوتی :
— « ئێ باشە هەی هاوار ، باوکی تۆ چۆن

شتی‌وای لەدەست هات ؟ » .
گوتم :
— « شەبەیخوونێکی(٨) بۆ کرد . هەر لە خەودا بازدەی بە قونداخە تفەنگ کوشت . کە شەشەکەی تریش لە خەو رابوون‌و ویستیان بابم تووشی کێشەو دۆخە کەن، بابم نەیکردە نامەردی ئۆتۆماتیکێکی لە یەکێکیان سەندو هەموویانی پێ قڕ کرد . لە پاداشتی ئەو سوباتە(٩) حەوت مەدالیای درایێ. دوو رۆژ بەسەر ئەم رووداوەدا رابرد جەنگ کۆتایی هات » .

مسز شێریدان دەستی بە هەژاندنی کورسی‌یەکەی خۆی کردو جوان جوان خۆی هێناو برد ئنجا هەڵیدایێ :
« تریگەر ، تۆ ئەم هەموو شتانە لەکوێ دەزانیت ؟ هەرچۆنێ بێ ، ها ئەوە پازدە سێنت ، برۆ پاکێتە جگەرەیەکی شیستەرفیلدم بۆ بکرە . گوێ‌گرتن لە هەقایەتی‌وا جگەرەی توندی دەوێ .

رام‌کردو چووم پاکێتە جگەرەیەکم بۆ هێنا. دیاربو باوکم هاتبوو و سەربردەکەی خۆی بۆ مسز شێریدان دەگێڕایەوە ، بە دەنگێکی نەرم‌و زمانێکی لووس شەکری دەشکاند » .

— « ئا ، تریگەر ، ئەم پاکێتەم بەرێ » .

سەرنجێکم لە باوکم دا بزانم حاڵی چۆنە ، لەکاتیکا مسز شێریدان پاکێتەکەی دەکردەوە، باوکم بزەیەکی هاتە سەر لێوان‌و دەستی راستی بۆ بەرز کردمەوە . ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە هەموو شتێکی بۆ سازاوەو سوپاسم دەکا . مسز شێریدان جگەرەیەکی دەرهێناو دایگیرساند ، مژێکی لێدا . زانیم کاری خۆم کردوە . ویستم بەجێیان‌بێڵم .
گوتم :
— « شەو باش مسز شێریدان . وەختێکی خۆشم لای ئێوە بردە سەر » .
مسز شێریدان گوتی :
— «وا مەڵێ. خۆشی‌یە گەورەکە بەر من کەوت.
گوتم :
— « شەو باش ، بابە » .
بابم گوتی :
— « شەو باش ، تریگەر » .

چوومەوە لای ماتۆڕەکەم . پێش ئەوەی پێ‌ی پێوە نێم کەمێك گوێم بۆ دەنگە نەرم‌و کاریگەرەکەی بابم شل‌کرد .. دڵنیا بووم لەوەی بابم بە لایەنی کەمەوە بۆ شەوێك دەمی خۆی خستۆتە سەرپێ .

پەراوێز :

١ – پیچ : خۆی Peach ە ، بەڵام دەنگی (ch) و (dz – وەك لە سەرەتای وشەی گێزەردا) بێ‌مانن‌و لە هەندێ حالەتدا دەبنە برابەشی دوو دەنگی‌تر(ك) و (گ) . لە وەرگێراندا ئەم دوو دەنگە گیروگرفتی فونەتیکی پەیدا دەکەن ، بۆیە (Peach) دەبێ بە (پیچ)و Charly دەبێ بە (چارلی)و (شارلی)و (کارلی) و خوا دەزانێ چیتریش .
٢ – کۆخە : کۆکە .
٣ – لەخشتەبردن : هەڵفریواندن، هەڵخەڵەتاندن.
٤ – رەند : باش ، خاس .
٥ – هارلی دافیدسۆن : مارکەیەکی ماتۆڕانە.
٦ – فیرمەر : جوتیار .
٧ – سێر : بۆ رێزلێنان لە یەکێك بەکاردێ وەك (ئەزبەنی ، جەناب ، قوربان ..) لە کوردی‌دا .
٨ – شەبەیخوون : بەسەردادانی شەو .
٩ – سوبات : هەڵسان بە کارێکی دژوارو زەحمەت .

سیبیانەی مەرگی پیرۆز



پێشکەشە بە :
شیرین ـ ی کچی قارەمانی ئەم چیرۆکە ..

(سەیرە !!
چ خبّرتە ؟؟
بۆ وا شەرم دەکەی ؟
کەی ئەوەندە شەرمنۆک بووی ؟
ها .. شەرمی پێ ناوێ هەڵیدە ..
بەلاچاوەوە سەیرێکی دەورو بەریشت بکە .. هانی خۆت بدە ..

ئەو زەردەخەنە بێ‌ڕەنگ‌و جەڕاوەی سەر لێوەکانت مەرەخەس بکە .. چاکتر وایە بە فڕێ هەڵیدەی .. **(نەریتی ئێرە وەکو لای خۆمان (نییە) .**

ئەوە چیتە ؟

چاوی بڕیوەتە نێو چاوتەوە . **(ئـــای)** ئەوە شەرم دەکەی ؟

بە چاو تێ‌ی‌گەیێنە ! هەر پاش چەن سەعاتێکی دی بەهەموو سەنگێکی خۆتەوە لە ئامێزیا لەنگەر دەگری‌و سەربارێ ئەم وێسکی‌یەش گەرمیێکی تایبەتیت پێ دەبەخشێ ..

« نا .. خۆ تۆ تا ساڵێ لەمەوبەر نەفرەتت لەم جۆرە گەرمی‌یە دەکرد وهانی هاوڕێکانت دەدا خۆ لەم جۆرە ئامێزو لەززەتانە وەدور گرن .. تۆ نەبووی هەمیشە دووپاتت دەکردەوە : ـ

ـــ نەکەن .. فریو نەخۆن .. چەشەی قولاپی چاوبەلان ماسی دڵتان بەرەو زێـــرابی گەنیوی نێو لنگان نەباو ئەرکی ئینسانیتان لە نێو بۆتەی خود پەرستیا ون کەن !! نەکەن.. فریو نەخۆن ..!! »

پێنۆشە

□ محمد موکری

دەی با وابێ .. ئەمە قسەی سێ سـاڵی ڕەبەقی تەمەنی لە خۆبوردنو خاوێنیت بو ، تـا ساڵی پاریش هەر باوەڕت پێ بو ..

خۆ تۆ دوێنێ شەو هەر لەم یانەوە لـە گەڵ کچە شۆخێکا بەرەو بانسیۆنەکەت کەوتنە ڕێ !

تا چاشتانگاوی ئەمڕۆیش هەر گێنگڵت دەدا، یادی ڕەفتارەکانی ئەم دووایێمت لێ ببووە هەورێکی ڕەش‌و چڵکن‌و لە مێشکتا لەنگەری گرتبو ... وێسکی‌و وردە ماچ‌و تێکئاڵانیش،هەوری یادەکانتی **نمرەوانەوە** ، بۆیە زیاد لە توانات خۆتت مـاندوو کرد ، **یەك .. دوو .. سێ .. چوار .. پێنج .. پێنج‌و نیو !!**

وات دەزانی خۆ خاڵی کردن دەبێتە ئـەوەی هەورە چڵکنەکەی مێشکت دابارێ‌و دەبێتـه شەهوەت‌و تۆیش لە هەوارێکی نامۆدا بەکاربگەری چەن (**حەبێکی هۆرمۆن**) زیندە بە چاڵیان کەیت!!

دوێنێ شەو خۆتت زۆر ماندوو کرد، ئەوەندەش پەلپ‌و بیانووت بە کچە شۆخەکە گرت تا بێزی لێت کردەوە ... تورە بو پێتی وت **ـ درنـدە ـ** پێت خۆش بو ، هەندێ داساکایت .. کە ئازارت دەدا وبێ‌دەنگ دەبو ، زۆرت پێ ناخۆش بـو ، هەستت دەکرد لە موختەبەرێکی وئەو کەرەسانەی بە کاری دەهێنی کۆن و کەنیوون ، کەچی کەپێی وتی **ـ جانەوەر ، درندە ـ** ئازارێکی بـەلەززەتت وەدەس هێنا ، سەرباری دلتێکچون‌و بێزهاتنەوەت ئارامت گرت !!

زۆربشت پێ خۆش بو کە جێی هێشتی بە چاوێکی زۆر سوکەوە سەیری کردی ورۆیشت تۆیش ویستت هەندێ سەرخەو بشکێنی ، کەچی هەورە ڕەشە چڵکنەکەی مێشکت بووە مۆتەکەو نیشتە سەر سنگتەوە ، **خۆت لە خۆت بوویت بـە تارمایی** ، بە نێو باریکە ڕێ‌بە دژوارەکانی **ئـەو سەردەمەی کە خۆت خـاوەنی خۆت بوویت** گوزەرت دەکرد ، هەمان وشەکانی ئەو سەردەمەت دووبارە دەکردەوە :


(ئای ئەم جارەیان گوێ‌بەکانیشت یـاخی بوون ونەیان دەویست لە تۆ بژنەون ! تۆیش بێهودە هەمان تورەیی‌و نەفرەتی جارانی **پیـاوەتیت** دەتفانەوە ، کە بێزت لەو هەرزە سەرکێشانـە دەکردەوە کە کچێنی باوەڕیان دەکردە چەتـرو لە نمە تفەبارانی تورەیی (**پیـاوان**) دەقی پـرچ ونوتوی جلەکانیان دەپاراست !)

گەلێ لەم وشانەت دووبارە کردەوە ، ئەفسوس خۆت نەت دەژنەوت نەیشتوانی بخـەوی ، تیژڕەوانە بە نێو یادەکانتا هات‌و چوت دەکـرد هەندێ یادت **بێزیان** لەوە دەکردەوە کە بە **تووە** لکاون وەلێ یادەکانی ئەم **دووایێمت** قیر ئاسـا لکابووە هەموو جەستەتەوە .. هەوڵی ئـەوەت دەدا گەر لە **خەونیشابێ** خۆتی لێ بێ بـەری کەیت .

نەت زانی بۆ ئەو ڕوداوانەی کە تا سـاڵێ لەمەوبەر شانازیت پێوە دەکرد بە وردی بە بـەر چاوتا تێ دەپەڕی‌و یەکێ لە دیوارەکانی ژوورەکەت لێ ببووە شاشە .. تۆیشی بە وردی رادەمایت‌و سەیرت دەکرد ..

(ئەوەتا لە شاشەی دیوارەکەدا بـە جوانی دەبینی :

دە ساڵ لەمەو بەر لە هاوینە ڕۆژێکی گەرمدا، لە ژوورە تاریکەکەوە نوکە پۆستاڵ ڕێی بۆ خۆش کردی‌و بووە چاوساغت ، زڕەی ئـەو زنجیرەی ئاشنای گوێت بو کەوتە ئاواز وتنی ئەو سـرودەی کە ماوەی چوار ساڵ تەنهاییت لەو ژوورە تاریکەتدا گوری پێ دەبەخشیت وشـەپۆلی دەنگی زڕەی دەبووە بای خواوەندانەو گیـانی پاڵـەوانی دەبەخشییە هەموو شانەکانی لەشـت‌و دەیانی کردە جەنگاوەری بەجەرگ‌و هاوڕێت .. کـە بەرێزو نەوازشێکی پۆلیسییانە بەرەو حەوشە گەورەکەی بەندیخانەکە پەلەکێشیان کردی .. تـا بێ بەشت نەکەن لە دیدەنی ئاهەنگی حـەمەی هاوڕێت ـ کە لە ناوەندی حەوشەکەدا تونـد دەست‌وپێیان بەستبووە قەد دنگەیەکەوە .. بە



دەوریا بازنەیێکیان لە ئەسکەمیلی رەنگاو رەنگ دروست کرد بو (بەرگێ بەلەکەکان) بەپێی پلەی رەسەنایەتی وئیدمانیان لە خوێن مژین بەریـــزە دانیشتبوون ..

بەزەییان بە تۆدا هاتەوە لە ریزی پێشەوەدا لەسەر زەوی بەسەر چۆکا پالیان خستی ، تۆیش زنجیرەکانی دەستو پێت گرمۆلە کرد ولە باوەشی خۆتا وەکو جگەرگۆشەیێکی تاقانە دەتگوشـــییە سنگتەوە ..

بەم کارەت دلخۆش بووی وات دەزانی هەموو موڵکی دنیات ئەم زنجیرانەیە ـ کە بووەتە سنور لە نێوانی تۆو ئەو دانیشتووانەدا .، ئای کـــە خۆشت دەویست .. ناحەقت نەبوو .. بۆ یەکەم جاریش رقت لە تیشکی هەتاوەکە هەڵسا ـ کـــە تشکەکانی راستەو راست دەچەقیینە جووتـــە چاوی هۆگری تاریکی زیندانەکەت .

حەمە بێدەنگ بو . تۆی نەدەبینی ، گریمان چاویشی نەبەسترابا ، تەماشایشی کردبای ، خۆ تۆی نەدەناسییەوە بەو ســــەرو ریش وروتی ولاوازییەتەوە ، چۆن دەتیناسییەوە لە نـــاخی خۆتا وەك بزانی پاشماوەی ئەم ئاهەنگە گوڵمەزییە چۆن کۆتایی پێ دێت ئاو ها چاوەرێت دەکرد .

کەسێکیان بە پێکەنینەوە لە حەمە نزیـــك بووەوە چاوی کردەوە ، حەمە بێدەنگبو ، کەسەکە دور کەوتەوە دانیشتووان شوشە بارانی حەمەیان کرد ، حەمە بێدەنگبو ، چاوانی لە ئاسۆ گـــیر کردبو ، نەیانی دەبزوان هەر چەندە هـــەرەشەو گورەشەیان لێ کرد تەنها ئاسۆی بەدی دەکرد وئەو دەنگانەی ناخی خۆی دەبیستو هیچیتر .

زۆریان لە گەلا کرد وزیاتریان وت کـــەچی حەمە کارێکی ئەو تۆی نەکرد کە بە ئاستەم نەرمە هەستێکیان پێ ببەخشێ کە ـ لە ســـــەر حەقن ـ

تۆیش نەتزانی چ هەستێکی پاك دڵنیای کردی کە سەری حەمە بە سەر ئەو لەشە لاوازو ئەنجن ئەنجن کراوەدا زۆر ترسناکە وزەندەقی زۆربەیانی بردووە ، بەلام تۆیش چاوەڕێی ئەوەت دەکرد بە پەلە بڕو ئەو سەرە لەو لەشە جیاکەنەوە تا زارە تەرەکیان کات !

حەمەت زۆر خۆش دەویست ، هــــەر خۆشەویستیش بو پاڵی پێوە نای ئەم خۆزیایــە بخوازی .. مات وبێدەنگ بووی . لە پڕ مڕەی هەندێ سەگی پۆلیسی ماتی و وبێدەنگیەکـــەتی هەژان دەنگی چپەی « ئۆخەی ـی » تۆ ومـــڕەی سەگەکان تێکەڵ بوون ، هـــەر ئەوەندەی بلێی (یەكو دوو) هەندێ ئێسقانی سور وشڕەو پڕەی خوێناوی بە قەد دنگەکەدا دەلەرینەوە ..، پاش ئەوەی سەگەکان بێدەنگیەکەی حەمەیان قوتدا ، بێدەنگ بوون وبەزمان لۆزی خوێناوی خۆیـــان دەلێستەوە ..

کە حەمە سەیری ئاسۆی دەکرد تۆیش سەیری حەمە..دەتزانی دەبێ رۆژێ تۆیش هەمان ئاسۆ بـــە هەمان سەرنجی بێ پرسیاری پڕ ئومێد بکەیتە نیشانە ⁈

ئاهەنگەکە تەواو بو
لێیان پرسیت .. تۆیش وتت
(ـ جا چاوەڕێی چی دەکەن) .

بە بێ ئومێدیەوە گەڕانتیانەوە بۆ ژورە چکۆلەو تاریکەکەت تا ئاهەنگێکی خۆشو گەرمتر بەتەنهاییو زنجیرو تاریکییان سپاردی .. راکشایت ، بـــە هەمان دەستوری پێشو زنجیرەکانت لە ئامێـــزی خۆتا گوشی ، بەگەرمییەوە یەکە یەکە ئەلقەکانیت ماچ دەکرد ، پێکەنینو ماتەمینی دایگرتی ، سەرت دێشا ، رژایتەوە ، خەوتی خەونت بینی .

« حەمە بە بەرگێکی سورەوە ئاســـۆیێکی سورتری پەلە کێش دەکرد و بە زۆرە ملێ بەرەو شار رایدەکێشا لە خۆشیا راپەڕیت !! ئیتر هەموو شەوێ دەستت لە گەردنی ئەو خەونە دەکـــرد وهەزاران خەونی دیت پێ دەزان !! » .

ئەم یادانەت لە شاشەی دیوارەکەی بەرانبەرتا هاتو چوی دەکرد ، پەست بووی ، خۆتت گۆڕی لە بیریشت نەچو گولە مێخەکێکت دایە ســـەر یەخەی چاکەتەکەتەوە .. چەند جارێکیش بازنەی تەلەفۆنەکەت بادا دەنگێکی دەسکردی نـــەرمو خەوالوت رەوانەی پەردەی گوێ کرد ، هێـــدی هێدی بەرەو ناو حەشاماتی شەقامەکە داکشای، هەندێ خۆتت خافلاند ، بێ مەبەســت ســەیری کۆگاو مەردوومەکانت دەکـــرد ، بووە ئێوارە .. ئەگەرچی رەنگدانەوەی ئەستێرەکان لـــە قولایی چاوەکانتا دەدرەوشانەوە کەچی خەمی چاوەڕێ کردنی شەوت لێ ببووە تەمێ .. تەمێکی لێـــڵو خەست ئالابووە سەر نەرمە رەوتی هـــەنگاوی شەکەتت ..

چاوەڕێکردنت لێ ببووە سزایێکی هەمیشەییو ئۆقرەی لێ هەلگرتبووی .. بە وردی نەتدەزانی چیت لە شەو دەوێ وا بە پەرۆشەوە چاوەڕێت دەکرد..رەنگە مەبەستت ئەوە بوبێ لەبەر رۆشنایی هەتاودا خۆت دەرنەخەیتو .... ئازارەکانت بۆ

خۆت بپارێزی وهەر خۆت ببیتە خاوەنی .. بۆیە وا لە گەڵ هەنگاو نانتا بە جۆرە فیکەو ئاوازێ ئازارەکانت دەکردە گۆرانیو بەرەو بۆشایی رەوانەت دەکرد .. دڵنیابوویت دەنگدانەوەی ئاوازی ئازارەکان لە بۆشاییەوە بڕ ناکاتە هیچ گوێیك کەچی گومانی خۆت هانی دەدایت بۆ ژنەوتنی دەنگدانەوەی گوێ هەڵخەیت .. ئای کە دڵنیابوویت ئەم ئازارە کێویو دڕاندانەت بەکەس کەوی ناکرێ .. خۆ چاك دەزانی ئەو وشانەی دەتکردە فیکەو بە جۆرە منگە منگێکی ئاوازدارەوە دەرت دەپەڕان لە تامو رەنگ وبۆنی وشە گۆڕاونەتە سەر شتێکی دی . دەزانی رەنگی کێمی وەرگرتووە ، هەرکە هێقێ دەکەیتەوە وهێڵنجێ دەدەیت چوڕاو گەیێکی کێمی ئازار دەکەی بە سرودێ ، (ئەو سرودەی کە هەرگیز نەتویستووە بیژنەوی) .

زوو لەمەوبەر هەموو کارێکی کوتو پڕیو خوێناوی راتی دەچڵەکان وختوکەی سۆزتی ئەدا ، کەچی ئێستا وەك چۆن هەتاو خۆی دەئاخنێتە نێو بۆشاییو بێدەنگی ژیانتەوە ئێوارانیش لە هەمان دەلاقەی بۆشاییەوە دەکشێتەوە ، هەموو کارو روداوەکانی ژیانی ئەم دووایەت بە نەرمە رەوتێ هەندێ سێبەری کاڵ وەپاش خۆیەوە پەلەکێش دەکات کەمتر لە سەد یەکی ساتێ شتەکانی دەرونت دەپۆشێ وەلا دەچێ .. بۆشایی .. بۆشایی بۆشایی ، هیچیتر دەنگدانەوە ورەنگدانەوەو مەرگی کوتوپڕی ساتەکانو بەیەکا چونی رابوردوو داهاتو بووەتە خۆراکی (جەنین ــ ی) ئازارتو پەروەردەی دەکات هەموو رۆژگارت لا بووەتە رۆژێك وکاوێژی دەکەیتەوە

دەپێکەکەت هەڵدە ..

شەرم دەکەی .. بەچاو تێیگەیینە .. خۆ چاوەکانی

ئەمیش لە چاوەکانی خەجێ رەشترە .. ئای خەجێ بریا بە سەر مناڵەوە نەدەچوی .. نا .. چاکتر خەجێ هەرگیز نەیدەتوانی لەرووی ئەم رو زەردیەتدا بژێ توشی هەزار دەردو درم دەبو . چاکتر ئەم رۆژەی نەبینیو بە سەر مناڵەوە چو .. ئەرێ ئەو رۆژەی چاوت پێکەوت کۆڵی نانو کونەبێ ئاوی دابووە کۆڵیەوە بە نێو ئاگر بارانەکەدا خۆی گەیاندە ئەشکەوتەکە .. خۆ هەر ئەوبو توانی چمکی کراسەکەی بسوتێنێو بیکاتە سوتوو خوێنی برینەکەی لا سمتی ئەحەی برا بچوکت راگرێ و مەردانەش تیغێکی سور کردەوەو گوللەکەشی دەرهێنا .. خۆ ئێوە هەموو هەر فریای ئەوە دەکەوتن بەدەم تەقەکردنەوە بکشێنەوە .. ئا خۆیەك دوو هاورێی .. برینداریشتان جێ هێشت .. پاشانیش دڵت خۆش بۆ کە بیستت بە زیندوویەتی بەر دەست نەکەوتنو هەر یەکەو گوللەیێکی بۆ خۆی هێشتبوەوە .. کە نیوە شەویش گەڕانەوە ئەوەندە دڵگیر نەبوی بۆ ئەحەی برات ، خۆ هەر ئەو رۆژەیش قالەی برای خەجێ بریندار ببو ..

دە پێکەکەت هەڵدەو سەرنجت بچەقێنە ناو چاویەوە ..

دەشێ لە تێکەڵ بونی دوو هێڵی سەرنجی ئاراستەی یەکدی کراو جۆرە پێتو وشەیێکی بێدەنگ دروست بێو هەر ئەو دوو کەسە لەو زمانە بگەن .. نا .. چاوەکانی هەر بە چاوی خەجێ دەچێ . بەتایبەتی ئەو رۆژەی پۆستەی ئێوەی گەیاندە شارو پێویستیەکانی ئێوەشی لەژێر سوخمەکەیدا شاردبووەوەو بەسەلامەتی بۆی هێنان .. بە تێکەڵ بوونی دوو هێڵی سەرنجی ئەو رۆژەتان . هێڵی ژنو مێردیتان دەست نیشان کرد . خەجێ بووە هاوسەرو هاورێت ؛ ئا خەجێ گەلێ جار لەگەڵ تۆدا شەو ورۆژی دەدایە دەم یەك . لە ئەشکەوتو پێدەشتو دۆڵو ترۆپکدا پشتتبو .. شرینی نۆبەرەی کچت لە ئەشکەوتی (هەرمێن) دا لە دایك بو ؛

خۆ کەسێك نەبو یارمەتیکتان بدات، ئەوانەی لەگەڵتا بوون هەر پیاوی برسیو جەنگاوەر بوون .. ئای کە خەجێ بە جەرگبو .. ئەرێ ! چاك بو خەجێ بەسەر مناڵی دووهەمیەوە چوو ئەم روزەردیەتی نەبینی .. چاکبو . .

شەرم مەکە .. کەیتۆ ئەوەندە شەرمنۆك بووی ؟ چ خێرتە ؟ بۆ واپەشۆکاوی ؟ دەشێ ئێستا زۆر بێز لە خۆت بکەیتەوە .. نا .. لەخۆت شەرم دەکەی وەك ئێوارەی ئەو رۆژەی چەند سەفتە دینارێكو سویچی ماشێنێك بووە پارسەنگی

شەرەفو تەمەنی تێکۆشانتو بەشەرمەوە ئیمزای ئەو دانپیانانەت کردو لە خۆت دابرایت !! وگەڕایتەوە

« یەکسەر روبەرووی ئاوێنە تەمپو تۆزاوییەکەی ژوورەکەت بوویتەوە لەپی دەستی راستت چەقاندە قەدیەوە ، بەتوندی دەستت کێشایەوە جێی لەپی دەستت لەقەد ئاوێنە تۆزاوییەکە رەنگی روخسارێکی زەردتی

دەدایـەوە ، تێی ڕامـایو تفێکی خەســـتو بـەنگەوەبووی توڕەبیت لە دەمتـەوە دەرپـەڕیو روخساری نێو ئاوێنەکەی سواخ دا .. هـەندێ لەئاوێنەکە دورکەوتیتەوە ، یەکسەر مالّی بـاوکی خەجێ خۆی ئاخنیە یادتەوە . کە لە ژورەکەیاندا وێنەی لەپێ دەستێو چاوێکی ئەنگێوراو بەتێرێ، بە تەنیشتی ئاوێنەی ژورەکەوە هەلّواسرابو حەزت دەکرد ئەو ئێوارەیە تیرێک وەدەســـت بێنیو بیچەقینیتە چاوی ئـــەو روخسارە زەردو شەرمەزارەی نیو لەبی چاپ بوی قـــەد ئاوێنە تفاوی‌یەکەت .. دنیات لەبەر چاو کەوت ، بڕیاری جەنگی هەمیشەییت لەگەلّ ئەو روخسارە زەردەی نێو ئاوێنەکە مۆرکرد ، هەولّت دەدا لـــە خۆتی جیاکەیتەوە ، کەچی ئەوەندە تێکـــەلّت ببو ، خەونیشی بۆت دەبینی ، دەتویســـت دەربازبی ماوەیان دای بۆ گەشت بێتیە پاریس .. ئـــەوا چەند مانگێکە لەم شارە خەوالّووەدا ، هەر ئـەم سەرو ئەو سەر دەکەی ، هەر کە ماندوو دەبێ لە نێو چـــەند لنگێـدا وەنەوز دەدەی زۆریش دەخۆیتەوە ، کەمیش دەخەوی هەر کـە وەئاگـا دێیتەوە بڕیار دەدەیت بیکوژی ، خۆ ئەوە مانگێ زیاترە چەقۆییکت کڕیوەو هەمیشـە لە گیرفانت دایە .. ئەوە چ خێرتە .. پێکەکەت هەلّدە .. شەرم دەکەی ؟

ها .. ئەوە بۆ پێکەکەت دانا خۆ ئەوانەی دەورو بەرت هەلّیاندا ، کچـــە چاو رەشەکەیش جۆڕی لەپێکەکەی خۆی بڕی .. هـــا ئەوە چەقۆکەت دەرهێنا .. ئەوە کێشـاتە سـەر دلّی خۆتەوە ، دەسخۆش بیکوژە .. ئەوە خۆ هەرەست هێنایە سەر مێزەکەوە .

له ده‌ورو به‌رت قیژه هه‌لّسا پێکه‌که‌ت رژا، ئـه‌وا تک تک خوێنی دلّت‌و وێـــکی پێکه‌کـه‌ت له‌سه‌ر مێزه‌که‌وه ده‌تکێته ســـه‌ر زه‌وی‌یه‌کـه‌وه وباریکه هێلّێکی پێچاو پێچ دروست ده‌کـه‌ن .. ئه‌وه په‌نجه له خوێنه‌که‌ت وه‌رده‌ده‌ی .. چاکه ، ده‌به‌خوێنه‌که‌ت بنوسه

کچم شیرین تۆ ئەدۆڕێی !!!

چاکە .. گەلێ چاکە دە ئێستا پڕ بە قولایی چاوەکانت سەیری خوێنەکەت بکەو ..


* ● *

تێبینی :

ســـبیانەی مەرگی پیرۆز ســـێ چیرۆکە

ناویان :


١ – بینۆشـــە
٢ – دوا سەرنج
٣ – شامەرگ



ـــ هو شاعرو !!
هزرانەکە .. بیرانەکە !!
ئێش‌و ئازارو کوڤانا
قەت ڕانەکە !!
تە چی‌یە ل بن بارێ خەما ..؟!
ئەرێ مابوتە نەگوتن ؟!
ئارمانجا تە دویرەو دبێژن هر نەما ؟!.
ئەڤجا بو کێ
ستران‌و بەندا تو دبێ‌ی ؟!
کێ هاژتەیەو
کێ تو دڤێ‌ی .؟!

+ ئای خەلکینو !!
وەرن ببینن ڤی کاری !!..
لڤێ جیهانا پڕ ئاخ‌و ئوخ
خوشی لێ نابیت دیاری !!
گەر هوین نەبن
پا کی دێ ئەڤرو ئێت هاری !؟..
ئەڤ زاروکێت ژنوی گەهشتین
دڤێن بدەن ڕێ ..
لێ کی دێ وان
بەنە سەر ڕێکا ڕاستی‌یێ ؟ !
ئەو تورینا ل هیڤیا دیتنا لاوی مای ،
کی دێ گەهینتە وێ ئومێدو هیڤی‌یێ ؟!
کاروانێ ژمێژە دایی ڕێ ،
جار پێشکەتی‌و جار پاشقەمای
کی دێ گەهینتە قوناغا دویماهی‌یێ ؟!
ئای خەلکینو !! باوربکەن
ئەز هزرو بیرو کوڤانا
ل هاڤینا دکەم
شێلکێت بارانێ‌و ئاڤددەم
زەڤی‌و جنیکێت هشك‌کری ..
ئەز هزرو بیرێت خو دکەمە
ڕاگرتن‌و پێشڤەچونەك

ئازارو کوڤان




بو هەر گەنجێ
هیڤی‌و داخازا خو د لای ژبیرکری ..
ئەز هزرو بیرێت خو ‍ ‌ ‌ ‌! بەروکا تەڤ شـ ‍ ا
د کەمە خەندەك
بو تە هلگرێ ئالایێ سەربەستی‌یێ
ئەڤجا چەوا
دێ پاشڤەئێ‌ی‌و زڤڕی ..
دێ بدە ڕێ ..
باوربکە ئەز دزانم ..

گەر تە دا ڕێ ..
هەچی مروڤێ نڤستی ...
یێ ژنە چاری
کورکێ خەباتێ ئێخستی..
یێ مەژی لێ هاتیە هێوای ..
یێ خو ل دەلیڤەکێ هێلای ..
دێ دەرکەڤن‌و سینگا کەنە
چەپەرەکێ مینا پیلای ..
دێ بدە ڕێ‌و پاشڤەنەئێ ..

* • *

پاشڤەنەئێ .. پاشڤەنەئێ ..
ژیانا سەربەست‌و ئازاد
نا سەنگریت بێ پاج‌و خویك
هەی خانمێ
ئەڤ پەیڤەنە
دێ کەمە رستێ مەرجانا
بگەردەنا ژینێ ڤەکەم
دێ‌کەمە رستا هوزانا

خليل دهوكي



بو هەر گەنجێ
هیڤی‌و داخازا خو د لای ژبیرکری ..
ئەز هزرو بیرێت خو ل بەروکا تەڤ شا
د کەمە خەندەك
بو تە هلگرێ ئالایێ سەربەستی‌یێ
ئەڤجا چەوا
دێ پاشڤەئێ‌ی‌و زڤڕی ..
دێ بدە ڕێ ..
باوربکە ئەز دزانم ..


گەر تە دا ڕێ ..
هەچی مروڤێ نڤستی ...
یێ ژنە چاری
کورکێ خەباتێ ئێخستی..
یێ مەژی لێ هاتیە هێوای ..
یێ خو ل دەلیڤەکێ هێلای ..
دێ دەرکەڤن‌و سینگا کەنە
چەپەرەکێ مینا پیلای ..
دێ بدە ڕێ‌و پاشڤەنەئێ ..

* • *

پاشڤەنەئێ .. پاشڤەنەئێ ..
ژیانا سەربەست‌و ئازاد
نا سەنگریت بێ پاج‌و خویك
هەی خانمێ
ئەڤ پەیڤەنە
دێ کەمە رستا مەرجانا
بکەردەنا ژینێ ڤەکەم
دێ‌کەمە رستا هوزانا

خلیل دهوکی

▢ لێكۆلینەوە





باسەكەی د.

لە بەیانی ڕۆژی دووەمی میهرەجانی یەكەمی ڕۆشنبیری كوردیدا ، واتە لە (١٩٨٠/٤/٢١) ، خا دكتۆر كوردستان موكریانی باسێكی جوانی بە ناوی دەنگی ئافرەتی كورد لە نێو هۆنراوەكانیدا)(٢) پێشكەش بە بەشدارانی یەكەم میهرەجانی ڕۆشنبیری كورد كرد . منیش لە سەر داوای پەیامنێری ڕۆژنامەی (هاوكاری) ، كە لەكاتێكی كەم دەرفەتیدا ، داوای نووسینی شتێكی لێ‌كردم لەسەر باسەكەی خا دكتور كوردستان،وا ئەم چەند لایەنەی‌خوارەوە پێشكەش بە خوێنەری كورد دەكەم. ئومید دەكەم ئەوكاتەی لێ بە فیڕۆ نەدەم كە تیایا دەی خوێنێتەوەو خا دكتوریش دڵی نەیەشێت چونكە من باری سەرنجی خۆم لە ڕووی بەرژەوەندی مەسەلەی ئافرەتەوە دەخەمەڕوو كە بەرژەوەندی میللەتەكەشمانە .

جارێ پێش ئەوەی بچمە ناو باسەكەوە ، ئەمەتان عەرز بكەم كەوا لە مەوبەر بەژنە دەرەبەگ‌و شێخەزل‌و بەگزادەو خوێنمژەكان دەووترا (فلان خان) بەلام ووشەی (خاتوون) بە ورتیش دەكرایەوە ، دەبووبە (خاتوو) بەو ا رەنانە ووتراوە كە دەست ڕەنگین‌و هێمن‌و نەیبانووی باشی ماڵی خۆیان بوون . زۆرجار خاتووەكەش كورت كراوەتەوەو بووە بە (خا فلان) وەك (خا فاتم) ، (خا بەسێ) و ..... هتد

جا بۆ ئەوەی بزانین كە فلان دكتور یان ئەندازیار ئافرەتە یان پیاو بەتایبەتی كە ئێستا زۆر جار ناوەكەش ئەمە دەرناخات ، خراپ نی‌یە كە ووشەی (خا دكتۆر) یان (خا مامۆستا) ، (خا ئەندازیار) لە پێش ناوەكەدا بەكاربهێنرێت. ئەم رایەم بەراست زانی بۆیە لە سەرەوە بەم شێوەیە ناوی (د. كوردستان)م برد كە ئەمە یەكەم جارە ئافرەتێكی كوردی خاوەن ئەم جۆرە شەهادە بەرزە بەم شێوەیە ناو ببرێت . خۆشتریش ئەوە دەبوو كە ئەم پێشنیازە لەلایەن ئافرەتێكەوە پێشكەش بكرایە .

خا دكتور كوردستان لە باسەكەیدا چەند جارێك ووشەی (خان)ی بەگەڵ ناوی شاعیرە ئافرەتەكان‌داوە وەكوو (نەجیبە خان)و (میهرەبان خان) و .... هتد . دەبوو خا دكتور دڵی بڕوایی نەدات ئەم ووشەیە وەپاڵ ئەوان بدات‌و شایانی ئەوانی نەبینێت‌و لە پێش ئێمەو ماناندا بیر لە بەلاوە نانی ووشەی (خان) بكاتەوە .

هەر لەم بارەیەوە ، ئەمەش عەرز بكەم كە لەناوچەی كۆیەو پشدەرایەتی‌و موكریانیش‌دا ووشەی (یا . یای) بۆ ڕێز لە ئافرەت نان بەكار دەهێنرێت‌و بە مانای خوشكی گەورە دێت .

باسەكەی خا دكتور ، باسێكی بەكەڵكە ، هەندێ مەسەلەی گرنگی تێدا خستوەتە ڕوو ، بەلام بە پەلە لەشتێكەوە بازی داوەتە سەر شتێكی‌تر بێ ئەوەی مافی تەواو لەشی‌كردنەوەو ڕوونكردنەوەیان پێ بدات. هەندێ مەسەلەی زۆر بنەڕەتیشی هەرباس نەكردوە . ئومێد دەكەم هۆی ئەمانە كەم دەرفەتی بووبێت‌و لە پێش چاپ‌كردنی باسەكەیدا بە شێنەیی چاوێكی پێدابخشێنێتەوە(٣) .

١ – ناوونیشانی باسەكە ، كە مەبەستی بەرهەمی ئافرەتە بە گشتی لەگەڵ ناوەرۆكەكەیدا ناگونجێت . ئەمیان زیاتر پێوەندی بە بەرهەمی خا دكتور خۆیەوە هەیە . ئەگەر بەرهەمی خا شاعیر (خانم) نەژمێرین ، كە چوار جار نموونەی

خالد دلێر

کوردستان موکریانی

لێ‌هێناوه‌ته‌وه ، ئه‌و نموونانه‌ی خا دکتۆر له هۆنراوه‌کانی خۆیدا هێناوه‌تیه‌وه به ته‌نیا، به ژماره به‌رامبه‌ر هه‌موو ئه‌و نموونانه‌یه که هی شاعیره ئافره‌ته‌کانی تره . ئه‌گه‌ر ناوونیشانی باسه‌که‌ی (ده‌نگی ئافره‌تی کورد له نێو هۆنراوه‌کانی د. کوردستان موکریانی‌و شاعیرانی تری ئافره‌تی کوردا) بایه گونجاو تربوو .

٢ – له‌و مه‌سه‌له گرنگانه‌ی هه‌ر باسی نه‌کردوون، یه‌کێکیان هۆنراوه‌ی نیشتمانی‌یه له به‌رهه‌می ئافره‌تدا . خا دکتۆر خۆشی له‌وه‌رامی پرسیارێکدا که له‌پاش ته‌واوبوونی خوێندنه‌وه‌ی باسه‌که‌یدا ئاراسته‌ی‌کرا ، دانی به‌وه‌دا نا که زۆربه‌ی به‌رهه‌می شیعری ئافره‌ته شاعیرکانمان شیعری نیشتمانی‌یه . باشه که ئه‌وه ده‌سه‌لمێنێت ، ئه‌بێ بۆچی ته‌نانه‌ت له باسه‌که‌یدا په‌نجه‌شی بۆ ئه‌مه درێژ نه‌کردبوو ؟!

٣ – باسی لایه‌نی ئابووریشی نه‌کردوه که تا چ ڕاده‌یه‌کی زۆرو سه‌ره‌کی‌ی کاری کردۆته سه‌ر به‌نده‌گیه‌تی‌و دیلیه‌تی ئافره‌تی کوردستان . ئایا له‌و شه‌ش کۆمه‌ڵه هۆنراوه چاپکراوه‌ی ئافره‌تی کوردو له‌و هه‌موو فۆلکلۆره‌ی که به‌ناوی ئافره‌ته‌وه ، یا له‌لایه‌ن ئافره‌ته‌وه گوتراوه‌و له شیعره‌کانی خۆشی‌دا-، خا دکتۆر کوردستان دێره هۆنراوه‌یه‌کی ده‌س نه‌که‌وتووه بیکا به به‌رده‌بازی ئه‌م ڕێگایه‌و بۆی بپه‌ڕێته‌وه‌و هه‌ر نه‌بێ هه‌ندێ ئه‌م لایه‌نه گرنگه‌ش باس بکات ؟ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی من بۆی نه‌گه‌ڕاوم ، بۆیه ئه‌مه وه‌کوو پرسیارێك ئاراسته‌ی خا دکتۆر خۆی‌و خوێنه‌ران ده‌که‌م .

پێویسته ئافره‌ت تێ بگه‌یه‌نرێت که سه‌ربه‌ستی ئابووری بنچینه‌ی هه‌موو سه‌ربه‌ستی‌یه‌کانی تریه‌تی . گه‌ره‌که ئافره‌تی ده‌شته‌کی بزانێت که ئه‌و تۆزقاڵه سه‌ربه‌ستی‌یه‌ی له لادێ‌کانی کوردستاندا هه‌یه‌تی‌و له تۆی عه‌باو په‌چه هاتۆته ده‌ره‌وه ، به هۆی ئه‌وه‌وه‌یه که ئیش‌ده‌کاو به‌رهه‌می ئابووری وه‌ده‌ست ده‌هێنێت. ئه‌و ئافره‌ته‌ی ئه‌و هه‌موو ئیش‌و فرمانه له‌لادێ‌دا به‌جێ بهێنێت ، ناتوانرێت ده‌م‌و چاوو ده‌ست‌و قاچی به په‌چه‌و عه‌با ببه‌سترێته‌وه !! هه‌روه‌ها ده‌بێ ئافره‌تی شاره‌کانیش ، ئه‌وانه‌یی دکتۆرو ئه‌ندازیارو مامۆستاو فه‌رمانبه‌ری میرین تێ‌بگه‌ن که ئه‌و سه‌ربه‌ستی‌یه‌ی بۆ ئیش‌کردن به **مه‌به‌ستی** پاره په‌یداکردن هه‌یانه ، بۆ هات‌و چۆکردن‌و گه‌ڕان نیانه هه‌ر له‌گه‌ڵ هه‌مان کوڕو پیاوانی دایره‌که‌یاندا ، که به ڕۆژ شه‌ش حه‌وت سات بۆ پاره په‌یداکردن له‌گه‌ڵیاندان .





زۆر مەرجە کە ئافرەت بە گشتیو بە ڕوونی بزانن کە لە ژێر سـایەی رژێمێکی ئابووری سوسیالیستی زانستیدا نەبێت ، لە هەموو رووبەکەوە یەکسانیان لەگەڵ پیاودا محالەو خەیاڵە .

بەلای منەوە ، نە ئەبوو ، وە ناش بێت لە باسکردنی هەر لانێکی بەرهەم یا ژیانی ئافرەت مەسەلەی ئابووری بخرێتە پشتگوێوە .

٤ ـ خا دکتۆر کوردستان ، باسەکەی ئابلووقەداوە بە بەرهەمی شاعیرو ئافرەتە ناسراوەکان ، مەبەستم (نا فۆلکلۆرییە) ـ هەڵنەستاوە لە جیهانی فۆلکلۆری نەتەوەکەماندا هەندێ نموونە لە شیعری ئافرەت بهێنێتەوە لەبارەی ئەو لایەنانەوە کە لێیان دواوە ، بێ گومان لە لاوکو حەیرانو هۆنراوەوە بابەتەکانی تری فۆلکلۆریدا گەلێ نموونەی وەها مان دەستدەکەوێ . بۆ نموونە ، لە لاوکی « گەنج خەلیل »دا کە هونەرمەندی بە ناوبانگ (کاوەیس ئاغا) ووتوویەتی ئەو دیمەنە پڕ لە سۆزو هەستی نیشتمانیو کوردایەتیو خۆشەویستییەی کچەکە بەخەیاڵ ـ گەنج خەلیل ـ ی خۆشەویستی پێ دەرازێنێتەوە ، نەوەکا رۆمیان بێژن ـ گەنج خەلیل سوارەکی کوردە چەندی بێ کارو بارە) چ شاعیریکی ئەم سەردەمە ئەم جۆرە بەرهەمەی لەبەردەست دێتە دەر ؟ ئەگەر خا دکتۆر ئەمەی کردبایەو هەندێ زیاتر خۆی ماندو بکردایە باسەکەی قووڵترو فراوانتر دەبوو.

٥ ـ خا دکتۆر ، لەیەك دوو جێگای باسەکەیدا پاکانە دەکا بۆ لاسایی نەکردنەوەی هۆنراوەی پیاوان لەلایەن شاعیرە ئافرەتەکانەوە !! لەم لایەنە دەڵێم : لەبەر ئەوەی ئافرەتو پیاو لەیەك بارو جۆرێ ژیاندا دەژین ، کە لە کوردستانەکەی لای خۆماندا هەیە ، وە بەرهەمی وێژەییش ، چ هی ئافرەت بێتو چ هی پیاو ، ڕەنگدانەوەو ئاوێنەی هەمان جۆرو باری ژیانەو هەردوو بەرهەمەکە ئاوی یەك سەرچاوەنو (بانێکو دووهەوا)(٤) نییە ، بۆیە دەبێ بەرهەمی هۆنراوەیانو ... هتد لەیەك بچێت . وە لەبەر ئەوەی کۆتو زنجیری بیرو دەستو قاچی پیاو کەمترو باریکترە لە هی ئافرەت، بێ گومان دەبێ بەرهەمی وێژەییشی بە هێزترو بە پێزتر بێت ، بۆیە ئەم بارە بەسەر ئافرەتدا دەسەپێنێت کە لاسایی بەرهەمی پیاو بکاتەوە .

هەر کەسێك بڵێت ئەو لاساییە ناکرێتەوە، دەبێ گوناهی ئەوە وە پاڵ ئافرەت بدات کە لە بەرهەمی چاکی پیاو ناگات ، یان هەوڵ نادات پێش بکەوێ کە ئەمە شتێکی ناراستو نارەوایەو ئافرەت لە هەموو ڕوویەکەوە چاكو خراپ دەناسێت. بۆیە بەلای منەوە ئەو لاساییکردنەوەیە دیاردەیەکی زۆر ئاساییو سروشتیو چاوەڕوان کراوە . ئەم پاکانە کردنە بۆ لاسایی نەکردنەوە ، ئەگەر لەلایەن یەکێکی ترەوە بکرابایە ، لەوانەبوو بە سەرنج درشتیی بژمیردرابایە ، بەڵام بۆ یەکێکی وەك خا دکتۆر بە هەڵە دەدرێتە قەڵەم .

٦ ـ لە چەند جێگایەکی باسەکەدا ، هەندێ ڕاستی لەبارەی ئافرەتەوە ، بە تەواوی یان بە نا تەواوی باسکردوە . وەك ئەمانە . خا دکتۆر دەڵێت :

أ ـ ئافرەت بە شێوەیەکی قووڵترو فراوانترو هەست پێکراو تر باسی ووشەی «سەربەستی» خۆی دەکات . ئافرەت سەربەستی خۆ ڕازاندنەوەو خۆ جوانکردن بە سەربەستی ڕاستەقینە نازانێ . چونکە ئەم جۆرە سەربەستییەی تەنیا بۆ ئەوەیە [ڕاستتر وابوو بڵێت : « تەنیا بۆ ئەوە ئەدرێتێ . »] زێتر پێی ڕابوێرن . ناوەرۆکی ئەم دوو ڕستەیەی دوایی ئەم دوو ڕستەیەی دوایی ئەم پرێگرافە هی نووسەری چیرۆکی ـ ژانیگەل ـ ەو خا دکتۆر پەنجەی بۆ درێژ نەکردووە .

ب ـ پێویستە ئافرەتی کورد بە تایبەتی وە ڕۆژهەڵاتی بەگشتی لە بەرهەمی هۆنراوەییاندا خەمو سۆزی دڵو دەروونیان ئازایانەترو چاو نەترسانەتر دەرببڕن بۆ ئەوەی خۆیان نوێنەری خۆیان بن . لەدواییشدا دەڵێت :ـ وە پیاو لە بڕیتی ئەوان دەنگ هەڵنەبڕن . من لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم ڕستەیەی دواییدانیم . بەلای منەوە دەبێ پیاو دەنگ بۆ مەسەلەی ئافرەت هەڵبڕێتو ئافرەتیش دەبێ دەنگ بۆ مافی خوراوی پیاو بەرزبکاتەوە . چونکە وەك لەسەرەوە ووتم ، هەردوو ڕەگەزەکە لەیەك نیشتماندا دەژینو بەرەو رووی هەمان مەسەلەو گیروگرفتن ، بۆ دەبێ بەم شێوەیە لەیەك جیا بکرێنەوە ، بە تایبەتی لەلایەن یەکێکەوە کە حەز بکا یەکسانیو چوون یەکی لە نێوان ئافرەتو پیاودا بنیات بنرێت ؟ . ئەوەی شایانی ووتنەوەو ڕیزلێنانە ، ئەوەیە کە ناوەرۆکی

رستە درێژەکەی سەرەوەی خا دکتۆر جەختی کردۆتەوەو دەڵێ :ـ خۆی خاوەن کێشەکەیە [مەبەستی لە مەسەلەی جیاوازی ئافرەتە لەگەڵ پیاودا] وە هەروەها دەڵێ :ـ « سەربەستی نادرێتو دەسەندرێ » . واتە سەربەستی ئافرەت ، دەبێ ئافرەت خۆی بیسەنێت .

ج ـ چەند جوانی ووتوە کە دەڵێ : « بەرهەمی هۆنراوەی ئافرەتی کورد پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستیانە هەیە . » داوا دەکەم بۆ گرنگیدان بەم ڕستەیەی خا دکتور خەتێکی لەژێردا بکێشرێت .

٧ ـ لەو هەموو دەرفەتەی کە هەیبووە، چەند ڕستەیەکی نە نووسیوە کە ڕاستەوخۆ ئافرەتان ئاراستە بکات کە بەزیرەکیو ژیریو هێمنیو ووریاییو دڵسۆزیو فیداکاریو لە خۆبوردنیان جێ پێی خۆیان لەناو کۆمەڵدا بکەنەوەو لەگەڵ ژیاندا زۆران بکەن .

جارێکی تریش ئومێد دەکەم خا دکتۆر کوردستنا موکریانی دڵی لە نووسینەکەم نەڕەنجێتو هیوای پێشکەوتنو سەرکەوتنی بۆ دەخوازم .

تێبینی :

پەراوێزەکانی لاپەرەی (١ ، ٢)ی ئەم ووتارە لە پاش بڵاوکردنەوەی باسەکەی دکتور کوردستان لەبەیاندا نووسراون .

(١) ئەم باسە بۆ رۆژنامەی هاوکاری نووسرا ، بەڵام ئەو تەنیا چەند خالێکی کەمی بە کورت کراوەی بڵاوکردەوە .

(٢) ئەم باسە لە بەیانی ژمارە (٦٢)ی حوزیرانی ١٩٨٠ دا بڵاوکرایەوە .

(٣) ووتارەکەی د. کوردستان وەکوو خۆی لە بەیان بڵاوکراوەیەو ئەم ئومێد دەربڕینە نەهاتە دیی . جارێکیتر ئومێد دەکەم لە کاتیکردنە کتێبیدا بێتە دیی !!

(٤) بانێکەو دوو هەوایە : قسەیەکی پێشینانە.

لە پاداشتی قەری ساردا، ئەمە ئاهو هەناسەی گەرم

یەکێ شێتانە بە ردم پێ گرێ ، من بە رقی پێ ئەگرم

مەحوی

چیرۆکی ■ پوشکین
وەرگێڕانی ■ لەیلا عومەر

خانچی

کێ هەیە لە ئێمە ؟ لە گەشتەکانیدا ، پێشی لـە خانچی‌یەکان نـە خواردبێتەوەو پێیاندا هەڵ نەشاخابێ ، کێ لە کاتی پەستیدا ؟ سکاڵای لـە دەست سستیو تەمبەڵیو پشت‌گوێ خستنیان نەکردووە . کێ بەکێویو بۆدەڵەی دا نەناون ؟.

بەڵام با قسەیەکیش بۆ دز بکەین ، با خۆمان بخەینە شوێنی ئەوان. ئەوساتە لەوانەیە کەمێ بە دڵنەرمی‌یەوە بڕیاڕیان بەسەردا بدەین . با بزانین خانچی کێ‌یە ؟ . کوژراوی دەستی موچە خۆرێکی بچوکی پلە چواردەیە . هەر بەناو موچە خۆرەو تەنیا ئەوەی لێ قازانج کردووە . ناهێڵی ڕاستەوخۆ بکەوێتە بەر شەقو زلەو تێسرەواندنی گەڕۆکەکان . خوێنەران وەرن با بزانین ئەرکو کاری ئەو مرۆڤە چی‌یە ؟ ، کەمیر ـ ڤازیمسکی ـ بە گاڵتەجاڕی‌یەوە بە دیکتاتۆر ناویان ئەبات . ئەرکەکانیان بەو کارە سەختانە ئەچێ بە دیلەکان ئەسپێردرێ . شەوو ڕۆژ دانشتنیان نی‌یە ، گەشت کەرەکانیش جامی توڕەیی‌و ماندوویی گەشتەکانیان بە سەر ئەمدا قلّپ ئەکەنەوە . وا ئەزانن سوچی خانچی‌یە ، ئاووهەوا ناخۆشە ، ڕێ‌بەندانە ، گالیسکەوان سەرڕەقە ، ئەسپەکان باش ڕێ ناکەن .

کاتێ خۆیان ئەکەن بە خانەکاندا ، وەك دوژمن سەیری خانچی ئەکەن . ئەمیش ئەو کاتە بەختەوەرە کە ئەتوانێ میوانە نا وەختی‌یەکانی زوو بە ڕێ بکات . گەر خوا نەخواستە ئەسپو ماین ئامادە نەبوون ، ئەکەوێتە بەر گەردەلولی جنێوو توڕەیی گەشت کەرەکانەوە . لە تۆفو ڕەهێڵەدا ، لە زوقمو بەفربارینیدا ، لەو پەڕی سەرماو سۆڵەدا ناچار ئەبێ ئەم ماڵەو ماڵ بکا . جار جارە لە داڵانەکەیاندا پشوویەك ئەداو کەمێ خۆی لە توڕەو تڕۆیی میوانەکانی ئەدزێتەوە . کاتێ ژەنەڕاڵ دێ ، خانچی بە لەرزەوە باشترین ئەسپی ئەداتێ ، کە بەتایبەتی بۆ کار بەدەستانی میری ڕاگیراوە . ژەنەڕاڵ ئەڕواو ناشڵێ سوپاس . پاش کەمێ دەنگی زەنگۆڵەیەك دێ ، پۆستەگێڕی



میری خـۆی ئەکـا بـە ژووردداو داوای گۆڕینی ئەسپەکانی ئەکات .

گـەر ئێمە بـە وردی لـەمـانـە هەمـووی بڕوانین ، لە خانچی دلگران نابین بەڵکو بەزەیشمان بۆی ئەجولێ . ئەوە بیـــت ساڵ ئەبێ ، من خوارو ژووری ڕوسیا تەی‌و پەی ئەکەم . هەموو ڕێگایەك چووم ، زۆر دەستە شۆفێران ئەناسم ، کەم خانچی هەیە نەیناسم . بەو هیوایەم بەرهەمی ئەم گەشتانەم بەم زووانە پێشـــکەش خوێنەران بکەم. بەڵام ئێـــستا هەر ئەوەندە ئەڵێم خەڵکی زۆر بە هەڵە لە خانچی گەیشتوون . بەڵام لە ڕاستی‌دا خانچی مرۆڤێکی ئاشـــتی خوازو خزمەت‌کەرو قوربانی دەرو کۆمەڵایەتی‌یە . زۆر بە پەرۆشـــی پارەو پولەوە نین . هەر چەندە گەشت‌کەرەکـــان گفت‌وگۆی خانچی‌یەکان بە هیچ‌و پووچ دائەنێن . بەڵام زۆر شتی چاك‌و خۆشیان لێ ئەبیـــسترێ . من خۆم گفت‌وگۆی ئەوانم لەگفت‌وگۆی ئەو موچە خۆرە پلە شەشانە پێ باشترە ، کە لەگەشـــتدا توشیان ئەبین .

زۆر هـاوڕێی خـانچیـم هـەیـە ، بـەڵام یەکێکیانم زۆر پێ نزیکە ، ئیش‌و کار بـە یەکتری ناســـاندین ، ئێـــستاش چیرۆکەکەیتان بۆ ئەگێڕمەوە :

« لە مانگی ئاباری ســـالی [١٨١٦]ی زایینی‌دا ، بە ئیش‌و کارێکی بچوك ڕێم کـەوتـە ناوچەی – س – ئێستا ئەو ڕێ‌وبانە کوێربۆتەوە ، بـە گالیسکەیەك ئەچووم . ئەســـپەکانیم لـە خانەکان‌دا ئەگۆڕی‌و کرێ‌کەشیم ئەدا . لەبـــەر ئەمە زۆر ڕەزاقورس نەبووم لای خانچی‌یەکـان . زۆر جار نێ‌یان‌دا هەڵ ئەشاخام ، واشم ئەزانی مافی خۆمـە . کاتی لاویم کەف‌و کوڵی گەنجێتی وای لێ‌کردبووم زۆر لەوە پەست ئەبووم کـــە ئەسپەکانی منیان ئەدا بە کار بەدەستێکی بەرزی میری . بەوە ڕانەهاتبووم تەنانەت لەســـــەر ســـفرەی – دادوەر – یش ، کە نۆکەرەکە لـە چێشت دانان‌دا بم پەڕێنێ . بەڵام ئێـــستا ئەو

شتانە بە ئاسایی ئەزانم . باشە چیمان لێ‌دێ ؟ .
گـــەر زیرەکی مرۆڤ بخەینە پێش پلەو پایەوەو بەوە ڕێزی بگرین . هەرا بەرپا ئەبێ ، باشـــە نۆکەرەکـان لە کێمانەوە دەســـــت پێ‌بکەن ؟ بەڵام با بگەڕێمەوە سەر چیرۆکەکەی‌و بۆتـــان بگێڕمەوە :

ڕۆژێکی گەرم‌بوو ، سێ [فرست](١) لـە خانی [س]ەوە دوور بووم . باران دەستی‌کرد بە بارین ، ئەتووت جلەکانم لە ئاو هەڵکێشـــراوە . کاتێ گەیشـــتمە خانەکە ، خەمم ئەوەبوو زوو جلەکانم بگۆڕم‌و کەمێ چام فریا کەوێ .

خانچی‌یەکە هاواری کرد

— [ئا ، دونیا ، ســـەماوەرەکە لێ‌بنێ‌و کەرێش بێنە] .

لەم قـانەدا بوو ، کچێکی چواردە لە پشت پەردەی ژوورەکەوە دەرپەڕی‌و بـەرەو داڵانەکـــە تێ‌ی تەقاند ، گیرۆدەی جوانی‌یەکـــەی بووم : لە خانچی‌یەکەم پرسی : – [ئەمە کچتە ؟]

بە شانازی‌یەوە ووتی :

— [بەڵێ قوربـان ، چ کچێـکی زیرەك‌و کارامـەیە ، چۆتەوە سەر دایکە هەژارەکەی] . دانیشت‌و کەوتە نوسینی پسولەی ڕابوردنەکەم . منیش سەیری ئەو وێنانەم ئەکرد دیواری ژوورە پاك‌و خاوێن‌و کەم دەســـتانەکەی ڕازانبۆوە . وێنەکان چیرۆکی – کـــوڕە وونەکـــە – یـان ئەگێڕایەوە .

•

یەکـەمیان : پیرەمێردێکی دەوڵەمەند بـــە بەرگی شەوەوە ڕێی بۆ کوڕەکەی چۆڵ کردبوو ، کە دوو دڵ‌و بـە پەرۆش دیاربوو بۆ وەرگـرتنی پارەو قایل کردنی باوکی . لە دووەمیان‌دا کوڕەکە بەکەش‌و فشەوە لە سەرمێزێ دانیشتبوو ، بـە هاوڕێی نانی‌و ئافرەتی بێ شەرم دەورە درابوو . لەوی تریان‌دا کوڕە گەنجەکە جل‌و بەرگی ڕیشـال ڕیشـــالی لەبـەردابوو . پاش ئەوەی مـاڵ‌و

سامانەکەی بە فیڕۆ دابوو ، بەرازی بەخێو ئەکردو نانی لەگەڵ ئەخواردن . خەم‌و پەژارە لەدەم‌و چاوی‌دا ئەخوێنرایەوە . لە وێنەی چوارەم‌دا کوڕەکە گەڕابۆوە ماڵەوە ، لەبەر دەم باوکی‌دا هاتبووە سەر چۆك ، باوکی هەمان جل‌و بەرگی جارانی لەبەر دایەو بە پێشوازی کوڕەکەیەوە هاتووە . چێشتکەرەکان گوێرەکەیەکی قەڵەویان سەربڕیوە . برا گەورەکەی لە نۆکەرەکانیان ئەپرسێ ، بۆچی وا سەرقاڵن ؟ . لە ژێر هەر یەکەیان‌دا چەند دێڕێ هەڵبەستی ئەڵمانی نوسرابوو ، پڕاو پڕی وێنەکان‌بوو .

تا ئیمڕۆ ئەمانەو ئینجانە پڕگوڵ‌و پێخەفە سەرچەف‌دارەکەو هەموو شتەکانی تری ناو ژوورەکەم لەیادا ماوە . ئێستاش خانچی‌یەکەم لەبەرچاوە . تەمەنی پەنجا ساڵێ ئەبوو ، گورج‌و گوڵ‌بوو . ژیان چاڵ‌و چۆڵی خستبووە دەم‌و چاوی . پالتۆیەکی سەوزی درێژی لەبەردابوو ، سێ مەدالیای بە قردێلەی کاڵەوەبووی بە سەرسنگ‌دا شۆڕبووبۆوە .

خەریك بوو کرێی گالیسکەوانەکەم ئەدا ، دونیا بە سەماوەرێکەوە گەڕایەوە . ئەو شۆخە نەشمیلە کە بەتیلەی چاوە شینە گەورەکانی سەیری کردم . زانی چەندە کاری تێ‌کردووم . کەوتمە قسەکردن لەگەڵی‌دا . وەکو مرۆڤێکی دنیا دیدە زۆر بەسەربەستی ئەدوا . پیاڵەیەك جام دا بەدونیاو پەرداخێ خواردنەوەم بۆ باوکی تێکرد . بە جۆرێ سەری قەو باسمان دابەستبوو . ئەتووت لە کۆنەوە خزم‌و ناسیاوی



یەکین . زۆری برد تا ئەسپەکان ئامادە بوون . هێشتا پێم ناخۆش بوو دونیاو باوکی بەجێ بهێڵم . کەماڵ ئاوایم لێ‌کردن ، خانچی‌یەکە هیوای گەشتێکی خۆشی بۆ خواستم . دونیاش تاکو گالیسکەکە لەگەڵما هات .

لە داڵانەکەدا وەستام‌و داوای ماچێکم لە دونیا کرد ، قایل‌بوو . ماچم زۆر کردووە بەڵام هیچیان وەکو ئەمەی دونیا یادگارێکی زیندوو خۆشی بەجێ نەهێشتووە .

پاش چەند ساڵێ بە ئیش‌و کار ڕێم کەوتەوە ئەو گوزەرە . دونیام هاتەوە یاد ، حەزم ئەکرد ببینمەوە . بیرم کردەوە بەڵام کێ ئەڵێ خانچی‌یەکەیان نەگوڕیوە ؟ . کێ ئەڵێ دونیا شووی نەکردووە ؟. کێ ئەڵێ یەکێکیان نەمردووە. کە لە خانی [س] نزیك کەوتمەوە ، پەژارە دایگرتم . ئەسپەکانم بەستەوە ، چوومە ژوورەکەوە . یەکسەر وێنەکانی چیرۆکی – کوڕە وونەکە – م ناسی‌یەوە . جێگەو مێزەکە لە شوێنی خۆیان‌دا بوون ، بەڵام بەر پەنجەرەکە گوڵی لێ‌نەبوو . هەموو شتێکی ژوورەکە شێواوو پشت‌گوێ خرابوون . خانچی‌یەکە نوستبوو ، پەستەکێکی لەخۆی پێچابوو. کە چوومە ژوورەوە ڕاپەڕی‌و هەڵسا . بەڵێ خۆی بوو [سیمۆن ڤایرین ای خانچی بوو ، بەڵام زۆر پیر بووبوو . کە خەریك بوو بە تۆمارکردنی پسوولەی ڕابوردنەکەمەوە سەرنجی قژە ماش‌و برنجی‌یەکەیم‌دا . چرچێکی قوڵ‌و درێژ کەوتبووە دەم‌و چاوە تراش نەکراوەکەی . پشتی کۆمابۆوە . کێ بڕوا ئەکا ؟ ، تەنیا سێ چوار ساڵ لە تەمەن وا بەسەر مرۆڤ بهێنێ‌و ئەو کابرا گورجو گۆڵە وا کەنەفت بکات . لێم پرسی [نامناسیتەوە ؟ لە زووەوە یەکتر ئەناسین] . بە مۆنی‌یەوە وەڵامی دایەوە :

— [لەوانەیە ، ئەم ڕێیە قەرەباڵغەو زۆری پێدا ئەڕوا] .

لێم پرسی :-

— [کچەکەت لە چیدایە ؟] .

ناوچەوانی گرژ کردووتی : [خوا ئەزانێ!] .

ووتم :- [شووی کردوە ؟] .

وەك گوێی لێم نەبوو بێ ، ورتەی لێوە نەهات . خۆی بە پسوولەکەوە خەریك کرد . منیش لە کورتی بڕیمەوەو داوام لێ‌کرد چایەکم بۆ لێ‌بنێ . حەزم ئەکرد بزانم چی قەوماوە ، ووتم

بەلکو خواردنەوە زمانی بەربدات . بە هەلەدا نەچووبووم ، دەستی نەنا بەو پەرداخە خواردنەوەیەی بۆم تێکرد . مۆنی‌یەکەی نەما . لە پەرداخی دووەم‌دا زمانی بەربوو . وەك ئەیووت هاتەوە بیری کە ناسیاوی یەکین ، کەوتە گێڕانەوەی ئەو بەسەر هاتەی زۆر بە پەرۆش بووم بۆ بیستنی ، ووتی :

— | کەواتە دونیات ئەناسی . جا کێ دونیای نە ئەناسی ؟ ، ئاخ دونیا ، چ کچێ بوو ؟ . کێ بێرەدا هاتووە ستایشی کردووە ، کەس سەرزەنشتی نە ئەکرد . خانمەکان هەمیشە دیاریان بۆ ئەهێنا ، جارێ دەستەسڕێ ، جارێکی تر گوارەیان بۆ ئەهێنا . پیاوان بە ئەنقەست ئەوەستان ، گوایە بۆ نان خواردن ، بەلام تەنیا بۆ سەیری بالای دونیابوو . کام گەشتکەرەی زۆر توڕەبوو ، کە دونیا دەر ئەکەوت هێمن ئەبۆوەو بە زمانی شیرین لەگەل من‌دا ئەکەوتە گفتوگۆ .

قوربان ، بنوارە ، موچەخۆرو کار بەدەستە بە پەلەکانیش نیو کاژێر زێتر قسەیان لەگەل‌دا ئەکرد . هەموو کاری مالەکە بە سەر شانی ئەوەوە بوو . هەر خۆی پاکی ئەکردەوەو چێشتی لێ ئەنا . منیش پیرەمێردێکی گێل بووم ، زۆر دلم پێ خۆش‌بوو ، لە سەیر کردنی تێر نە ئەبووم . چەندە خۆشم ئەویستی دونیای من ، چەند نازم ئەکێشای . چەند ئەملاواندیتەوە . چەندە لەگەلما بەختیار بووی ، بەلام کێ ئەتوانێ لە چارەنوسی ڕا بکات ؟ ، ئەوەی نوسرابێ ناگەڕێتەوە | .

ئیتر دەستی‌کرد بە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەی ژیانی لێ تال‌کردبوو . زستانی بەسرپێرار ، لە ئێوارەیەك‌دا ، لەو کاتەی خانچی‌یەکە خەریکی ڕێکخستنی دەفتەرێکی تازە ئەبێ‌و دونیای کچی لەودیو پەردەی ژوورەکەوە خەریکی جل دوورین ئەبێ . گالیسکەیەك ئەگاتە خانەکە . کابرایەکی لێ دائەبەزێ ، پالتویەکی درێژی سەربازی لەبەردا بوو ، کلێتەیەکی چەرکەسی لە سەردابوو ، ملپێچێکی لە مل‌دابوو . کە هاتە ژوورەوە داوای ئەسپی کرد ، ئەسپی ئامادەی لێ نەبوو . خەریك بوو بەسەر خانچیدا بنەڕێنێ‌و بیداتە بەر قامچی . دونیا کە زۆر هەلوێستی وای دیبوو ، لە پشت پەردە دێتە دەرەوە ، لە کابرا ئەپرسێ گەر بفەرموێ شتێ بخوا . دەرکەوتنی دونیا کاری خۆی‌کرد ، توڕەیی کابرا نیشتەوە ، بەوە قایل‌بوو ئەبێ چاوەڕێی ئامادەبوونی ئەسپەکان بکات‌و داوای نانی شێوانی‌کرد . کە پالتۆ تەڕەکەی داکەندو ملپێچەکەی لە ملی کردەوە ، کابرایەکی قۆز بوو ، سمێلێکی ڕەشی قەیتانی هێشتبۆوە . لەسەر کورسی‌یەك دانیشت‌و بە ڕووخۆشی‌یەوە کەوتە دوان لەگەل خانچی‌و کچەکەی‌دا . کە نانی شێوان ئامادەکرا ، ئەسپەکانیش گەڕانەوە . خانچی‌یەکە چوو بەبێ ئالیك لە گالیسکەی کابرای ببەستێ . بەلام کە گەڕایەوە ، کابرا لە جێدا کەوتبوو ، زۆر نەخۆش دیاربوو ، وادیار بوو لە هۆش خۆی چووە . کەواتە نەیئەتوانی هەستێ بڕوات . چی بکەن باشە ؟ ، خانچی پێخەفەکەی خۆی دایە ، بڕیاری‌دا گەر تا بەیانی چاك نەبۆوە ، دکتوری بۆ بانگ بکات . ڕۆژی دوایی پەرێشانتر بوو ، نۆکەری کابرایان بە سواری نارد بۆشار دکتۆر بهێنێ . دونیا چارۆکەیەکی لە سرکە هەلکێشراوی بەست بە سەریەوەو لای سەری‌یەوە دانیشت ، کەوتەوە جل دوورینەکەی خۆی . کە خانچی‌یەکە ئەهاتە ژوورەوە ، کابرا ئەینالاندو خۆی بە نەخۆش پیشان ئەدا . دوو کوپ قاوەی خواردەوەو بە دەم نالەوە داوای نانی نیوەڕۆی کرد . دونیا لای سەری بەر نەئەدا ، کە داوای خواردنەوەی ئەکرد ، ئەچوو ئەو ئاوگی لیمۆیەی بۆ ئەهێنا کە بەدەستی خۆی ئامادەی کردبوو . کابرا لێوی تەڕ ئەکردو پەرداخەکەی ئەگەڕاندە دواوەو بە پەنجە لاوازەکانی ، بۆ سوپاسمەندێ دەستی دونیای ئەگوشی . بۆ نیوەڕۆ دکتۆر گەیشتە جێ ، ترپەی دلی نەخۆشەکەی گرت‌و بە ئەلمانی لەگەلی‌یا دوا . بە ڕوسی بە مانی ووت کە نەخۆشەکە پێویستی بە چەند ڕۆژێ حەوانەوەو هێمنی هەیە تا بتوانی بڕوا . کابرا بیست‌و پێنج ڕۆبلی دا بە دکتۆرەکەو داوای لێ‌کرد نانی نیوەڕۆیان لەگەل بخوات . چەندیان توانی خواردیان‌و خواردیانەوەو لە دوایی‌دا بە شادی‌یەوە بە ڕێی‌کرد .

ڕۆژی دوایی ، نەخۆشەکە تەواو چاك بۆوە، زۆر ڕووخۆش‌بوو . نوکتەی بۆ ئەگێڕانەوەو فیکەی لێ‌ئەداو لەگەل گەشتکەرەکان‌دا ئەدواو پسولەکانی بۆ تۆمار ئەکردن . خانچی‌یەکە هێندە هۆگری بووبوو، ڕۆژی سێ‌هەم زۆری پێ ناخۆش بوو کە میوانە ڕووخۆشەکەیان بەجێ‌یان بهێلێ . یەکشەممەبوو ، دونیا لە سەرڕێ بوو بچێ بۆ کلێسە . گالیسکەی کابرا ئامادە کرابوو ، پاش

ئەوەی کرێیەکی باشیدایە لەبری مانەوەی ئەو چەند ڕۆژەی ، ماڵ ئاوایی لێکردن . بە دونیای ووت پێخوشحاڵ ئەبێ گەر بیەوێ تا کڵێسە بیگەیەنێ ، بە تایبەتی کە کڵێسە لەو پەڕی گوندەو لە ڕێی ئەم دایە . دونیا تیاما ، باوکی ووتی :-

— [کچم لەچی ئەسلەمێیتەوە ، خۆ ئەو پیاوە گورگ نییە بت خوات ، با تا کڵێسە تگەیەنێ] .

لە ناو گالیسکەکەدا ، لەپاڵ کابرا دانیشت. نۆکەرەکە سەرکەوتو گالیسکەوانەکە فیکەیەکی لێداو ئەسپەکان کەوتنەڕێ .

خانچییە بەستەزمانەکە نەیئەزانی چۆن ڕێی دونیایدا لەگەڵ ئەو کابرایەدا سوار بێ . چۆن ئەوەندە بێ لێکدانەوە بوو ، خۆ کوێر نەبووبوو . نیو کاژێری نەبرد ، خانچی کەوتە دلەڕاوکێوە ، ئەوەندە پەرێشان بوو بەرەو کڵێسە کەوتەڕێ . کە نزیك بۆوە خەلکی بلاوەیان لێئەکرد . بەلام دونیا لە هیچ لایەکەوە دیار نەبوو ، لە حەوشەکەشدا نەبوو . چووە ژوورەوە قەشە لە دوانگەوە دا ئەبەزی ، کابرای مۆمەوان ، مۆمەکانی ئەکوژاندەوە . تەنیا دوو پیرێژنی لێمابوو لە سوچێكدا نوێژیان ئەکرد . بەلام دونیا دیار نەبوو ، پاش زۆر لە خۆکردن لە مۆمەوانەکەی پرسی کە ئایا کچەکەی هاتبوو بۆ پاڕانەوە ؟ . ئەویش نەیدیبوو .

بە دلشکاوییەوە بەرەو ماڵەوە بووەوە . تەنیا تروسکاییەك ڕوناکی لەوەدا بەدی ئەکرد ، بەلکو کەفو کوڵی گەنجێتی وەك زۆر کچی تر . وای لە دونیا کردبێ تا خانەکەی ئەولایانەوە چووبێو بگەڕێتەوە .

بە دلگوشراوییەوە ، چاوەڕێی گەڕانەوەی گالیسکەوانەکەیڕ ئەکرد . وا دیاربوو هەرگیز ناگەڕێتەوە ، بەلام دەمەو ئێوارە گالیسکەکە گەڕایەوە . کۆستی خانچی کەوت ، دونیا لە خانەکەی ئەولایانەوە لەگەڵ کابرادا ڕۆیشتبوو . حەوسەلەی نەما ، بەرگەی ئەو سیابەختییەی نەگرت . یەکسەر لەو جێیەدا کەوت ، کە ڕۆژی پێشوو کابرای لەسەر کەوتبوو . یەکە یەکە ڕووداوەکانی ئەهاتەوە پێش چاو ، گەیشتە ئەو باوەڕەی کابرا بە درۆ خۆی نەخۆش خستبوو . تایەکی گرانی لێ هات ، بردیان بۆ شاری [س]و یەکێکیان لە جێی دانا ، تاکو ئەگەڕێتەوە . هەمان دکتور هات بۆ بینینی . ئەوەی بۆ خانچی درکاند کە گەشت کەرەکە وەك گوێزی ساغ وابوو ، بەلام بە ساختە خۆی نەخۆش خستبوو . لە ترسی کابرا نەبووایە هەر ئەوکاتە ئەیووت .

جا نازانین دکتۆرە ئەلمانییەکە ڕاستی ئەکرد . یان ئەیویست وا خۆی دەرخات کە گوایە پێشبینییەکانی ڕاست دەرئەچن . هەر چۆنێ بێ قسەکانی کەمێ باری خەمی خانچییەکەی سوك نەکرد . کە چاك بۆوە دوو مانگ مۆلەتی وەرگرت . بێ ئەوەی بە کەس بڵێ نیازی چییە ، کەوتە سوراخی کچە وونەکەی . لە تۆماری پسولەی ڕابووردنی خانەکانەوە بۆی دەرکەوت ، کابرا - کاپتن مینسکی - ناوەو لە - سمولینسك - ەوە چووە بۆ - بترسبورگ - . ئەو گالیسکەوانەی برد بوونی ، ئەیوت (کچە بە درێژایی ڕێگاکە هەر گریاوە) ، هەر چەندە وا دەر ئەکەوت کە بەویستی خۆی لەگەڵ کابرادا ڕۆیشتووە ، خانچییەکە لە دلی خۆیدا ئەیووت [کێ ئەڵێ وانییە ؟ کچە وونەکەم ئەدۆزمەوەو ئەگەڕێینەوە ماڵەوە] .

بەم هیوایەوە بەرەو - بترسبورگ - کەوتەڕێ ، کە گەیشتە جێ ، لە سوپاگای - ئیزمایلۆفسکی - لای ئەفسەرێکی خانەنشین کراوی ناسیاوی دابەزی . کەوتە سۆراخ کردن . زۆری نەبرد زانی کە کاپتن - مینسکی - لەوێیەو لە ئوتێلی - دیمۆس - دابەزیوە . بڕیاریدا بەیانی بچێ بۆلای. بەیانی زوو خۆی گەیاندە ئەو بەشەی بۆ کاپتن تەرخان کرابوو. لە هۆلی چاوەڕێییدا ، ویستی ڕێی بدەن کاپتن ببینێو پێی بلێن کۆنە سەربازێك هاتۆتە دیدەنییان . نوکەرێ خەریکی پێلاو بۆیاخکردنبوو ، پێی ووت : [جەنابی کاپتن خەووتووەو کەس پێش کاژێری - یازدە - نابینێ] . خانچییەکە چووە دەرەوەو لەکاتی دیاری کراودا گەڕایەوە . مینسکی خۆی هات بەپیرییەوە ، جلو بەرگی خەوتنی لەبەردا بوو .

کلێتەیەکی سوری لە سەردابوو ، پرسی :

— **[هابرا بزانم ئیشت چییە ؟] .**

دلێ پیرەمێردەکە گوشرا ، چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسك ، هەر ئەوەندەی بۆ کرا بەدەنگێکی لەرزۆکەوە ووتی :

— **[قوربان لەڕێی خوا بەزەییت بجولێ] .**

مینسکی - جوان لێی وردبووەوە ، سوربۆوە ، دەستی گرتو بردییە نوسینگاکەیەوە دەرگاکەی لە دوایانەوە داخست .

— [قوربان . هەرچی‌یەك بوو ، ڕۆی . کچەکەم پێ بدەردەوە . بەلای کەمەوە کەیفی خۆت لەگەڵدا کردووە ئیتر بۆ بە قوڕیا ئەبەی ؟] .

گەنجەکە بە پەشۆکاوی‌یەوە ووتی :

— [ئەوەی چوو ، ڕابورد . من هەڵەم لەگەڵدا کردی . داوای لێبوردنت لێ ئەکەم . وا ئەزانی من دەستبەرداری دونیا ئەبم . سوێندت بۆ ئەخۆم کە بەختیارە ، کەواتە بۆچی لەگەڵتا بێنەوە ، خۆشی ئەویم‌و ژیانی کۆنی لە بیربردۆتەوە ، ئەوەش ڕوویدا وەکو یادگاریێ هەر ئەمێنێ] .

شتێکی خستە قولی چاکەتەکەیەوە ، دەرگاکەی کردەوە ، خانچی‌یەکە بێ ئەوەی بزانێ خۆی لە شەقامەکەدا دیەوە . تا ماوەیەکی زۆر وەك بت ڕاوەستا . کە هاتەوە هۆش خۆی هەستی بە بابۆلەیەك کاغەز کرد لە قۆلی چاکەتەکەی‌دا . دەری هێنا چەند بیست‌و پێنج ڕۆبلی‌یەك‌بوو . قرمێسکی پەستی‌و قین زایە چاوەکانی‌یەوە . پارەکەی گرمۆلە کردو فڕێی دایە سەرزەوی بە پاژنەی پێ‌وە چووە سەری‌و لێی دا ڕۆیشت . زۆری نەبرد ڕاوەستا ، کەمێ داما ، بەرەو دواوە گەڕایەوە . بەلام لێی نەمابور ، گەنجێکی پۆشتەکە ئەمی دی ، بە پەلە خۆی‌کرد بە گالیسکەیەك‌داو هاواری لە گالیسکەوانەکە کرد – لێخوڕە – . خانچی‌یەکە دوای نەکەوت‌و هەوڵی نەدا لێی بسێنێتەوە . بڕیاری‌دا بگەڕێتەوە سەرماڵ‌و ئیشەکەی خۆی . بەلام ئەیویست هیچ نەبێ بۆ دواجار دونیای کچی ببینێ . بەم ئاواتەوە بۆ دوو سبەی گەڕایەوە بۆلای مینسکی . بەلام نۆکەرەکەی بەتوندو تیژی‌یەوە پێ‌ی ووت : [جەنابی کاپتن نایەوێ کەس ببینێ] . بە پاڵ‌کردی‌یە دەرەوەو دەرگاکەی بەڕووا داخستەوە کەمێ وەستا ، ئیتر چوو بەڕێ‌ی خۆیەوە .

ئێوارە پاش ئەوەی تا توانی لە کلێسە نوێژو سکالای کرد ، بە شەقامی – لینینایا – دا ئەڕۆیشت ، مینسکی لە گالیسکەیەکی زەنگینانەی بچکۆلەدا بینی . لەبەردەم خانوویەکی سێ نهۆمدا وەستا . کاپتنی لێ‌دابەزی‌و بە پەلە سەرکەوتە سەرەوە . بیرێکی خۆش هات بە مێشکی خانچی‌دا . گەڕایەوە دواوە . لەگەڵ گالیسکەوانەکەدا کەوتنە قسەکردن ، لێ‌ی پرسی :

— [ئەرێ برا ئەمە گالیسکەی کاپتن مینسکی نی‌یە ؟] .

— [وایە ، بەلام تۆ بۆ ئەپرسی ؟] .

— [کاپتن ڕایسپاردبووم ، نامەیەك بە دونیا بگەیەنم . بەلام ناونیشانەکەیم بزرکردبوو].

— [دونیا ، لە نهۆمی دووەم دایە . بەلام درەنگ پیاگەیشتی ، ئێستا خۆی لایەتی] .

خانچی‌یەکە ووتی :

— [قەیناکا ، سوپاست ئەکەم ، هەر ئەبێ نامەکە بگەیەنم] . ئەمەی ووت‌و خۆی کرد بە خانووەکەداو سەرکەوتە سەرەوە . دەرگاکە داخرابوو ، لە زەنگی‌دا ، پاش چەند چرکەیەکی تاڵی چاوەڕوانی ، دەرگاکە کرایەوە . پرسی :

— [ئەرێ – ئەڤدوتیا سیمینۆڤنیا – لێرەیە ؟] .

کارەکەرە گەنجەکە وەلامی دایەوە :

— [بەڵێ لێرەیە . بەلام تۆ ئەمە بۆ ئەپرسی ؟] .

خانچی‌یەکە ، بێ ئەوەی وەلامی بداتەوە ، خۆی‌کرد بە هۆڵەکەدا . کارەکەرەکە هاواری کرد – [قەدەغەیە ، نابێ . ئەڤدۆتیا سۆمیسنۆڤنا – میوانی هەیە] .

ژووری یەکەم‌و دووەم تاریك بوون . سێ‌هەم ڕوناك‌بوو ، ژوورێکی ڕێك‌و پێك بوو . لە دەرگاکەدا وەستا . مینسکی بە خەیاڵ چووبوو ، دونیاش بەو پەڕی پۆشتەیی‌یەوە لە سەرلا لەسەر قۆڵی کورسی‌یەکەی کاپتن دانیشتبوو . لە مینسکی ورد ئەبۆوەو بە پەنجە پڕ ئەنگوستیلەکانی یاری بە کەزی‌یە ڕەشەکەی ئەکرد . هەرگیز لەوەو بەر کچەکەی وا بە جوانی نە دیبوو ، دونیا بێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە پرسی :

— [ئەوە کێ‌یە ؟] .

باوکی هیچی نە ووت . هە وەلامی نەبیستەوە سەری بلند کردەوە . بەدەم قریشکەیەکەوە لە هۆش خۆی چوو ، کەوتە سەر ڕاخەرەکە . مینسکی بە شڵەژاوی‌یەوە ڕاستی کردەوە . کە پیرەمێردەکەی لە ناو دەرگاکەدا بینی ، دونیای داناو لێی نزیك بووەوە . لە توڕەیی‌دا ئەلەرزی . دانی لێ ڕیچ کردەوە ، ووتی :

— [جیت ئەویٚ ؟ . بۆچی وەکو جەردە دوام ئەکەوی ؟ . ئەتەویٚ سەرم ببڕی ؟ . بۆ دەرەوە] .

شانی چاکەتەکەی گرت‌و بە هەموو هێزی خۆی پالی پێوەناو خستی بەسەر پێپلیکانەکاندا . پیرەمێردەکە گەڕایەوە لای هاوڕێٚ جێ‌نشین کراوەکەی ، ئەویش وا ڕێٚی بۆ دانا سکالا لە مینسکی بکات . خانچی‌یەکە پاش بیرکردنەوە قایل نەبوو ، بڕیاری‌دا واز لە مەسەلەکە بهێنێ . پاش دوو ڕۆژ لە ـ بترسبۆرگ ـ ەوە بەرەو مالەوە بووەوە . دەستی کردەوە بە کاروباری خۆی . خانچی‌یەکە بەوە کۆتایی بە چیرۆکەکەی هێنا ، کە ووتی :ـ [ئەمە سێ سالە بێ دونیا ئەژیم . دەنگ‌و باسیشی نازانم ، خوا ئەزانێ ماوە یان مردووە . هەموو شتێ ئەبێ . دونیا نە یەکەم‌و نە دوا کچە بکەوێتە داوی کاپتنەوە . ئەو سەرشێتە کەمێ کەیفیان لەگەل ئەکاو ئیتر وەکو سەگ وێلیان ئەکات . چەند ڕۆژێ ئەتلەس‌و مەخمەل لەبەر ئەکەن . پاشان لەگەل خلتەی بارەکاندا ئەبێ جادەکان بمالن . کە بیر ئەکەمەوە، لەوانەیە دونیاش وای لێ‌بێ . ئەو گوناهە ئەکەم‌و ئاوات بە مردنی ئەخوازم] .

تاکو بەسەرهاتەکەی تەواوکرد ، پێنج پەرداخ خواردنەوەی هەلدا . چەند جارێ چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسك . بە شێوەیەکەی کاریگەر وەکو (تیرینش)ی چامە دلڕفێنەکەی ـ دیمتریف ـ ، چاوی بە چمکی کراسەکەی ئەسڕی . زۆر کاری تێکردم تا ماوەیەکی زۆریش ڕۆیشتنم نەمئەتوانی لە یادی دەرکەم‌و بیر لە دونیای بەستەزمان نەکەمەوە .

جارێکی تر کە بە ناوچەی (س) دا ڕا ئەبوردم ، خانچی‌یەکەم هاتەوە بیر . بەلام زۆری نەبرد زانیم کە خانەکەی کوێربۆتەوە . بەلام کەس نەیئەزانی پیرەمێردەکە ماوە یان مردووە . لەبەر ئەمە بڕیارمدا چەند ئەسپێ بەکرێ بگرم‌و بەرەو گوندی [ن] بکەومە ڕێ . پاییز بوو ، هەورە خۆلەمێشی‌یەکان بەری ئاسمانیان گرتبوو . کزە بایەك لە کێلگە دوراوەکانەوە ئەهات . گەلای زەرد هەلگەڕاوی درەختی سەر ڕێکاکە لە وەرین‌دا بوو . لە زەردەپەردا گەیشتمە گوندەکە ، لەبەردەم پۆستەخانەدا وەستام . ئافرەتێکی قەلەو هاتە دالانەکە (ئەو شوێنەی دونیای بەستەزمان ماچی کردم) . کە لێم پرسی ، پێی ووتم : (سالێکە خانچی‌یەکە مردووە) . ئەم ژنی ئەو بیرە دروستکەرەیە کە خانووەکەی بەکرێ

گرتووە . لە چوونەبێ ئەنجامەکەم پەشیمانبوومەوە ، حەوت ڕۆبلم لە کیس‌چوو . لە ژنەکەم پرسی :ـ

— [بە چی مرد ؟] .

ووتی — [جەناب ، سەری‌کردبووە خواردنەوە] .

— [لە کوێ نێژراوە ؟] .

— [لەولای دێوە ، لەپال ژنەکەی‌دا نێژراوە] .

— [ئەتوانن گۆڕەکەیم پیشان بدەن ؟] .

— [ئەی بۆنا ، فانکا بەس یاری‌بەو پشیلەیە بکە ، وەرە لەگەل ئەم جەنابەدا بڕۆ گۆڕی خانچی پیشان بدە] .

منالێکی جل‌و بەرگ ڕیشال ڕیشال‌بوو هاتە ددرەوە . قژی سوورو چاوێکی کوێر بوو . بردمی بۆلای گۆڕەکە . لە ڕێکا لێم پرسی :

— [خوالێخوش بووت ئەناسی ؟] .

— ئەی چۆن ! ، فێری جوزەلە دروستکردنی کردم ، خوالێخۆش‌بوو کە لە بارەکە ئەهاتە دەرەوە . دوای ئەکەوتین‌و ئەمان ووت ـ باپیرە ، باپیرە . فستقێکمان بدەرێ ـ فستقی بۆ هەل‌ئەداین . زۆر جاریش یاری لەگەلا ئەکردین] .

— [ئێستا خەلکی کەم بێرەدا دێ . جار جارە باجنووس بەپەلە تێئەپەڕێ ، ئەویش پەیوەندی بە مردووانەوە نی‌یە . لە هاوین‌دا خانمێك هات‌و لە پیرەمێردەکەی پرسی‌و هاتە سەر گۆڕەکەی] .

بە پەرۆشەوە لێم پرسی :ـ

— [چۆن خانمێ بوو ؟] .

وەلامی دامەوە :

— [خانمێکی زۆر جوان بوو . بە گالیسکەیەك هات شەش ئەسپ ڕایئەکێشا . سێ منال‌و سەگێکی ڕەشی بچوك‌و دایەنی منالەکانی لەگەلا بوو . هەر کە پێمان ووت : (خانچی‌یەکە مردووە) ، دایە پڕمەی گریان‌و بە منالەکانی ووت :

— [هارو هاجی نەکەن ، من ئەچم بۆ گۆڕستانەکە] .

ویستم لەگەڵیا بڕۆم ، ووتی ـ خۆم ڕێگە ئەزانم ـ خانمێکی دەس و دڵ باش‌بوو ، پێنج کۆپیکی دامێ] .

گەیشتینە گورستانەکە . جێگەیەکی چۆڵ و بەرزین نەکراو بوو . لێرەو لەوێ خاچی دارینە ئەبینران . یەك درەختی تێدا نەبوو . هەرگیز گورستانی وا کەلاوەم نەدی بوو .

منالەکە خۆی هەڵدایە سەر گۆڕێکی هەڵنەبەستراوو خاچێکی ڕەشی سەرمسی تێدا چەقێنرابوو ، ووتی :

ـــ [ئەمە گۆڕەکەیە] .

لێم پرسی :ـ [خانمەکەش هات بۆ ئێرە ؟].

فانکا ووتی :ـ [هات بۆ ئێرە ، لە دوورەوە چاوم لێ‌بوو ، کەوتە سەر چۆك . تا ماوەیەکی درێژ وا مایەوە . پاشان چوو بۆ گوندەکە قەشەیەکی بانگ کردو پارەی دایەو لێ‌ی‌دا ڕۆیشت . خانمێکی دڵڕفێن بوو ، پێنج کۆپیکی دامێ] .


پێنج کۆپیکم‌دا بە منالەکە . ئیتر وام نە ئەزانی حەوت ڕۆبلەکەم لە کیس‌چووە . لە چوونەکەشم پەشیمان نیم .

١٤ ـ ی ئەیلولی ـ ١٨٣٠ ی زاینی .

(١) فرست : Verst : پێوانەیەکی ڕووسی‌یە بەرامبەر [١.٠٦٧] مەترە .

* لەم کتێبەی خوارەوە کراوە بەکوردی :

Russian Stories - Pushkin to Gorky-
By : Janko Lavrin London-1950 page
23 - 36



کۆتایی ساڵ

□ سلام منمی

– ١ –

دوای نیوەی ساڵ بۆ یانەی کۆلیجی ئەندازە هات لەپێش ئەوەدا چاوی بەهێمنی هاوڕێی بکەوێ دیمەنی کچێك سەرسامی کرد . پەلوپۆی شکان : (وابزانم ئەوەیە هێمن ستایشی ئەکرد .. هێشتا کارمامزی وام نەدیوە ..) .

هاوڕێکەی دۆزییەوە ، لەسـەر دوو کورسی لەو نزیکانە دانیشتن . چاوی تێبڕی : (چەند بەفیزەوە سەیر ئەکات ناهەقی نییــە منەتیش بەسەر زەویدا بکات‌و بلێ بۆچی بەرزی‌و نزمیت زۆرە ..!)

– ئەمەیە باست ئەکرد ..؟

– ئەوە .. چەند جوانە ئەوەندەیش بەڕێزە ..

– ٢ –

بەیانی سواری ئۆتۆمۆبیلەکەی بوو . بـەرەو زانکۆهات ، سەیری کرد لەجێگەی وەستانی پاسەکەدا وەستاوە ..

هێواشی کردەوە :

– فەرموو ..

– لەپشتەوە سوار بوو ..

– بەخێر بێی ..

– سوپاس .. زەحمەتە ..

– ئۆتۆمۆبیلی خۆتە ..

(ئۆخەی ئەوە تۆی ئەوەندە لێمـەوە نـزیکی هەرباشە ئەمە خۆپێناسینێکە ..) .

لە ئاوێنەکەوە سەیری کرد : (قژی ئـەڵێی کارەبایە ، وەك کارەبایش مرۆڤ ئەگرێ .. ئەی ئەو گەردنە بەرزەو سنگە مەڕمەڕییە بۆ ناڵێی ..) .

– ٣ –

هاتەوە لەڕێ شامپۆی ئۆتۆمۆبیلی کڕی‌و تێکەڵ بەسەتڵێ ئاوی کرد .. پاكپاك شۆری بریقەی ئەدایەوە

(بلێی سبەینێ لەهەمان شوێنا بێ ، ئەترسم زوو پاسی دەستکەوێ .. بەمن بوایە سـبەینێ پاس بەوشەقامەدا نەڕۆیشتایە ..) ..

ڕۆژبۆوە . ناشـتای کرد ، ڕیشـی تیوتیوەدا ، قژی داهێنا ، قاتێکی سایەقەیی لەبەرکرد.. سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد : (دوێنێ چارەکی ئەویست لەوێ بوو ، ئێستایش بیستی بۆهەشت ئەوێ ئـەبێ



بەپێنج دەقیقە بگەمە ئەوێ) .پێی بە بەنزینا نا شریتی گوگوشی خستەسەر . نزیك بۆوە .

« ئەوەتا باشبوو فریای کەوتم .. هێشتا پاسەکە نەهاتووە بلێی ئەویش چاوەڕێی منی کردبێ .. » .

لەبەردەمیا ڕای گرت :

ــ فەرموو ..

لەجێگەکەی جاران دانیشت ..

ــ چواری ئەندازە گرانە ..؟

ــ لە پۆلەکانی ترسووك ترە ..

ــ ئەی بازرگانی .؟

ــ وانەکانی وشکن ..

ــ سەرکەوتوو ئەبی .

ــ سوپاس . .

لەئاوێنەکەوە سەیری کردەوە : (وابـــڕوات شێت ئەبم . چەند بەسامە . ئەندامی لەشم ئەلەرزن ، تۆ بلێی ئەویش وەك من وابێ .. دەنگی چەند ناسکە.

(ئەی بازرگانی .. سەرکەوتوو ئەبی ..) خۆزگە بەهاوسەرێتی لامەوە دائەنیشتی .. ئەوجـا پادشـــا ئەبووم) .

پرسیاری شریتی بیری بچڕی :

ــ بۆ کوێ .. بۆ زانکۆ ناچین ..!!

بەئاگادا هات :

ــ بەڵێ بۆ زانکۆ ببوورە ..

ــ وادیارە لەدالغەدای .. ؟

ــ ئەگەر بەدالغەکەمت ئەزانی حەزت ئەکرد تیـا ون بوومایە .

ــ ٤ ــ

هێمنی هاوڕێی پێی وت :

ــ لەگەڵ درەخشانا گەیشتە کوێ ؟

ــ بۆ شوورەیە ؟!

ــ من ئەم‌وتووە شوورەیە . بەڵام ئەبینم زۆر گۆڕاوی مرۆڤەکەی جاران نیت . ئەترســـم ڕۆژێ خۆت بەعەموودێکا بدەیت یاخـود عـەقڵت تێك چێ ؟ سوور ئەزانم خۆشەویستی‌یەکەتان یەك لۆیەو دوای کلاوی بابردوو کەوتوویت ..

ــ یەك‌لۆ چییە ..؟!

ــ چەپڵە بەدەستێ لێنادرێ . .

ــ بۆ حەز لەمن ناکات .؟!

ــ لەگەڵ هەموو کەسا وەك تۆ وایەو سەربەستە .. گفت‌وگۆ شیرینە ..

ــ ٥ ــ

هەموو جارێ بەیەك ئەگەیشتن‌و هـەمان فلیم ئەنوێنرا .. بەڵام نەی ئەتوانی مەبەستەکەی پێ‌بڵێ . ئیمڕۆی ئەدایە دەست سبەینێ ، سبەینێی ئەدایـــە دەست دووسبەی .. ئەویش مێشێکی میوان نەبوو . وەك هەموو کەسێکی ئاسایی قسەی لەگەڵ ئەکرد.

ــ ٦ ــ

بەیانییەك چوون بۆ زانکۆ .. (خۆ دەوام بەرەو کۆتایی ئەچێ .. ئیمڕۆ هەرپێی ئەڵێم . خۆ نام‌کوژێ. ئەوپەڕی ئەڵێ نا .. خۆ (نا) خەنجەرێك نییـــــە سیپەلکم ڕادا .. بۆچی ئەڵێ (نا) ئەو لـــە چواری ئەندازەیە منیش لە چواری بازرگانی) .

لەئاوێنـــەکەوە تەماشـــــای کـــردەوە : **(ئێستا لە پۆلی سێ‌بوومایە ئەمساڵ خۆم ئەهێشتەوە).**

لەپێش ئەوەدا پێی بڵێ ئەو وتی :

ــ ئیمڕۆ خوا حافیزی لـە تۆو هـەمـوو بـراو خوشـکێکی دڵسۆز ئەکەم .. لەبەرئەوەی ســـاڵ کۆتایی هات‌و ماڵمان لە شارێکی ترە .. ئـەڕۆمەوە سەعی ئەکەم .. خۆم بۆتاقی کردنەوە ئامادە ئەکەم .

ــ نات‌بینمەوە .. ؟!

ــ ساڵ کۆتایی هات .

ــ ئەی من ..؟!


ــ تۆ .؟!

ــ شەیداتم ..

ــ بەداخەوە لەمن نەگەیشتووی ..

ــ . . . .

(چەپڵە بەدەستێ لێنادرێ) .



گروگاڵ

احمد سلام

بەم دوابیانە کاك (عەباس محمد حسین) ۆمەڵـە چیرۆ ێکی منداڵانـەی لەژێـــر نـاوی (گروگاڵ)دا خستە بەر دەستو چاوی منداڵانی وردەوە ، ئەم ۆمەڵە چیرۆکە ، کە بریتی یـە لە ١٠ دەکورتە چیرۆکی منداڵانە . هەرچەندە گیانی دلسۆزی نوســـەری پێوە دیارە بۆ منداڵان بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا کۆمەڵێ هەڵەی زمانەوانیو رستەی نارەوانو ناتەواو کەوتۆتە ناو چیرۆکەکانەوە کـە بەیەکجاری لە دنیا و زمانی منداڵانەوە دابڕاون . ...ر سەبێ ناونیشانی کۆمەڵە چیرۆکەکە بکا ، بە ...ناوو بۆ نوسەرەکەیو بیخاتە ئەو قاڵبەوە کـە ...تاڵو کرچی و نارەوانیانە دەکەونە بەر جفزی ...روتانەوە)و دیـــارە گروگاڵی منـــداڵانەیش ...ـــەنگی زمان نایانگرێتە خۆی ئەم بیانووە رەنگە وەختێـك قەبـوڵ کرایـە ، کـە هـەمـوو چیرۆ ـــەکان یـــەك چیرۆك بوونایـــەو ئـــەو ناونیشانەیشیان بگرتایەتە خۆ ..

من لەم باسەدا ئەوەندەی دەرفەت یارمەتیم بدا هەول ئەدەم لێرەدا هەندێ باری ســـەرنجو بۆچوونی خـۆم دەربـارەی ئـەم کۆمەڵە چیرۆکە بخەمە روو ، سەرجەمی باســـەکەیشم لەم سێ خانەی خوارەوەدا کۆدەکەمەوە :

أ ـ هەڵەی زمانەوانی :

نوسەری ئەم کۆمەڵە چیرۆکە تابلێی لـــە ...ستە هۆنینەوەو دارشـــتنی رســـتەدا ...خوێنەر لەســـەرتاپای چیرۆکەکاندا ...ازی زمانی نووسینی دەکات .. بۆیە



بەبڕوای من تەنها دلسۆزی بۆ منداڵان بەس نی یە بۆ ئەوەی هاندەر بێ بۆ نوسەرێك بیەوێ خۆی خەریك کات بە بەرهەمی منداڵانەوە ، بەڵکو دەبێ لەپاڵ ئەو دڵسۆزیەدا کەرەسەیەکی تەواوی هونەریو تەکنیکی چیرۆکی منداڵانەی پێ بێ ..

چیرۆك نووسی عەرەبی سوریایی (زەکەریا تامر) لە چاوپێکەوتنیکیا لەگەڵ نوێنەری گۆڤاری (الوطن العربي) دا دەڵێ :

(چیرۆك نووسی منداڵان دەبێ شتێك بنوسێ ، خۆش بێ بەلای گەورەو منداڵەوە) ... ژێرەدا نموونەی هەندێ هەڵەی زمانەوانی نوسەر دەخەینە روو ، ئەوەتا لە چیرۆکی یەکەمیدا (منداڵێکی بێ دایكو باوك) لە ٥ دەڵێ (... بەیانیان زوو بەرەو گۆرەپانەکەی کارکردن دەکەوتە رێو لەم مەیدانەشدا تەنیا قورکاری بەرکەوتووە ، کە ئەمیش رۆژێك بەری کەوتوەو.. گەراوەتەوە) .. دەبوو نوسەر لەم رستانەدا فرمانەکانی (فعلەکانی) ـ بەرکەوتوە ، ... ی کەوتوە ، ماوەتەوە .. گەراوەتەوە ـ لەسەر ... ن صیغەی ئەو فرمانە (دەکەوتەرێ) ... رشایە کە سەرەتای قسەی پێکردۆتەوە .. واتە دەبوو بڵێ :

(قورکاری بەردەکەوت .. بەری دەکەوت.. ... دمایەوە .. دەگەرایەوە) چونکە ئەسڵی فرمانی (... کەوتەرێ) فرمانێکی رابردوی بەردەوامیە (ماضی استمراري) بۆیە دەبێ ئەو فرمانانەی لەم رستەیەدا بەدوایدا دێن بەهەمان صیغە بهێنرێنەوە ..



لە چیرۆکی (زەنگەسۆرە)دا ل١٨ دەڵێ (هەموو ساڵێك کە زستان دادەهات بۆ لای یەکتر رادەکشان) .

راستی رستەکە دەبێ بەم جۆرە بێ (هەموو ساڵێك کە زستان دەهات بۆ لای یەك (یەکتر) دەکشان) .

هەر لەم چیرۆکەدا لەشوێنێکیتردا دەڵێ : (رۆژانی بەهار لە ژماردن بوو) ئەمە لەبری ئەوەی بڵێ :

(رۆژانی بەهار دەهاتو دەچوو) لە ل ٢٠ دا دەڵێ : (دوای ماوەیەك گەڕان بەم لاو بەولادا هیچ شانەیەکی رابردویان ..) .

راستیەکەی دەوترێ : (.. شانەیەکی کۆنیان) هەر لە ل ٢٠ دا دەڵێ :

(ئازاردانی گیان لەبەر ئەوەی لەچاودایە) لە راستیدا دەوترێ :

(ئازاردانی گیان لەبەران ئەوەی بەچاوەوەیە) لە لاپەرە ٢١ دا دەڵێ :

(هەر دەبێ بێژن ئەم نانە بەم دۆشاوە) هەر چەندە وابیستراوە کە دەوترێ :

(ئەم نانە بەو رۆنە) ئەگەر ئەوەی نوسەریش دەیڵێ وەکو پەندێك بوترێ لای ئەوان ئەوا دەبوو لەم حاڵەتەیشدا بڵێ (ئەم نانە بەو دۆشاوە) .

لە چیرۆکی (مامەی شوان بۆ منالەکانی گێرایەوە) لە ل٢٣ دا دەڵێ :

(.... دەزانن من پێم باوەر نەکردو ..) ڕاستیەکەی دەوترێ ..

(... دەزانن من باوەرم پێنەکردو)
لەچیرۆکی (پیروتو جەژنانە)دا ل٢٥ دەڵێ : (زۆران جار بەرووی باوکیدا هەڵدەدا) راستیەکەی دەوترێ (زۆر جار دەیدا بەرووی باوکیا (باوکیدا) هەر لەهەمان چیرۆکدا لە ل ٢٧ دا دەڵێ : (پیرۆت هەر چاوتاتکێی ئەوەی بوو) . ئەوەی راستی بێ دەوترێ (پیرۆت سەرەتاتکێی ئەوەی بوو) .

لە چیرۆکی (گفتوگۆی نیوان دار بەروو و کانی یەك)دا لە سەرەتاوە دەڵێ :

(کانی یەکی سازگار خۆی لەقەدی ئەو شاخە بەردی یە) هەڵقوولا بوو) ئەوی راستی بێ دەبوو بڵێ : (کانی یەکی سازگار لەخواییەوە لە ناو قەدی ئەو شاخە بەردینەوە هەڵقوڵابوو) یا (هەڵ دەقولا) .

ئەمانەو کۆمەڵە رستەیەکی تری لەم

بابەتانە لە چیرۆکەکاندا دەبینین وەکو ..

(کەوتە راکیشانیانیەوە .. ل١٤)

(هەر لە یەکەم رۆژی گەرمای هاوین ل١٨)

(بەلکو تەنیا یەك دوو پوولی لابەلایی لەجیاتی جەژنانە بۆ فرێدا .. ل٢٧) .

(چیاکانی سەرسەرتەوە بیزار دەبم ل٣١)

(لەم جۆرە قسانەدا بوون ل٣١) ، (لە ژێر یەك پارچە ئاسمانی شینین ل٣٢) .

٢ – چەند لایەنیکی (نا مەنطقی) لە چیرۆکەکاندا :

نوسەری ئەم کۆمەلە چیرۆکە لە زۆر شوێنا هەندێ شتی وروژاندوە کە (مەنطق) هەروا بە ئاسانی نای سەلێنێ .. بۆ نموونە زۆر جار ئەرکیکی قورس‌و گران دەخاتە ئەستۆی پالەوانی ناو چیرۆکەکانی کە زەحمەتەو بگرە مەحالە هەروا بە ئاسانی بەسەر خوێنەرا تیپەرن ! ئەوەتا بۆ نموونە لە چیرۆکی (منالێکی بێ دایك‌و باوك) ل ٥ ئەوەمان پیشاندەدا کە مندالێکی وەکو (ریباز) کە ، لە (پولی چوارەم)ی سەرەتایی دایە هەست بە هەموو تالی‌و ترشی ژیاندەکا ، کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە زیاتر لەوە دەوەشیتەوە یەکێ بێ تەك قوناغی سانەوی تەواو کردبێ بەلکو لە پلەیێ خویندنی زانکۆدایە !

نوسەر ئەو کێشە چینایەتیەی ئێستا خۆی لەم تەمەنەدا و لە تێ‌روانینی خۆیەوە شتیکی لێ دەزانێ دەیەوێ وایشی بداتە قەلەم کە منالێکی وەکو (رێباز)یش لەم تەمەنەی‌دا (کە ٨ هەشت سالانە) دەرك بەو کێشەیە بکات !

لە چیرۆکی (میروولەو منالێکی رێگر) لە ل ١٥ دا دایکی نەوزاد رووی دەمی دەکاتە نەوزادو دەلێ :

(رۆلە گیان ئەگەر تۆش وەك ئەو میروولە لەسەر خوێندنی خۆت رشت بووتیایە) .

ئەم لێك چوونە (تشبیە) لەم شوێنەداو بەم چەشنە دەق ناگرێ ، چونکە عونسری خوێندن لە میروولەکەدا نی‌یە ، بۆیە دەبوو بلێ : (ئەگەر تۆش وەك ئەو میروولەیە لەسەر هەول‌و کۆششی خۆت بەردەوام بووتیایە) ئەوسا دەتوانرا بلێین عونسری لیکچوونەکە یەکانگیر دەبێ .

هەر دوا بە دوای ئەوە دایکەکە بە نەوزاد دەلێ (بە چاوی خۆت دیتت بەچکەی میروولەکە چۆن چاوەروانی میروولە گەورەکەیان دەکرد چونکە خواردەمەنی بۆ دەرهێنانەوە ، ئێمەش بەم رەنگە هەموو سەرە سالێك چاوەروانی ئەنجامی تۆین) لێرەدا دیسانەوە تناقضێك بەرچاو دەکەوێ دەبینین بەپێی رستەکە میروولە گەورەکان خواردەمەنی بۆ بچوکەکانیان پەیدا دەکەن ، کەواتە بەو پێیە بێ دایکەکە (بەرامبەر میروولە گەورەکان) دەوەستێتەوە دەبێ خواردەمەنی بۆ نەوزاد پەیدا کات چونکە (بەرامبەر بە میروولە بچوکەکان) دەوەستێتەوە لەم حالەتەدا لیکچواندنی (میروولە گەورەو بچوکەکان لەگەل دایکەو نەوزاد)دا پیچەوانەی مەبەست دەبەخشێ !

سەیر لەوەدایە لەکوتایی چیرۆکەکەدا نەوزاد بریار دەدا لەمەولا لەسەر خوێندن بەردەوام بێ (وەك نەبای دیبێ نەباران) لە کاتێکا نوسەر لە ل ١٤ دا ئەوەمان پێ‌پیشان دەدا کە نەوزاد ٣ سێ سال لەسەریەك لە پۆلی پینجەمدا ماوەتەوە ، ئەم گۆرانە کتوپڕیەو پاش سێ سال کەوتن لە پۆلێکدا ئەقل بە زەحمەت ئەم رووداوە قەبول دەکا .

لە چیرۆکی (زەنگە سۆرە)یش‌دا ل ١٨ نوسەر وامان بۆ دەردەخا کە (جوان‌و شەمال‌و ناسك‌و شەوگار) هەموو سالێك لەسەر ئەوە (ریکەوتون) بچنە سەر هێلانەی (زەنگەسۆرە) ئەوەنی‌یە دەلێ :

(مشتو مریان بوو چۆن ئەمسال کە زستان بەسەرچوو وەك سالانی رابردوو پیکەوە بکەونە گیانی زەنگە سۆرەکان) .

کەچی هەر دوای ئەمە بەدێرێك دێت‌و دەلێ : (بەلام لەسەر نەخشەیەکی چەسپاوی پێویست رێك نەدەکەوتن) .

نوسەر لە چیرۆکەکانیا هیچ حیسابێك بۆ (کات) ناکات ، ئەوەندەی ئەدا بەدەمەوە کە ئەمە هەر مەگەر لە توانای چیرۆکیکی درێژ یا روماندا هەبێ بیگرێتە ئەستوێ خۆی. بەچەشنێ جلەو بۆ (کات) بەرەللا دەکا کە لە نەفەس کورتی چیرۆکیکی مندالانەی دەردەکا بۆ نموونە ئەگەر سەرنج بدەین لە چیرۆکی (رەنگە سۆرە) دەبینین بۆ کارێکی وەك قەلاچۆکردنی هیلانەیەکی زەردەوالە (زستان‌و بەهارو هاوین)ێك دەخایەنێ ئەوەتا دەلێ :

١ – (زستان هات‌و تێپەری ..)

٢ – (رۆژانی بەهار لە ژماردن بوو ..)

٣ – (هەر لە یەکەم رۆژی گەرمای هاوین) .

لەم چیرۆکی (مامەی شوان بۆ منالەکانی گێڕایەوە) ل٢٢ دەڵێ : (ئەمشەو خەونم بینیوەو بۆتانی دەگێرمەوە ئەگەر بەدڵتان بوو وەك گوارەی کچۆلان بیکەن بەگوێتان) ئاشکرایە قسە لەگوێ گرتن بەرامبەر بە گوارە کردنە گوێ ناوەستێتەوە، چونکە قسە وەك دەربڕینێکی (مەعنوی) تەنها هەست قەبولی دەکاو لەرێی پەردەی گوێوە دەچێتە ناو مێشکەوە ، بەڵام (گوارەی کچۆلان) بابەتێکی (مادی)یەو بە دەرەوەی گوێوە هەڵدەواسرێ ! بۆیە ئەم لیکچواندنە بەهیچ جۆرێك لە شوێنی خوی‌دا نی‌یە !

لە چیرۆکی (پیرۆت‌و جەژنانە)دا لە ناوەرۆکی ئەم چیرۆکەوە خوێنەر هەست بە (صراع)ێك دەکا لەنێوان خێزانی دوو بەرەبابدا ، نوسەر ناکۆکیەکەی وا خەست کردۆتەوە لەوەی ترازاندوە کە ناکۆکی نێوان دوو خێزانی (برا بن) بەڵکو ختویەتە قالبێکی دوژمنداریەوە ، لەبەر هیچ نا هەر لەبەر ئەوەی بەرەی برایەکیان هەژارەو بەرەکەی تریان دەوڵەمەند ئیتر بەمە دەیەوێ هەرچی یاساکانی کیشمەکیشی چینایەتی ئەم دنیایە هەیە بەسەر ئەو دوو خیزانەی‌دا (تطبیق) کات بەوەش ناوەستێ منداڵەکانیان وا لەیەکتر تیژ دەکاو قسەی وایان بە دەمەوە دەکات وەك بڵێی هەریەکەیان چەند (مجلدات)ێکی لەبابەت تیورەکانی ئابوریەوە خوێندۆتەوە ، ئەوەتا پیرۆت بەو تەمەنی هەشت ساڵیەوە دەڵێ :

(ئێوەی دەوڵەمەندو زەنگین وا دەزانن هەموو شتێك بەپارە دەکرێ‌و دەفرۆشرێ) .

٢ ـ کاتێ زمانی پاڵەوانەکان لەبەر لێشاوی زمانی نوسەردا دەخنکێن :

یەکێ لەو خەوشانەی لەنوسەرانی چیرۆکی ئاسایی دەگیرێ ئەوەیە کە هەندێ جار ئەو نوسەرانە زمانی نووسینیان تێکەڵ بەزمانی پاڵەوانەکانیان دەکەن بێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ (کات‌و شوینی) پاڵەوانەکانیان بکەن ، ئەم حاڵەتە بەهیچ جۆرێك لە نوسەری بابەتی منالانە قەبوڵ ناکرێ !

(زەکەریا تامر) دەڵێ :

(هەندێ نوسەرانی منالانە هەن لەو پیرەمیردانە دەچن کە کراسی باق‌و بریق لەبەر دەکەن‌و هەڵبەز و دابەز دەکەن ، لەوان وایە بەوە دەچنە دڵی منداڵانەوە !) .

لەبەر رۆشنایی ئەم قسانەوە دەڵیین دەبێ چیرۆکنووسی منداڵان زۆر دیاربێ‌و راستەوخۆ زمانی نووسینی خۆی تێکەڵ بەقسەو هەڵسوکەوتی پاڵەوانەکانی نەکا ، یەکێ لەو خاڵانەی دەبێ بەماڵ بەسەر نوسەری ئەم کۆمەڵە چرۆکەوە ئەوەیە کە زۆر بە زەقی‌و لە زۆر شوێنا خۆی کردوە بە زمان راستی پاڵەوانی ناو چیرۆکەکان ، من لێرەدا هەوڵ دەدەم بەپێی توانا بەشێك لەو رستەو قسانە بهینمەوە کە ، بۆ نموونە دەشێ :

لە چیرۆکی (منالێکی بەناو گووم بوو) دا ل١١ دەڵێ : منالەکە بەم جۆرە درێژەی بە قسەکانی‌دا (نازانم بۆ پیاوەکانی ئەم رۆژگارە پیشەیان گریانە) . . (گرینۆکەکانی بەردەم تبشکی سیبەری دیوارە رووخاوەکان بگرین ، هەتا ئەو دەمەی بەیەکجاری دەمرن هەربگرین) .

لە چیرۆکی (جووتیارە بچکولانەکە)دا لە ل ١٢ دا نوسەر ئافرەتێکی لادیی بەم جۆرە دێنیتە قسە : (« لادێ » گیان لەو رۆژەوە (کارزان)ی برات هاتووتە دنیا تا رادەیەك کەوتبووینە خۆشی‌و ئاغاکان دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەمابوو) یا نوسەر دێت لە زمانی کورەکەوە (لادێ) کە تەمەنی هەروا دوازدە ساڵان دەبێ بەم‌جۆرە دەیخاتە قسە :

(دایکە ئەوە تۆ دەڵێی چی ! ئێمە هەرگیز رزگارمان نابێت تا ئەو دەمەی بەم جۆرە دەستەوەستان لێی دانیشین ئەوان زۆر چاك دەزانن کە ئێمە گوێ رایەڵی فەرمانەکانیانین) لە ل ٢١ دا لە چیرۆکی (زەنگە سۆرە) لەزمانی منالەکانەوە ئەمە دەڵێ :

(ئەوجا هەرچوار منالەکە پێکەوە ووتیان لەمەو دوا سەربەستی ژیان بۆ هەموانە چ بێ ددسەڵات و چ بەدەسەلات . . .)

لە چیرۆکی (پیرۆت و جەژنانە)دا لەزمانی منالێکی هەشت ساڵانەوە ئەمە دەڵێ :

(بویێ پێتان دەبێژم ئەو دەولەمەندانە هەر دەرەبەگەکەی جارانن بەڵام پێستەکەیان گۆڕاوە) .

نموونە لەم بابەتانە ئیجگار زۆرن لەناو چیرۆکەکاندا کورد وتەنی (مشتێ نموونەی خەروارێکە !) بەمە دەرگای باسەکە دادەخەین ، ئومیدی سەرکەوتن‌و بەردەوام بوون دەخوازم بۆ نوسەری (گروگاڵ) .

نامەی

□ معتصم سالري

ئوتێلەکەمان کەوتبووە نهۆمی بانەوە . ئەو ژوورەی کە هەڵسووڕێنەری ئوتێلەکە بۆی دەستنیشان کردم ژوورێکی بچووك بووو بەچەند پەنجەرەیەکەوە دەیڕوانیە دیوی دەرەوەی ئوتێلەکە ، لەپشت پەنجەرەکانەوە بەردەم ئوتێلەکە بەدی دەکرا ، جادەکەی بەردەم ئوتێلەکە جادەیەکە کەنارگیر بوو ، ئۆتۆمبیل پێیدا گوزەری نەدەکرد ، ئەوسەری جادەکە لکابوو بە مەیدانیی بابولموعەزەمەوە . بەردەم ئوتێلەکەمان جمەی

دەهات لە ژن‌و پیاوو منداڵ‌و خەڵکی زۆری کڕیارو فرۆشیار . دەنگە دەنگی خەڵکەکەو تەقەتەقی تەرازووو پیاهەڵدانی فرۆشیارەکان بۆ کاڵاکانیان ، تێکەڵ بەووڕە ووڕو هۆڕنی ئۆتۆمبیلەکانی مەیدانەکە دەبوون‌و جامی پەنجەرەکانی ژوورەکەیان دەبڕی‌و دەهاتنە ژوورەوە . ماوەیەکی کەم بەسەرچوو بوو کە بۆ

یەکەمین جار پێ‌بنێمە نێو ئەو ئوتێلەوەو تێیدا نیشتەجێ ببم . هەموو لەشم داگیرابوو ، ماندوێتی زۆری بۆ هێنابووم‌و ناچاری کردبووم لەسەر قەرەوێلەکەم بەشەکەتی لەسەرپشت ڕابکشێم . وەك پەنجەرەکان پیشانیان دەدام خۆر تیشکیی بێ‌هێز ببوو بەتەمای ئەوەبوو سەری خۆی هەڵبگرێ‌و وون بێت . چاوەکانم بێ‌ووچان لەجوولەدابوون ڕوانیمە قەرەوێلەکەی ئەولامەوە . کراس‌و بێجامەیەك بە شێوەیەکی نارێك‌وپێك

لەسەری کۆمەڵ کرابوون ، لە پاینی قەرەوێلەکەیشەوە مێزێك چەقی بوو ، ئاوێنەیەك‌و هەندێ تاخم تەراش‌و چەند پەرتووك‌و پەڕاوێك لەسەری ریز کرابوون . ووردە ووردە شووشەی

پەنجەرەکان تاریك تر خۆیان دەنواندو دەنگە دەنگی خەڵکەکەی بەردەم ئوتێلەکەش تا دەهات کەمتر دەبوونەوە . دەستم درێژکرد بۆ دیوارەکەی ژوورەکەمان‌و ، ناو ژوورەکەم ڕوون کردەوە .

چاوم نووقاند بۆ ئەوەی تۆزێك هەڵاژێم . دوای ماوەیەك جیڕە جیڕی دەرگای ژوورەکەم بەئاگای هێنامەوە ، لەجێگەکەی خۆم ڕاست بوومەوە بینیم کوڕێکی باڵا مام ناوەندی هاتە ژوورەوە .

سەڵاوی لێ‌کردم‌و بەخێر هاتنی لێ کردم‌و منیش خۆم پێناساند . لەپێش ئەوەی ئەو خۆی بەمن ناسێنێت بەپێکەنینەوە پێم‌ووت :



— ناوی تۆ وەحیدە . لەم ژوورەیەدا دەنوویت گەر هەڵەم نەکردبێت :

ئەویش بەپێکەنیـــەوە وەڵامی دامـــەوەو ووتی

— بەڵێ ، هەروەك ووتت وایە . وادیارە ئەبو عەلی‌ی هەڵســـــــووڕێنەری ئوتێلەکە ئـەم شتانەی پێ ووتوویت . وەحید کە قسـەی بکردایـە هـــەردەم زەردەخەنەیەکی پڕ لـە ناسۆری بەدەم‌و چاوبەوە دەنووسا . خاوەن قژێکی لوول بوو رەنگ‌و بۆیشی هـەنـدێك زەرد بوو ، ئەویش من ئاسایی تەمەنی خۆی دەدا لەبیست ساڵێ .

ماوەیـەك لە ژوورەکـە لـەگـەڵیدا بووم ، ســـەرنجم دەدا هەڵس‌و کەوتی ئەو کوڕە جێی سەرسووڕمانە ، کە لە ئیش‌و کاری دەگـــەڕایەوە بەهێمنی‌و زۆر بەبێ دەنگیەوە یەك تەختە لەسـەر

دڵـــداری

گازەرای پشت لەسەر قەروێلەکەی ڕادەکشاو بـەبێ چـاو تروکـاندن دەیڕوانیـــە بن میچی ژوورەکەو ، بیرو هۆش‌و ئەندێشەی لەلانەدەماو دەڕۆیشت ، وەك لاشـەیەك نوقمی ئاو ببێت ئاوەها بوو . خۆم پێڕانەگیرا تا ڕۆژێك پرســــیارم لێ کردو ووتم :

— **وادیارە خەم‌و خەفەتێکی زۆرت هەیەو دەری نابڕیت بۆ کـەس ! خۆ هیچ نیگەرانیـەکت تووش نەهاتووە تا ئاوەهـا خـــەم‌و پەژارە تەنگت پێ هەڵچنێت ؟**

کە لـە پرســـــیارەکەم بوومەوە بەدەنگێکی نزمەوە وەڵامی دامەوەو ووتی :

— خەم‌و خەفەتی من لەو کاتەوە دەســــتی پێ کرد کــە لەشارەکەی خۆمـــانـەوە بـۆ بەغدا ... دەگەڕامەوە .

— **خۆ لـەڕێگەکەتـانـدا هیچ بـارو دۆخێکی نائاساییتان چاو پێنەکەوت ؟**

— نەخێر ، بەڵکو کارەساتێکی گرنگ لەژیانمدا ڕوویدا ئەو ڕۆژەی کەلەشـــاری حیللەوە دەگەڕامەوە بۆئێرە ...

سەرم لە قسانەکانی سوڕماو ووتم :

— **گــەر چاوت بەکارەســـــاتی ئۆتۆمبیل نەکەوتبێت ئـەوە وادەردەکەوێت کـە زۆر ئاسانە .**

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو ووتی :

— نەخێر ، **بەڵکو لەنێو ئۆتۆمبێـــــــلدا دڵیان ڕفاندم !**

کە ئەم قســـەیەی کرد لکێك لەباسەکەم بۆ دەرکەوت‌و ڕۆشناییەك کەوتە ســــەر نهێنیەکە ، دوای ماوەیەك مات بوون لەسەر قسەکەی ڕۆیی‌و ووتی :

— ئـەو ڕۆژەی کـەدەگـــەڕامـەوە لـەنێـــو ئۆتۆمبیلەکـــەدا کچێـکی قوتـابی‌ی زانکـۆ لەتەنیشتمەوە دانیشتبوو کەوتینە قسەکردن تا گەیشـــــــتینە شاری بەغدا ... ئای کـــــە کـاتێـکی خـۆش‌بوو ... زۆر زوو بەزووی کات دەڕۆیشت .



لەو کاتەوەی کەلەیەکتر جیابووینەوەو خوا حافیزی لێکردم خەمو پەژارەیەکی زۆر میوانمە . باوەڕت بێت نیگای ئەو کچە هەرگیز لەیادم دەرناچێت . خۆزگە هەرگیز نەمبینیایە ... هەر کە لەم قسانە بووەوە بەهەردوو دەستی بەتوندی کێشای بەسەر قەروێلەکەیدا ، منیش هەرئەوەندەم بۆکرا دڵنەوایی بکەمو گیانی بەرەنگاری بخەمەبەری ، بۆیە بەپێکەنینەوە پێم ووت :

— **جا ئەمە ئەوە دەهێنێت ئاوەها خۆت بشێوێنیتو بەم ئاسانیە وورە بەردەیت ؟**
— چیبکەم بەڕای تۆ باشە ؟
— **زۆر ئاسانە یاخۆت بیبینەو باسەکەی لابکەرەوەو زمانی بسەنە ، یاخو نامەیەکی ئاوخۆیی بۆ ڕەوانە بکەو تاڕای خۆی وەربگری .**
— منیش هەردامناوە وای لێبکەم .
— ئەو خۆی ووتت لەکوێیە ؟
— **لە کۆلیجی (......)ـە .**
— ئەو لە زانکۆ دەخوێنێتو تۆیش . وەك لە مەبەستی قسەکەم بەباشی تێگەیشتبێت ، بەبێ ئەوەی بهێڵێت قسەکەم تەواو بکەم بەگوڕجی ووتی :
— مووچەخۆرمو پۆلی سێی ناوەندیم تەواو کردووە . باسی خۆمیشم لەلا کردووە کەچۆن چەند بارێکی نالەبار نەیانهێشت لەسەر خوێندنم بڕۆم . جا تۆ ئاکامی ئەم کارە چۆن دەبینیت ؟

منیش سەرم بردو سەرم هێنا بەگرانیەکەوە ووتم :

— **. . . . . ؟!**

ئەویش سەیرێکی دەمی کردمو بەتووندی دەمی بە یەکدا داو ووتی :

— **بەلام بۆچی ؟**
— منیش وەك تۆ دەڵێم بۆچی ؟ بەلام بلێین چی وایە !

★ ★ ★

بەیانی ڕۆژی هەینی بوو تیشکی خۆر لە پەنجەرەکانەوە خۆی خستبووە نێو ژوورەکەمانەوە . مرۆڤ لەو ڕۆژە خۆشەدا هەستی بە ووزەو توانایەکی زۆر دەکرد .



لەدەرەوە دەنگە دەنگو غڵبە غڵبی خەڵکێکی زۆر دەهات . بەپەلە لە جێگەکەم ڕاپەڕیمو خۆم گۆڕی . وەحیدم لەخەو هەڵساندو داوام لێکرد بۆ ئەوەی پێکەوە دەرچینە دەرێو لەو ڕۆژە خۆشەدا بێبەش نەبین . بەلام زۆر گرژو خەمبار دیاربوو ، بەدەنگێکی ماندوو نزمەوە پێی ووتم :

— تۆ بڕۆ من ئەمڕۆ دەرناچمە دەرەوە ، شەو تا ماوەیەکی زۆر درەنگ خەو نەچووە چاوانم دەمەوێ ئەمڕۆکە هەموو شتێك کۆتایی پێبهێنم ، بڕیارم داوە ئەمڕۆ نامەیەك بنووسم . بەتەنیا دەرچوومە دەرەوە . ئەو ڕۆژە چاوم بە هەندێ برادەران کەوتو تاماوەیەکی زۆر لەدەرەوە مامەوە . دوای ئێوارە گەڕامەوە بۆ ئوتێلەکەمان . زۆر سەرم سوڕما کە بۆم دەرکەوت کەوەحید تەنها بەس بۆ نان خواردن ئەو ڕۆژە ئوتێلی بەجێ هێشتبوو ، بەدرێژایی ئەو ڕۆژەش لەگەڵ نووسینی نامەیەك مێشکی خۆی گۆشیبوو ! بەدەنگێکی ماندوو پڕ لەسەرکەوتنەوە پێی ووتم :



نامەیەکم نووسیوە تائێستا کەس نەی توانیوە نامەیەك بەم شێوەیەی من بنووسێتەوە ! بێ گومانم لەوەی گەر ئەم نامەیەم بگات بەدەستی بێ‌سێ‌و دوو دڵی نەرم دەبێت ... نامەیەکی زۆر کاریگەرە گەر بۆ بەردی بخوێنیتەوە نەرم دەبێت ... بەشێوەیەکی وەها نامەکەم نووسیوە مەگەر هەر شاعیرە بەناوبانگەکان بتوانن نامەی وا بنووسنەوە ... بەشێوەیەکی ڕۆمانسیانەو شاعیریانە بەدرێژایی ئەمڕۆ نووسیومەتەوە دەستی بردو نامەکەی دابەدەستمەوە . نامەکە زۆر دوورو درێژ بوو . دووایی لە دەستی سەندمەوەو دەستی کرد بەخوێندنەوەی ، ئەوەی ڕاستی بێت نامەکەی زادەی هەڵچوونێکی هەرزەکارانەبوو ، تابڵێی سادەو ساکاریش بوو ... بێگومان نامەکە بەزمانی خۆیان بەزمانی عەرەبی نووسرابوو ، نامەکە پڕبوو لەو بڕگانەی کەسەدەها جار لەلایەن خەڵکەوەو زۆرێك لە گۆرانی بێژەکانی هەموو میللەتانەوە ووتراوون وەك : گیانەکەم ، خۆشەویستەکەم ، من تۆم زۆر خۆش دەوێت، خونچەکەم تۆ زۆر پێویستیت بۆ من ، تۆ وەك خوێن وایت لەنێو دەمارەکانمدا ، تۆ وەك ئەو بایەیت کە هەردەم هەڵیدەمژم وەگەڵێ لەو ووشەو بڕگە سواوانەی کە زۆرجار گوێمان لێیان بووە ... بەتێکڕا ناوەڕۆکی نامەکەی هیچ قووڵی‌و بیرێکی شاعیریانەی تێدا نەبوو وەك ئەوەی خۆی دیووت ، جگە لە ووشەی پڕ باڕانەوەولاڵانەوە نەبێت ...

کاخەزی‌ی نامەکەی خستە نێو کیسەیەکەوەو بەنەریدی ناوخۆی‌ی بۆ کچەی ڕەوانەکرد ، زۆر بەپەرۆش بوو بۆ وەڵامی نامەکەی . دووای چەند ڕۆژێك نامەیەك لەکچەکەوە هات بۆ وەحید بۆ نوێلێنە . وەحید لەخۆشیاندا هەر ئەوەندەی مابوو باڵ بگرێ‌و بفڕێت . زۆر بەپەرۆشەوە دەرکی نامەکەی هەڵپچڕی ، سەیری ناوەوەی زەرفەکەی کرد تا وەڵامی کچە بەدەس بهێنێت ، بەڵام چ جۆرە وەڵامێك بوو وەڵامەکەی ؟ وەحید بینی‌ی هەرنامەکەی خۆیەتی گەڕاوەتەوە بۆی ..! ڕەنگی هەڵبزڕکاو زۆر پێ‌ی‌تێك چوو دەستی بەنامەکەوە وەك کارەبا گرتبێتی ئاوەهابوو ... تومەزە کچە کە نامەکەی پێ دەگات کیسەکەی هەڵدەپچڕێ‌و دوای خوێندنەوەی ، کاغەزی نامەکەو کیسەکەی خۆی دەکاتە نێو کیسەیەکی تازەوەو بۆ وەحیدی دەگەڕێنێتەوە ... وەحیدیش جارێکی تر کاخەزی نامەکەو هەردوو کیسەکەی خستە نێو کیسەیەکی تازەوەو بۆ دووەم جار سەر لەنوێ بۆ کچەکەی گەڕانەوە ... دوای چەند ڕۆژێکی کە بەهەمان شێوەی پێشوو کاغەزی نامەکە بەڵام لەنێو چوار کیسەدا گەڕایەوە بەردەستی خاوەنەکەی ... بۆ سێهەمین جار وەحید کاغەزی نامەکەو چوار کیسەکەی خستە نێو زەرفێکی تازەوەو ئاراستەی کچەکەی کردەوە .... بەم شێوەیەش کاغەزی نامەی دڵدارێك لەنێو پێنج کیسەدا خۆی مەڵاس دابوو ئەگەر تێت بڕوانیایە وەك وورگی ڕەشە وولاخێك دەهاتە پێش چاوت کەزیادە خۆری کردبێت لەم دیوو لەو دیوەوە نامەکە پەنما بوو ....

بەڵام ئەمجارەیان نامەکە نەگەڕایەوە ئیتر نەمانزانی لەبەرید دەرتیان پێ‌کردبوو ... یاخود لەڕێ وون ببوو ، یاخو بەدەستی کچەکە دڕابوو .... ؟!



کاروانی شیعری نوێی کوردی

● سۆران مەحوی

پێشەکی‌یەکی پێویست :ـ

بەڵێ شاعیرانمان زۆرە ، وەهەروەها شیعریش .. بەر لە چیرۆکی هونەری کوردی ، لەبواری ئەدەبی کوردی‌مان ، سەری هەڵدا .

جا لەگەڵ ئەوە وبەو پێوانەیە ، بیرکردنەوە لە تۆمارکردنی شیعر ، و بەسەرهاتی شـــاعیران،و دەربڕینی بیروڕای جۆراو جۆر ، لـــەبابەتەکانی شیعری کوردی ، پەسانا زانستو ئەدەبی‌یەکەی .. جگە لەو چەند نووسینە کەمە نەبێ ، کە هەندێ ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکان گرتبوویە خۆیان . هیچ باسێکی ئەوتۆمان نی‌یەو تەمەن کورتە .

لەبەر ئەوە ، زۆر لەڕۆشنبیرو ئەدیبان ، بـۆ ئەو مەبەستە کەوتنە خۆیان ،و سەرەتا لـــەو بوارەدا .. ئەوە بوو پەراوی (ئەنجوومەنی ئەدیبانی کوردی)[١] ئەمین فەیزی ڕسکا کەژیانو شیعری چەند شاعیرێکی تیا تۆمار کرابوو .

هەر دوا بەدوای ئەوەش ، چەند ڕۆشنبیرێکی تر ، جێ دەستیان دیارە ، و هەوڵو کۆششیان لەو مەیدانەدا مایەی دڵسۆزی‌یە[٢] ..

تا ئەوە بوو ، بنەتای ئەو کارە ، سەرئەنجام گەیشت ، بە (کاروانی شیعری نوێی کوردی)[٣] ، کە لەنووسینی شاعیری ناودار (کاکەی فەلاح)بوو .

ئینجا خوێنەران سەبارەت بەنرخو بەهـــای ئەو شاکارە نەوازشە ، بەشەوقو ڕوو گەشی‌یەوە، بەرەو پیری چوونو جێگای مشتومڕو لێدوانی سەرجەم ئەدیبو ئەدەب دۆسان بووە ..وپەکێکیش لەو لێکۆڵینەوانەی مایەی لێدوانێکی ووردە .. نووسینەکەی (عومەر مارف بەرزنجی)یە .. کە بە ناونیشانی (کاروانی شـــــیعری نوێی کوردیو چەپکێک سەرنج)[٤] .. ماوەیەك لەمەو بـــەر ، لەگۆڤاری بەیانی خۆشەویستی ، ژمارە (٦٠) ی ساڵی ١٩٨٠دا بڵاو بۆوە .

ئینجا لەبەر ئەوەی ئەو نووسینە ، گەلێ دەلاقەو زۆر کەلەبەری زەقی تێکەوتووە ، بەپێویستم زانی ئەو ناتەواوی‌یانە ، بەناوی (کاروانی شیعری نوێی کوردی‌و رستێك سەرنجی تایبەتی) یەوە ، بە مەبەستی خزمەت کردن بە ئەدەبەکەمان ، ڕاست بکەمەوە .. هیواشم زۆرە سوودێکم گەیاندبێ‌و نووسینەکەش شوێنی خۆی گرتبێت .

جەوهەری نووسینەکە : ــ

جەوهەری نووسینەکەی نووسەر ، دوو ڕێچکەو شەقلی سەرەکی وەرگرتووە ..

١ ــ بەشێکی نووسینەکە تایبەتی‌یەو ئاراستەی نووسینی (کاروانی شیعری نوێی کوردی) کراوە .. کەپێم وایە ئەمە مافێك بێ ، و هۆو پەیوەندی بەهەموو ئەدیب‌و ئەدەب دۆستێکەوە هەبێت .. چونکە هەرکاتێ هەرچی چاپەمەنییەك ، کەوتە بازارەوە ، چەند مافی خاوەن بەرهەمی پێوەیە ، بگرە زیاتریش هەمان هەقی خوێنەرانی بەسەرەوەیە ، و بۆیان هەیە .. لێی بدوێن‌و قسەی لێوە بکەن .. بەمەرج ئەو لێدواندنە لە سنووری ئەدەب دەرنەچێ‌و لایەنەشەخسی‌یەکانی نووسەرو (مەسی شەخسی)(٥) خاوەن بەرهەمەکەی تیا نەبێ ..

٢ ــ لایەنێکی کەی نووسینەکەی نووسەر گشتی‌یە ، و باڵو سێبەری بەسەر هەندێ نووسەردا کێشاوە .. کە زۆر تاکەم ، هیچ پەیوەندی‌یەکیان بەسەر باسەکانی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)یەوە نی‌یە ..

جا بۆچی ئەو نووسەرانە ناوی‌یان هاتووە،و کراون بە ناوەخنی نووسینەکە ؟! ئەوە پرسیارێکەو چاوەڕوانی وەڵامە ..

مەگەر پاشان بەپێی سەلیقەو توانا ، ئیشکی وەڵامدانەوەیان بخەینە سەرو لەو ڕووەوە ، ڕاستی مەسەلەکە بە خوێنەران ئاشنا بکەین .

ئێستا سەرەتا ، لە خاڵی یەکەمەوە پێ‌هەڵدەچین ، و بە پێی باری سەرنجی خۆمان (رستێك سەرنج) دەخەینە سەر ئەو لایەنەو با بۆ ڕاستی قسەش خوێنەران ، خۆیان سەرپشك بن .

پێشەکی نووسەر گلەیی لە نووسینەکانی (کاروانی شیعری کوردی)یە ، کە (بەسادەترین تێروانین لە ناوەڕۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ، دەست خستنە سەر شێوەی دەربڕین‌و هەڵسەنگاندنی بیروڕایەکانی نووسەر ، خوێنەران بەو ئەنجامە ئەگەیەنن تا .... لە کارەکەی‌دا ڕێچکەیەکی پەخشان ئامێزی گرتووە ...)(٦) .

ئەمە لەکاتێکدا ، کە ئەورایەی نووسەر ، تەواوی پێچەوانەی بۆچوونەکانی لەمەوبەری مامۆستای ڕەخنەگر (کەمال غەمبار)ە ، کە ئەو ڕایەی لەسەر ئەوەیە : ــ

ناوەڕۆکی (کاروانی شیعری نوێی کوردی) بەتێرو تەسەلی‌و هێزوپێزترین ، کەرەسەو مەوادەوە ، هاتۆتە مەیدانی لەباوترین ڕەخنەی مەیدانی‌و نووسینی ئەدەبی‌یەوە ..

دیارە هۆی ئەوەش ، بەلای مامۆستا (کەمال غەمبار)ەوە ، دەگەڕێتەوە هەمووی بۆ هاوچەرخێتی مامۆستا کاکەی فەللاح ، لە گەڵ ئەو شاعیرانەدا ، بێجگەلە (دڵدار) نەبێت ... و هەروەها وەستایی کاکەو مامەڵەکردنی بەقووڵی‌و ووردی‌یەوە لەگەڵ ئەو شیعرانەدا(٧) .

ئیتر کارێک ئەوەندە ئاشکرابێ ؟.. ئەو دژە خورجێ‌یەی نووسەر چی‌یە .. و ئەبێ چی بکرێتەوە ؟!

حەزیشم دەکرد ، کاتێ نووسەر دەڵێ : ــ (لەکارەکەی‌دا ڕێچکەیەکی پەخشان ئامێزی گرتووە ..)(٨) هیچ نەبوایە ، لەشوێنێکی نووسینەکەیا ، یان چەند شوێنێکا .. نموونەیەکی لە شێوەی ئەو پەخشان ئامێزی‌یەی بەرچاو بخستایە .

هەروەها نووسەر درێژە بە باسەکەی دەدات ، و لەشوێنێکی کەی نووسینەکەی‌دا، ئەوەمان بەگوێ‌دا ئەدات .. کە کاکەی فەللاح تەنیا بۆ (شیعریکی ــ دیلان‌و گۆران ــ مامەڵەی لەگەڵ موسیقاو بڕگەی شیعری‌دا کردوە ... و ئیتر لەو دەستوورە پچراوە تا . . . . سەرجەم ئەو شاعیرانەی خاوەنی زۆر پارچە شیعری بەهێزترن ئاوری لێ نەداونەتەوە..)(٩).

نووسەر دەیەوێ لەژێر پەردەوە ، بۆلەو قاڵب بۆ خاوەنی (کاروانی شیعری نوێی کوردی) دابنێت،و هەموو سەربەستی یەکی لێ زەوت بکات نازانێ هەموو کەس لەدەربڕینی بیروڕای‌دا سەربەستە ،و ئەگەر ئەو نۆ شاعیرە لەهەموو لایەنێکەوە لێ‌یان بدوێن،و سەرمەشقی ئەوانەشی شیعرەکانیان ، لە ڕووی ئەو قاڵبەوەی بۆ (کاکە) دانراوە .. کارەکە یەکجار زۆری دەوێت،و

جولاندنو دووچار بوونی هەلچوونو داچوونێکی لە رادە بەدەر .. بەناوی (جەمال موحەممەد) ناوێکەوە ناوی دەبات .. هەرگیز خۆی لەو دارەتە نادات .. کە نووسەر ئەیناسێت یان لە کۆری ئەدەبو ئەدەب دۆستاندا ناسراوە .. تا بەوەشەوە ناوەستی نووسینەکانی بە (ئیفلیجو بێهێز) لە قەلەم دەدات .. بێ ئەوەی هیچ لەو ڕووەوە بەلگەیەکی زیندوو بەرچاو بخات .. ئەنجام لەمانەوە دەگەینە پوختەی ئەم قسەیە :ـ

پوختەی قسە :

لە هەلگوزاندنی ئەو کورتە نووسینەی قسەمان لێوەکرد .. دەگەینە ڕاستیو پوختەی ئەم قسانە :

١ ـ نووسەری (کاروانی نوێی شیعری کوردی) لەپێشەکی(٣٢) پەراوەکەدا ئەو ڕاستییەی درکاندوە .. کە لەکارەکەیدا بێ شك نەگەیشتۆتە لوتکەو چاوەڕوانی هیمەتی خوێنەرانە بۆ دەستنیشانی ناتەواوییەکانیو وەرگرتنی هەموو ئەوکەمو کورییانە بەدل فراوانییەوە بەمەرجێ لەرادەی ئەدەبو لەسنووری ئەو مەبەستە دەرنەچێ ..

٢ ـ بەرلەوەی نووسەران ، لەسەر ئەو شاعیرانەو دەربارەی رایەکانی (کاروانی شیعری نوێی کوردی) بهاتنایە قسە .. ڕەوا وابوو ، شاعیرەکان خۆیان هەلەو چەوتییەکانی (کاروانی نوێی شیعری کوردی) یان ڕاست بکردایەوە .. چونکە خوا تەمەن درێژیان کات .. ئەوزاتانە بیجگە لە (دلدارو بەختیار زێوەر) نەبێ..

هەموو لە ژیاندا ماونو ئەوان بەر لە هەموو نووسەرێ پەی بەراستییەکان بەرن .

٣ ـ نووسەری (کاروانی شیعری نوێی کوردیو چەپکێك سەرنج)(٣٣) تا بلێی وەستاو شارەزایی هەموو شتە بیبلۆگرافیاو زانیارییە بیبلۆگرافیاکانەو بێ شك لەو هونەرەدا گەلێ چالاکیو چاپوکی لەڕووە .. ئەوە لەکاتێکدا ، کە ئەو هونەرە سەربەخۆیەو هیچ پەیوەندییەکی بەلایەنە ئەدەبیو ڕۆشنبیرییەکانەوە نییەو لە ڕووی (ابداعات) و (داهێنانی) ڕۆشنبیریو ئەدەبییەوە حسابێکی ئەوتۆی بۆ ناکرێو لەخانەی ئەو باسانەدا دانانرێ ...

٤ ـ نووسەر ئەگەر بێتو تۆزێ خۆی لەو پەراوێزە نارەوایانە کەدەیکاتە ناوەختی نووسینەکەی ، یان ناوی ئەو نووسەرانە کەلاوەکی دەیان خزێنێتە نووسینەکەیەوە ، بە دوور بگرێو ئەوەندەش دەستیاو یان جامی بوغزی بەسەر نووسەراندا نەرژێنێ ..

ڕەنگە لەو حالەتەدا ، تارادەیەك نووسەر شتێکی باشو نایاب بەدەستەوە بداتو سوودو خزمەتێ بەئەدەبەکەمان بگەیەنێت .. ئیتر لە کۆتاییدا ، ئومێدم زۆرە لە ڕاستکردنەوەی ئەو هەلانەی نووسەردا توانیبێتم ئامانجم پێکا بێت .. دەربارەی (کاروانی نوێی شیعری کوردی) بەردێکم خستێتە بیناغەی بەرزی ئەو خزمەتە و هەروەها هیواشم زۆرە کە مامۆستای شاعیر کاکەی فەللاح .. بەم نیزیکانە بەرگی دووەمی ئەوپەراوە بخاتە بازارەوە ، و کتێبخانەی کوردی پێ قەشەنگ بکات ..

ئیدی تا لە دەرفەتێکی تردا ، و ئەو کاتەی نووسەر دەگەرێتەوە سەرباسەکەی(٣٥) ، سەرکەوتنو سەرفرازیتان ئاواتو مەبەستمانەو سوپاس ...

پەراوێزەکان :

١ ـ ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد ـ ئەستەموول ، ١٣٣٩ ـ ١٩٢٠ لە نووسینی (ئەمین فەیزی) و ئەو پەراوە لە ١٤٧ لاپەڕەو بەقەوارەی ١٦ × ١٠سم ە و لە ناوەرۆکی نووسینەکەیدا ژیانی شاعیرانو لەگەل شیعری « نالی ... سالم .. حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە ... شێخ رەزا ... حەسەن کەنۆشو زۆریتری گرتۆتە خۆی ».

٢ ـ چەند نووسەرێکی تر وەك مامۆستایان « رەفیق حلمی » لە دووبەرگی « شیعرو ئەدەبیاتی کوردی » لە سالانی (١٩٤١ ... ١٩٥٦) بە چاپ گەیاندووەو هەروەهاش مامۆستا عەلائەدین سوجادی « مێژوو ئەدەبی کوردی » لە چاپخانەی مەعاریف سالی ١٩٥٢ بە چاپ گەیاندوە .

٣ ـ کاروانی شیعری نوێی کوردی ، لە چاپکراوەکانی کۆری زانیاری کوردییەو لە نووسینی حەمە حەمە ئەمین قادر (کاکەی فەللاح) سالی ١٩٧٨ .

٤ – بروانە بەیانی ژمارە (٦٠) سالّی ١٩٨٠ .

٥ – بەیانی ژمارە (٦٠) سالّی ١٩٨٠ « کاروانی شیعری نوێی کوردیو چەپکێك سەرنج » کە لە نووسینی « عومەر بەرزنجی »یەو نووسینەکە بێجگە لەمەسی شەخسی خاوەنی (کاروانی شیعری نوێی کوردی) مەسی شەخسی زۆر نووسەرانیکەی تیایەو بە زەقی ئەو لایەنە رەچاو دەکرێ .

٦ – بەیانی ژمارە (٦٠) سالّی ١٩٨٠ ل ٣٤ .

٧ – جریدة العراق (٦) ایلول السنة ١٩٧٩ العدد ١٠٧٢ قراءة في الکتاب « قافلة الشعر الکردی المعاصر » کمال غمبار .

٨ – بەیانی (٦٠) سالّی ١٩٨٠ ل ٣٤ .

٩ – هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٥ .

١٠ – هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٥ .

١١ – کاروانی شیعری نوێی کوردی ل ٣٣ .

١٢ – بروانە رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٥٢١) رۆژی دووشەمە سالّی ١٩٨٠ .

١٣ – زۆر جار لە « جەنابی شێخ نوری شێخ سالح » بیستراوە ، کە کورە گەورەی شاعیرە .. دیارە ئەویش لە زمانی خوا لێ خۆش بووی باوکیەوە دەیگێرێتەوە و دەلێ :– باوکم هەموو جارێ دەیووت : ئومێدم زۆرە کە مامۆستایان (هەردیو کاکەی فەللاح) پاش خۆم یەکێکیان وەك

ئەندامێکی بنە مالّە کەمان ، بە تەنگ بەرهەمەکانمەوە بێن و پاشە رۆژ بە چاپیان بگەیەنن .. وا ئێستا شاعیر خەونەکەی هاتە دیو نیاز وایە کاکەی فەللاح بەم زووانە شیعرەکانی شاعیر بە چاپ بگەیەنێت ئێمەش لەو ڕووەوە پیرۆزبایی لە خۆمانو کاکە دەکەین بۆ ئەو پرۆژە مەزنەی .

١٤ – بەیانی ژمارە (٦٠) سالّی ١٩٨٠ ل ٣٨

١٥ – دیوانی دلدار هەولێر چاپخانەی کوردستان گیوموکریانی .

١٦ – بەیانی ژمارە (٦٠) سالّی ١٩٨٠ ل ٣٩

١٧ – کاروانی شیعری نوێی کوردی ل ١٩٦ – ١٩٧

١٨ – بەیانی ژمارە (٦٠) سالّی ١٩٨٠ ل ٣٩

١٩ – هەمان سەرچاوی پێشوو ل ٤٠

٢٠ – هەمان سەرچاوی پێشوو ل ٤٠

٢١ – جریدة العراق ٦ ایلول السنة ١٩٧٩ العدد ١٠٧٣ قراءة في الکتاب (قافلة الشعر الکردی المعاصر) کمال غمبار .

٢٢ – رۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٥١٣ سالّی ١٩٨٠ لەگەلّ مامۆستا هەردیدا – جمال محمد – .

٢٣ – بەیانی ژمارە (٦٠) سالّی ١٩٨٠ ل ٤

٢٤ – هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤

٢٥ – بروانە پێشەکیەکەی دیوانی رازی تەنیایی بەغداد چاپخانەی مەعارف ، ئەحمەد هەردی .

٢٦ – ناسۆری دەروون محمد حسین بەرزنجی (ع٠ح٠ب) بەغدا ، چاپخانەی الاعظمي سالّی ١٩٦٨

٢٧ – بەیانی ژمارە (٦٠) سالّی ١٩٨٠ ل ٤١

٢٨ – دیوانی کاکەی فەللاح چاپخانەی الحوادث سالّی ١٩٨٠ بروانە پێشەکیەکەی مامۆستا دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول .

٢٩ – بەیانی ژمارە (٦٠) سالّی ١٩٨٠ ل٤١ ، ٤٢

٣٠ – هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤١

٣١ – هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤١

٣٢ – کاروانی نوێی شیعری کوردی چاپکراوی کۆری زانیاری کورد سالّی ١٩٧٨ بروانە پێشەکیەکەی لە نووسینی کاکەی فەللاح .

٣٣ – بەیانی ژمارە (٦٠) سالّی ١٩٨٠

٣٤ – تا ئەوکاتەی نووسەر دەگەرێتەوە سەرباسەکەی و منیش دووبارە لەو ڕووەوە قسەی خۆمی لێدەکەم بەخۆتان دەسپێرم .

بەڵام دەربارەی ئەو رایەیان کەماموستا (هەردی) لەدوای (ڕازی تەنیایی) یەوە ئیتر لەشیعر ڕەنگە وەستابێ .. ئەشێ لێرەدا کاکەی فەللاح وزۆری تریش لە ئەدیبان لەسەر ئەو رایەبن‌و شیعریان لە شاعیر وەك (عطائیێکی شیعر)ی‌و بەردەوام بوونێ بوێ..وبە یەك دوو شیعری شاعیر بۆ ماوەیەکی زۆر رازی نەبن ... لەلایەکی کەشەوە ئەوەتا تەنانەت شاعیر خۆشی بەلچاوپێ‌کەوتنێکی ئەدەبی‌دا ، ئەو حەقیقەتەی خستۆتەڕوو ، ئاشکرای کردۆتەوە ، کە نەك هەر وازی لە شیعردانان‌هێناوە .. بگرە ئارەزوو هەستیشی زۆرجار بەلای شیعردا گوزەر ناکات(٢٢) ..

ئینجا هۆی ئەمانە چی‌یە ، وبۆچی شاعیر هاتۆتەسەر ئەم رایە..ئەوا مەگەر شاعیر ماموستا (ئەحمەد هەردی) خۆی بزانێ .. و لە دەرفەتێکی‌کەدا وەك پرسیارێ ، وەڵاممان بداتەوە ..

ئەوانە هەمووی بەهەرحاڵ ، بەلای منەوە، تازە شاعیری مەزن ماموستا (ئەحمەد هەردی) لەوە دەرچووە کەسێ بتوانێ تۆزقاڵێ چی‌یە لەشان وشکۆی شاعیری پێ‌بێتە خوارەوە ..و بە قەدەر ئەوەی منیش پێ‌بزانم ، و بە ووردی نووسینەکەی کاکەی فەللاح ، لەسەر ماموستا هەردی خوێنبێتەوە ..گومان نابەم هیچ نووسین‌و لێکۆلینەوەیەك هەبێت ، ئەوەندەی ئەو نووسینە، مەزنی‌و گرنگی بەشاعیر دابێت‌و شیعرەکانی شی‌کردبێتەوە ، کە ئەوەش دیارە هەقی خۆیەتی‌و لەشوێنی شیاوی خۆیا حسابی بۆ دەکرێ.

ئینجا کاکی نووسەر کاتێ دەڵێ : (تائێستا نەتوانراوە لێکۆلینەوەیەکی دروست‌و مەوزوعیانە دەربارەی شاعیر بنووسرێت ...)(٢٣) ئاخۆ بێجگە لەشی‌کردنەوەو لێکۆلینەوەکەی کاکەی فەللاح .. مەبەستی نووسین‌و لێکۆلینەوەکەی ماموستا دکتۆر (مەعروف خەزنەداریش) بێت.. چونکەکە دەڵێ (تائێستا نەتوانراوە لێکۆلینەوەیەکی دروست‌و مەوزوعیانە دەربارەی شاعیر بنووسرێت ...)(٢٤) ماناکەی (مطلق)ەو بێ‌جیاوازی هەموو نووسینێك دەگرێتەوە ، وهیچ هەڵبواردنێکی لەو ڕووەوە تیا نابینرێ ..

ئەمە کەبەلای منەوە زۆر هەڵەیەو خۆ ئەگەر نووسینەکەی ماموستا دکتۆر (مەعروف خەزنەدار) .. وەك سەرەتایەك بۆ ناسین‌و لێکۆلینەوەی شیعرەکانی شاعیر ، جێی خۆی نەگرتبێ ، ئەی لێکۆلینەوە مانای چی‌یە ، و ئایا نووسەر بەچی قایلەو چی‌دەوێ)(٢٥) .

دوایی نووسەر دێتە سەر باس‌کردنی شاعیر ماموستا (محمد حسين بەرزنجی) (ع.ح.ب)و لە موناسەبەتی شیعری (ئەمشەو)ی‌دا ..

فریشتەی خەم سەری سوورماوە ئەمشەو(٢٦) ، ئەوەندەی خەم بەمۆ بەوداوە ئەمشەو ..

گلەیی لەکاکەی فەللاح ئەوەیە .. (ئەو شیعرە لەماوەت دانراوەو بۆ شەهیدانی ١٩ی حوزەیرانی سالی ١٩٤٧ ووتراوە .. نەك وەك کاکە دەڵێ :ـ (هەستی گەرم‌و گوری شاعیر بێت ، بۆ کۆماری مەهابادی جوانەمەرگ ...)

بۆ ئەو مەبەستە ، منیش رام لەگەڵ راکانی نووسەردا یەك دەگرێتەوەو راستە شاعیر دانانی ئەو شیعرەی بۆ شەهیدانی ١٩ی حوزەیرانی سالی ١٩٤٧ بووە .. بەڵام لێرەدا دەپرسم :ـ ئایا ئەگەر کۆماری مەهابادی جوانەمەرگ نەروخایە .. ئەو ڕۆژە ئەو شەهیدانە جوانەمەرگ دەبوون ؟!

ئایا شاعیر ئەو شیعرەی داناوە ، بۆ سۆزو هەستی نەتەوەیەك ووترابێ باشترە ؟! یان بۆ چەند شەهیدێك بێ ، کە بەپەنجەی دەست دەژمێرین ؟!

ئەوە بەسەرێ ، بەسەرێکی کەش .. ئەگەر خوێنەر سەرجەمی شیعرەکە بخوێنێتەوە .. دەئاتە ئەو راستی‌یەی شیعرەکە .. کسپەو سۆزی بۆسۆو بۆچروکی کۆماری مەهابادی لێ هەڵدەستێت .. دیارە ئەو دوو ڕووداوەش ، روخاندنی مەهابادو شەهیدانی ١٩ی حوزەیران وەك (پالپشت‌و پالدراو) وان .. و هەرگیز بەهیچ جۆرێ لەیەکتری جیانابنەوە .

هەرلەمەوڕ دەمەوێ .. بگوێزمەوە ڕوو داوەکەی کانوونی دووەمی سالی ١٩٤٨ .. کە ئەوەندەی بەین نی‌یە ، لەگەڵ روخاندنی کۆماری مەهابادا .. و ئەویش لاپەڕەیەکی خوێناوی پڕ لە شانازی سەرجەم گەلی عیراقە .. و کاکەی فەللاح لەباس‌کردنی خۆی‌دا .. لە ڕۆژانی ئەو راپەرینەدا دەڵێ :ـ (کە خۆ پیشاندانێکی سی هەزار کەسی بۆ پشت‌گیری‌کردن‌و بەرەڵلابوونی لەبەندیخانە بۆ ساز کراوە ...)و ئێستا نووسەر ئەو (سەر ژمێرەی)(٢٧) لە کاکە کردۆتە چاووراوکردن‌و شتێکی زۆر گەورە .

جا بۆ ڕوون کردنەوەی ئەوراستی‌یە .. بەپێویستی دەزانم ، کەمێ تیشکی روونکردنەوەی بخەمە سەر ، و سەرنجی خوێنەران بە لای‌راستی مەسەلەکەدا رابکێشم ..

گومان لەوەدانی‌یە ، دەردی کورد ووتەنی : ئێمە هەموو بێ جیاوازی دیاردەی (موبالەغەمان) تیایە ، و زۆر جار بووە خاڵێکی پچوکمان گەورە کردوە .. جاریش بووە کێوێکی بەرزمان کردۆتە خاڵێکی زۆر گچکە .. ئینجا لە روانگایی ئەو رازەوە ، ئەگەر سەرژمێری خۆنیشاندانێکی (١٠ ، ٢٠) هەزار کەسی بووبێتە (٣٠) هەزار کەسی ئەبێ ئەوان چی لە جەوهەری مەسەلەکە بگۆرن .. ئێمە بمانەوێ یان نەمانەوێ ، ئەو ڕووداوە بێ‌بیناغەو جەوهەر نەبووە ، و کاکەش دەووری لەو سەردەمەدا دیاربووە ..

دیارە لەکاتێکیش‌دا کە بە زۆر شاعیری ئێستا دەووترا (خەتیب) بەپێچەوانەوە کاکە بەشاعیری (رامیاری‌و جەماهیر)[٢٨] ناسرابوو .. مێژوو یان بڵێین رۆژگاریش شاهیدی ئەوەیەو هیچ شاردنەوەی ناوێ .

لام‌وایە ، لێدواندن لەخاڵی یەکەم ، ئەوەندەی بەس‌بێت ، و ئێستا کاتی ئەوە هاتبێت بکوێزینەوە سەرباس کردنی خاڵی دووەم‌و ئەو رێچکەیەی نووسەرکە گرتووێتی ..

نووسەر لەبەشی دووەمی نووسینەکەی‌دا .. بێ‌هۆو بێ ئامانج نووکی خامەی دەژەنێتە نووسینی چەند نووسەرێکی کەوە .. کە هیچ یەکێك لەو نووسەرانە پەیوەندیان بەباسەکانی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)یەوە ببێت .. یەکێك لەو نووسەرانە ، مامۆستا دکتۆر (عیزەدین مستەفا)یە .. کە بۆ چەند جارێ نارەوا ، نووسەر ناوی بردوەو لێ‌هەڵکێشی نووسینەکەی کردۆتەوە[٢٩] ...

١ ـ گلەیی نووسەر لە دکتۆر ئەوەیە ، مێژووی لەچاپدانی پەراوی (ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد) لەپەراوی (الواقعية في الادب الكردي)دا .. لە جیاتی سالی ١٩٢٠ بە سالی ١٩٢١ تۆمارکردوە کە ئەمەش هەڵەیە ...

٢ ـ کۆچی دوای (بەختیار زێوەر) هەر لەهەمان پەراودا .. بەهەڵە تۆمارکردوە ، لەجیاتی سالی ١٩٥١ ، سالی ١٩٥٢ بەخاك سپێراوە . ئەمانە هەمووی زانیاری

بیبلۆگرافیایی دەگرنەوە .. و لە خانەی (شێوە)دا جێگایان دەبێتەوە .. و تۆز قالێ چی‌یەلاسەنگی نادات بە ناوەرۆکی پەراوی (الوقعية في الادب الكردي) .. چونکە فلان پەراو لەفلان چاپخانە .. یان فلان شاعیر لە فلان سالدا کۆچی دوایی کردوە یان نەی کردوە .. ئەمانە چین‌و چی لە مەسەلەکە دەگۆرن ..

دیارە کاتێکیش مامۆستا دکتۆر عیزەدین ئەو پەراوەی بە چاپ گەیاندوە .. لە دوورە وولاتو لە شوێنێکی کەم سەرچاوەی بەرهەمە کوردی‌یەکانەوە .. هەر ئەوەندە لە دەست دێ و پێ‌کراوە .. خۆ ئەوەش نەبێ ، پەراوێکی (٢٠٠ ، ٣٠٠) لاپەرەیی ئەگەر هەڵەی چاپیشی بۆ حیسێب کرێ ، ئەو یەك‌دوو هەڵەیەی هەر لێ‌دەپەرێت ..

نووسەر هەر لەباسە بیبلۆگرافی‌یەکەی‌دا .. دوای ئەوە دەچێتە وێزەی مامۆستا (ئەکرەم قەرەداغی) و بە چەشنی نووسەرەکانی پێش‌تر لەویش هەڵدەپێچێت ، لە کۆکردنەوەی ئەو مەلەفەی بۆ بیرەوەری خوا لێ خۆش‌بوو (عەبدولواحید نوری)دا ، کە لە رۆژنامەی (بیری نوێ)دا ئامادەی کردبوو . لەویش دەکەوێتە تەقە بەوەی پارچە شیعری (بۆ جوانێکی سیل کوشتوو)ی گۆران بۆ (عەبدولواحید نوری) نی‌یەو کاتی خۆشی ئەو شیعرە لە رۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە ٣٤٣ی سالی ١٩٣٢ بەناونیشانی (گولی کەم خایەن)[٣٠] بلاوکراوەتەوە ...

منیش بۆ راستی قسەکانی نووسەر ، بێ‌شک رام لەسەر رایی‌نووسەرە .. لەو ڕروووەوە دەڵێم :ـ سەرجەم ئەوقسانە ڕاستە.. بەلام بۆ راست کردنەوەی ئەو هەڵەیە .. کاتی خۆی هەر لەهەمان رۆژنامەدا بەناوی (خوێنەرێك) ئەو هەڵەیەی ڕاستکردوە ...

ئینجا نازانم وورووژاندن‌و دووبارەکردنەوەی ئەم باسە بۆچی بێ ؟!

خۆ ناشێ نووسەر لەژێرلێوەوە ، بیدا بەگوێی خوێنەرا کە نووسەری ئەو باسە ، هەر خۆی بووەو کەس‌نی‌یە شاسواری ئەو مەیدانەبێ .. کە پێی دەووترێ مەیدانی (بیبلۆگرافیایزم) نووسەر باش ئەمانە هەمووی ، لەباسی مامۆستا (جەمال موحەمەد)دا[٣١] ، بۆ

بێ‌گومان ئەوسا لێکۆڵینەوەکە ، ئەو چڕوبڕی‌یە نامێنێ ، کەئێستا گرتوێتی‌یە خۆی،و سەرجەم سادەو هەرەمەکیشی پێوە دیار دەبێ .

ئەوە لەلایەك ، لەلایەکی کەشەوە .. مەرج نی‌یە نەك هەر مامۆستا کاکەی فەللاح ، بگرە زۆر لەئێمەش چوون‌یەك هەموو شیعرەکانی لەڕووی کێش‌و برگەو پاشبەندو موسیقای شیعری‌یەوە .. بەدڵ‌و سەرنج ڕاکێشەربێ .

پاش ئەوە نووسەر دێتە سەر وورووژاندنی باسێکی کەو دەڵێ : ــ (کاکەی فەللاح هەر لەسەرەتاوە دەلاقەیەکی گەورە دەخاتە لێکۆڵینەوەکەیەوەو تەنها بەچەند دێڕێکی کورت خۆی لەشاعیری ناودار (شێخ نوری شێخ سالح) (١٨٩٦ ــ ١٩٥٨) دەدزێتەوەو بەراوێز ئاسایی لێی دەدوێ‌و بەرێبواری بەلایدا گوزەر بکات تا . . . . چونکە گۆران خۆی ئەم مافەی بەشێخ نوری‌داوە . . .)(١٠) .

منیش لەورایەی نووسەردا ، لەزۆر ڕوووەوە رام لەگەڵی‌دا جووت دەبێتەوە ، و ڕاستە شاعیر وەك پێویست هەقی خۆی پێ نەدراوە . لەگەڵ ئەوەی شاعیر ڕۆڵێکی مەزن‌و گرنگ ، لە تازەکردنەوەی شیعری نوێی کوردی‌دا دەگێڕێ .. و بەو چاوو تێروانینەی (گۆران)ەوە ، لەلایەن لێکۆڵەرەوان‌و رەخنە گرانی ئەدەبەوە سەیر نەکراوە ..

ڕەنگە بۆ ئەم مەبەستانەش هەروەها مامۆستا (کاکەی فەللاح) هەر لە گەڵماندا هەمان راو بۆچوونی بێ .. بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە فەرامۆش نەکرێ ئەوەیە : ــ ئایا بۆچی گۆران بووە پێشەنگی شیعری نوێی کوردی،و ئەو پێشرەوایەتی‌یە بەکڵای بەقەد باڵای (شێخ نوری)دا نەبڕا ؟.

لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەدا دەڵێین :ــ دیارە ئەو زەمینەو ئاوو هەوایەی بۆ تۆوکردن‌و چەکەرە کردنی شیعرەکانی گۆران لەو ڕوووەوە رەخسا .. بەداخەوە بۆ (شێخ نوری) دروست نەبوو .

جگە لەوەی گۆران لە بنەماڵەیەکی شاعیرانە،و بیئەیەکی ئەدەبی یەوە خولقاو سەرەرای زمان زانیین‌و زیاتر تێکەڵاوی بەکۆمەڵگاوە .. توانی (شۆرشە شیعری) یەکەی سەر بگرێت‌و بەتەواوی پشت لەکێشی عووروزی عەرەبی‌و کێشی پەنجەو خۆماڵی بەئەدەبەکەمان ئاشنا بکات(١١) ..

بێ‌لەوەش تەمەن درێژی گۆران لەو بوارەدا،و دەرفەت‌دانی لە چاپدانی چەندان دیوانی شیعری شاعیر . . ئەمانە زیاتر زەوی تەخت‌و خۆشترکرد . .

بۆ هەموو رەخنە گران‌و لێکۆڵەرەوانی ئەدەب ، کە زۆرتر لە گۆران وەك لە شێخ نوری بدوێن .. و بەرهەمەکانی هەڵسەنگێنن‌و بیخەنە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەو شیتاڵ کردنەوە . .

بەڵام بۆ ئەو رایەی نووسەر ، گوایە کە کاکەی فەللاح بە چەند دێڕێ لەشێخ نوری دواوە،و بەراوێز ئاسایی باسی لێوەکردوە ، و تەنانەت خۆی لەباس کردنی دەدزێتەوە . دەڵێم : ــ باڵاوورێکی بەپەلە لەو (بانگەوازو مژدەیەك)(١٢) بدەینەوە ، کە ماوەیەك لەمەوبەر کاکە وەك (ئەمانەتێکی ئەدەبی)(١٣) بە دڵسۆزی‌و نەمەکداری‌یەوە لەئەستۆی خۆی گرت .. بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی شاعیر .

ئینجا ئەگەر یەکێك ئەمە راوبۆچوونی‌بێ بەرامبەر شاعیر .. ئایا عەقڵ دەیبڕێ ئەو رایانەی نووسەری بەسەرا بچەسپێت ، و خۆی بەچەند دێڕێ لەباس کردنی شاعیر بدزێتەوە ؟!!

دەفەرموو ئەی‌برای رەخنەگر وا مەیدان فراوانە،و تۆ ئاتۆ ، دەست پێشکەری خۆت بکەو پێش هەموو لایەك بەدەنگ بانگەوازەکەی کاکەوە وەرە .. و ئەو شیعرانەی لات چنگ دەکەون ، بۆ چاپدانی دیوانەکەی شاعیر،پێشکەش بەشوێنی خۆی بکە . .

پاشانیش تۆ هەرپێش هەموو نووسەرێك ، ئەو باس‌و لێکۆڵینەوە (ئەکادیمیە)ی گەرکتە تۆماری بکە . . ئەمەیە خزمەت‌و بەوەش کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندو ڕازاوە دەبێ !!.. نووسەر هەر دوابەدوای ئەوقسانەی بەوەشەوە ناوەستێ‌و نارەوا لەنووسینەکەی‌دا . . کاکەی فەللاح بەوە لە قەڵەم دەدات . . کە (رستێك هەڵەی چاپی‌و تەعبیرو فاریزەی نەگونجاو ، تێهەڵکێشی نووسینەکانی کراوە . .) .

تەنانەت ئەوانە هەمووی بوونەتە هۆی شەق‌و شێواوی ووشەو دەستەواژەو رستەی باسەکەی . . کە نە ئەبوو ئەوە وا بوایە ،و پێویست بوو نووسەر گرنگی‌یەکی مەزنی بەولایەنانە بدایە(١٤).

بۆ ئەو رایەی نووسەر دەپرسم : ــ ئایاکێ بەرپرسیاری لە چاپدانی (پەراوەکە) بووە ؟ (کاکەیَ فەللاح یان کۆری زانیاری کوردی ؟) . . کەرەوابوو نووسەر ، ئەو ناتەواوی‌و هەڵانەی

لەو ڕوووەوە ڕەچاو کردبوو ، هەمووی بخستایە ملی‌ئەو دام‌و دەزگا ڕۆشنبیرە دەست ڕۆیشتووە .. نەك یەکێکی وەك کاکەی فەللاح .

نووسەر پاش لادانی لەو باسە دێتە سەر گرێدانی گرێ کوێرەیەکی کەی نووسینەکەی ..

ئەویش بەراوورد کردنی شیعرێکی دلداره :

ئەگەر ئەی لاو لەهیچ وەختێ نەکەی مەیلی وەسی ژینت بێ ،
دەبێ هەردەم کەزەدارو دەوای دەردو برینت‌بێ(١٥)

لەگەڵ شیعرێکی کاکە خۆیدا دەڵێ : ــ

ئەو دڵەی کەوا چەپکە گوڵی دیاری‌یەکەی پێوەنووسا بوو(١٦)
ئەو دڵەی کەوا برینی نهێنی تێوە ئالا بوو ..

بەراوورد دەکات بەوەی ئەویان ، زۆر لەڕووی هونەری‌شیعری‌یەوە لە شیعرەکەی ئەم بەگوژمترو لەپێش‌ترە .. ئینجا بۆ ئەو ڕازەمن نالێم : ــ (ئەو .. یان ئەم ...) کامیان لە دواتر ، یا لەپێش ترە .. ئەوەندە دەڵێم : ــ بۆچی نووسەر بەتەواوی بەراووردی هەردوو شیعرەکەی نەکردوە ؟! خۆ مەسەلەکە هەر بەراووردکردنەو لەو ئاقارە دەرناچێ ؟!

چونکە زۆر جار ئامانج‌و مەبەستی شیعرێ چ لەڕووی هونەری شیعری‌یان ناوەڕۆکەوە .. بەتاکە بەیتێکی شیعرەکە دەر ناکەوێت ، جا لەبەر ئەوە بەپێویستم زانی،ئێستا هەندێ لەشیعرەکەی کاکەی فەللاح ، کە نووسەر خەفەخانی کردوە ، وسەرانسەر پڕ لەوێنەی شیعری جوان ، بخەمەوە یاد ، ئەوسا لە ڕوانگای هەستێکی پاك‌و ئەو ڕازەوە با خوێنەران حوکمی ڕاست‌و دروستی قسە بدەن : ــ

ئەو بەهارەی مەبەستمە،بەهاری ئاسایی نەبوو(١٧)
بەزم‌و شایی‌و ڕەشبەڵەك‌و هەڵپەڕکێی لاسایی نەبوو .
شادمانی لەدەرونا ، وەکو کانی هەڵ ئەقوڵا ،
زۆر دڵی لەت‌لەتی خەفەت بۆ ڕۆژێکی وا ئەکوڵا

تا .... دەڵێ : ــ


لەو سێبەری درەختەدا ، لەسەر بەرزایی ئەو گڵە،
بەکڕنۆش‌و بەڕێزەوە ، دای ئەنا ئەو چەپکە گوڵە.
لەسەر گۆری دەسگیرانە دڵداره جوانەمەرگەکەی،
لەسەر دەمی جێ‌برینی سنگی لاوە بەجەرگەکەی .

شوێن گۆڕکێ‌و چاوبەست کردنی نووسەر،

بەم هەموو کەین‌و بەینە بەخوێنەران .. و نەدانی ئەنجامێکی ڕاست بەدەستەوە .. وەك ئەوە وایە .. دەقاو دەقی ماناو مەبەستی ئەم ئایەتە ، بەلێڵی‌و لۆو لۆچی بدرێت بەدەستەوە :ــ « ولا تقربوا الصلاه وانتم (؟؟) » کە دیارە ئەمەش کارێکی نەکردەو ناشایستەیە .

دوای ئەمانە نووسەر ، دێتە سەر شیعرەکانی مامۆستا (ئەحمەد هەردی)و وەك گلەیی‌یەکانی لەمەوبەری .. کۆڵێ خاوەنی (کاروانی شیعری نوێی کوردی) فەرزار بار دەکاتەوە بەوەی گوایە کاکە لەبەراوەکەی‌دا (تەنیا ٢٨ لاپەرەی بۆ باسی شاعیر تەرخان کردوە ،و ڕستێك سەرنج‌و بیروڕای تایبەتی سەبارەت بۆ شیعرەکانی شاعیر خستۆتە ڕوو ..)(١٨)

تەنانەت لە زۆر شوێنی ئەو باسەش‌دا ، هەست بەدیاردەیەکی سەیر دەکرێ ، کە کاکەی فەللاح نەیتوانیوە بە قووڵی‌و تێڕوانینێکی مەوزوعیانە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکانی‌دا بکات..) پاشان درێژە بەووتەکانی دەدات‌و دەڵێ : ــ (بۆ ئەوەش کاکەی فەللاح لە لاپەرە (١٦١ ــ ١٦٢)دا دەڵێ : ــ شاعیر واتە مامۆستا ئەحمەد هەردی لەــ ڕازی تەنیایی ــ یەوە لە شیعرکەوتووە ،و جگە لە شیعری (نەورۆزی) ساڵی ١٩٦٧ بەدواوە ، ئیتر هیچ بەرهەمێکی تری بەدەستەوە نەداوە)(١٩). دیسانەوە نووسەر هەر لەباسی مامۆستا هەردی‌دا دەڵێتەوە :ــ (تائێستا نەتوانراوە لێکۆڵینەوەیەکی دروست‌و مەوزوعیانە دەربارەی شاعیر بنووسرێت‌و تەنانەت هەندێ جاریش قەڵەمی ئیفلیج‌و بێ توانا واقیعی شاعیریان شێواندوە..)(٢٠) . جارێ پێش ئەوەی بێینە سەر شی‌کردنەوەی ئەو ڕایانەی نووسەر ، کەدەربارەی شیعرەکانی مامۆستا (ئەحمەد هەردی) دەربڕیوون .. بەپێویستی دەزانم دووبارە ڕایەکی مامۆستا (کەمال غەمبار) دەرهەق نووسینەکەی کاکەی فەللاح کە لەو ڕوووەوە دەربڕیووە بخەمەوە یاد: (کاکەی فەللاح توانیوێتی بەخەست‌و خۆڵی‌و نایابترین کەرەسەی شیعری‌یەوە لەشاعیر مامۆستا هەردی بدوێ‌و تائێستاش ئەگەر شتێکی تازەو ئیزافەیەك بۆ شاعیر کرابێ ، ئەو نووسینەیە ..)(٢١) . ئەم ڕایەی مامۆستا (غەمبار) ، دیارە بەتەواوی ڕاکانی نووسەر لەو ڕوووەوە ڕەت دەکاتەوە .. ونیشانیشی دەدات کە کاکەی فەللاح توانیوێتی بە ووردی‌و قوڵی‌یەوە بەشیعرەکانی شاعیردا شۆڕبێتەوە .



وەرگێڕانی: نەوزاد عزیز

[« ماسادۆنیا » وڵاتێکی رووتانو ژیانگرانە ، گۆرانیشیان نوێشکی ئەو رووتەڵانەن کە تێیدا لە دایك بوون .. گۆرانی کێویو تراژیدین .. وێنەیان دەقاو دەقی کارەساتەکانی مێژووی پێکهاتنیانە .. ئەو گۆرانیانەن کە گەل داینـاونو وتوونیو باس لە تاقیکردنەوە زیندووەکانی دەکاتو خەمەکانی دەردەبڕێ .

حاڵی حازر ، ماسادۆنیا ، وڵاتێکە پایتەختەکەی شاری « سکۆبیا »یە ، دەکەوێتە نێوان وڵاتانی سربیاو بۆلگاریا و ئەلبانیاو یۆنان .. زمانەکەیان « ماسادۆنیە » کە دەگەڕێتەوە سەر سلافی باشووری . زۆربەی دانیشتوانی سلافین ، بێجگە لە ئەلبانیو رۆمانیو کەم تا کورتێکی تورکیش ..

سلافیەکان لە کاتی رۆمە بیزنتینیەکاندا « سەدەی (٩) و (١٠) » هاتنە ناو ئاینی « مەسیحی »یەوە ، لە سەدەی چواردەهەمیشدا تورکە عوسمانیەکان بە شێوەی داگیرکەر هاتنە ناویان ..

لەگەڵ ئەو هەموو بەرگریو نارەزاییو خۆراگرتنەشدا حوکمی عوسمانی تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم درێژەی کێشا .. !

دوای شەڕی دووەمی جیهانی ، ئەو وڵاتانە بە تێکڕایی ئازادیان وەدەست هێناو ماسادۆنیاش بوو بە کۆمارێکی پاڵ یەکێتی کۆمارەکانی یۆگسلاف ..

ئەو شەش سەدەیەی کە بەسەر ماسادۆنیادا تێپەڕی برینێکی قوولو پڕکارەساتو رووداوی جگەربڕی بەخۆیەوەدی .. زۆریان قوربانیدا .. گەلێك یاخی بوونو وەچۆڵو چیایان کەوتن .. زۆریشیان وەیان لێهات چەك هەڵگرنو رێگری بکەن بە تایبەتیش رێیان لە بازرگانە تورکەکان دەگرت .. رووتیان دەکردنەوە ..

ئەو ئازایەتیو قوربانیو خۆبەختکردنە بێ وێنەیەی رۆڵەی وڵاتەکەیان لە بیرنەچۆتەوە کە چ قارەمانیەتیەکیان لە پێناوی سەربەخۆییدا دەنواند ، پاڵەوانیەتیەك کە لەگەڵ داگیرکەرە نازیەکاندا هەر بەردەوام بوو ..



زۆربەی ئەم گۆرانیانە باسی خۆشەویستیو ژن هێنانو نەریتو رووەوشتە کۆمەلآیەتیە کۆنەکانیان دەکا ..

تەماشا دەکەی تەنانەت گۆرانی شاییو داوەتانیشیان خالیںیە لە هەستی خەمناکو تراژیدیا ...

لێك دابرانی دوو عاشقی سووتاو ، کە لەوانەیە درێژە بکێشێو بەکارەساتێکی خەمناك بگا .. چاوەڕوانیی سێ سالآن بکرە تا گەلێك جار گەیشتۆتە نۆسال !! کە لە دوایشدا عاشقی سووتاو و بێدەستمایە ناچار دەبێت خۆشەویستەکەی هەلبگرێو ئەویش رەدووی بکەوێ ..

بەم جۆرە فۆلکلۆری ماسادۆنی ، تراژیدیایە کە بۆ خۆی ، ئەمەیش هەروا نەهاتووە ، بەلکو بەدرێژایی تاقیکردنەوەکانی مێژووی ئەو ولآتە سەریان هەلداوە ..

●

(١)

ئیڤۆ دەزیندانێدایە
هەلۆیەکی لەسەر شانی هەلدەنیشێ ..
چاوی ئیڤۆ هەلۆ ئاو دەدەن ..
لە سیمایشی تێر دەبێ ..
— ئەی بالدار
ئەوا گەورەو بەهێز بوویت
منیش دەتنێرمەوە مالێ
— چۆن دەتوانم ، مالەکەتان بناسم
— حەوشەی مالمان
کانیەکی سپی تێدایە ،
دارێکی وشکی لەسەرە
سێ مەلی رەش ، لەسەر ئەو درختە وشکەن
مەلی یەکەم
کە لە سپێدەوە دەگری تا ئێوارە
خوشکەکەمە ..
مەلی دووەم
کە لە نیوەڕۆوە دەگری تا نیوە شەو ،
ژنەکەمە .
ئەوەی هەرگیز لە نالەو فیغان ناکەوێ
ئەوە دایکمە .

(٢)

خۆر دادەکشێ ..
کیژۆلەیەك
لە نێوانی دوو دارستانی سەوزو
دوو دەریاچەی سارد
گوڵ دەچنێ ..
لە خوا بەدەر
کەسی لەگەڵدا نیە
کەسێ نیە ئاگای لێ بێ
کە لەسەر خۆڵیدا پاڵی کەوت ..
بەردێکی لەژێر سەرا بوو
بەرد مارێکی لەسەر بوو
— « خوایە !
ئەوکیژە بمرێنە !
تا پرچی بکەم بە هێلانەو
لە گۆشتی دەم‌و چاوی بخۆم‌و
چاوەکانی بخۆمەوە .. »
خوا نزای ماری قبوڵ کرد
کیژۆلە مرد
مار ، پرچی‌کرد بە هێلانەو
لە گۆشتی دەم‌و چاوی خواردو
چاوەکانی خواردەوە ..

(٣)

مانۆلا ، لەسەر (فاردار)
خەریك بوو پردێ دروست‌کا
رۆژان ئیشی لێ نەدەکرد
حەزی دەکرد شەوانە دەستی بداتێ ..
چی بکاباشە ؟ •
گەورەی کرێکارەکانی نارد
مانۆلیکای ژنی بانگ‌کا
— ئەی مانۆلیکا !
سەرۆك منی ناردوە
لە قەراخی رووبارەوە .. تۆی دەوێ ..
زوو ، زوو ، تاپێت دەکرێ خێراکە !
— « مانۆلا بڵێ ،
کوڕەکەم دەنوێنم و دێم .. »
کوڕەکەی دەنێو لانکێ نا
دەستی‌کرد بە گۆرانی بۆی ..
— « رۆڵە باوکت منی دەوێ
دەیەوێ بە زووترین‌کات
لەسەر (فاردار) ئامادە بم ..
گەر بۆ خۆشەویستی بێ
کراسێکی سپی لەبەر دەکەم
ئەگەر بیەوێ بمکوژێ
کراسێکی رەش لەبەر دەکەم
گەر بۆ ژوانێ بێ
رۆڵە بنووە خەوی خێرت بێ ..
ئەگەر بۆ مردنیش بێ
رۆڵە خێرا لە خەو هەستە .. »
بەرەو (فاردار) شۆڕ بووەوە ..
— « مانۆلا ! بۆچیت بووم ؟
گەر بۆ ژوانێ بێ
سپی لەبەر دەکەم
ئەگەر بشتەوێ بمکوژی
ئەوا رەشی دەپۆشم ..
مانۆلا دەستی گرت ...
لەسەر دیوار :—
— « ئەمن هەرگیز سووم لە خۆنی‌یە
مانۆلا ، رەحمت بە کوڕەکەمان بێتەوە
کەوا دەگری‌و بەدوامەوە وێڵ دەبێ .. »
لەو کاتەدا مناڵەکە لەخەو راپەڕی‌و ..
خێرا بەرەو فاردار هات
بانگی دەکردو دەگریا
باوکی دەستی‌گرت ، بەسنگیەوە گرساندنی
پێکەوە .. هەردوکیانی بە دیواری پردەکەوە
نووساند ..
لەو کاتەدا پرد بڵند بووو
بیناش نەرما ..



(٤)

سەگەکان دەوەڕن ..
کەواتە شەڕانیەکان خەریکن دێن ..
خۆت لە نێو ئەم خاکە ڕەشداگەڕاوەدا
لەنیو سنگی زێڕینەوە .. بشارەوە ..
شەڕانی هاتن ..
لێیان پرسین :
کوا براکەت ؟

تۆ پیاو خراپی
نازانم براکەم لەکوێیە ..
گەر پێمان نەڵێی ،
چاوەکانت دەرژێنین ..
پێی نەوتن ..
چاویان ڕژاند ..
پێمان ناڵیی کوا براکەت ؟
ئەگەر نەڵێی دەستت دەبڕین ..

دەستیان بڕی ..
جێی براکەتمان پێ ناڵێی ؟
ئەگەر نەڵێی قاچت دەبڕین !
قاچیان بڕی و ڕۆیشتن ..
بەزەوی ڕەش داگەڕاودا ڕەت بوون ..
لەوێ ، لەسنگی زێڕینیەوە



(بیتسانۆ)یان دۆزیەوە ..
گرتیان ..
پەلیان بەزنجیرێکی زیوین بەستو
بەرەو دارستانێکی دووریان برد ..
(ئالینا) قیژاندی :ـ
ئەی بێسانۆ !
نە چاوم هەیە بت بینم
نەدەست باوەشت پێدا بکەم
نە پێم هەنە لەگەڵت بێم ..

(٥)

ڕۆژگاری ڕەش
(ستوجان)ی ماندوو کردبوو
نە خۆراك .. نەپارە
نۆ منداڵیش ..
ستوجان خوشکێکی دەوڵەمەندی هەبوو
مێگەلێ مەڕو حەوت خەرمانی هەبوو ..
— خوشـــــکم !
نەختێ گەنمەشامیم دەویـــت
بۆ خۆراکی زارۆکان .. برازای خۆتن .
— ستوجان برام
بەو ڕێیەدا شۆڕبەرەوەو
چاوەڕوانی کاروان بکە
(٣٠٠) ئێستری تەواون ..
لەدوای کێشان وتاوتووکردنی گەنم
پاشماوەکەیت دەدەمێ ..
. . . . . .

. . . . . .
ستوجان برام
تەنیا دەنکێکیش زیاد نەبوو !!
ستوجان دەستیدایە تەلیـــەکی
چووە شینکاو پڕیکرد لە لمی وردو ..
هەڵی گرت بەرەوماڵەوە ..
کە منالەکانی بینیان ..
خێرا بەرەو پیریەوە هاتن ..
پێخواس ... برسی ..
لمی وردو زێڕینی بۆ هەڵرشتن
خواردیان ..
مردن ..
گۆڕێکی بۆ هەڵکەندن و هەموویانی ناشت..
خۆیشی لە ماڵێ هاتە دەر ببێتە ڕێگر !!

(٦)

هەموو شەوێ ،
بەکراسێکی خوێناوی‌یەوە دێتەلام
کەللەسەری براوی تیا پێچراوە .. !
دایە ئەمرۆ بەیانی دەستێکی بۆ هێنام
ئەلقەیکی زێڕی پێوە بوو ..
من دەزانم ئەو دەستە هی کێ بوو ،
ئای دایە !
بۆچی منت دایە ئەو پیاوە
ئەو دەستە بڕاوە
دەستی کوستاندینی برام بوو ..

(٧)

بۆگدانــا
لەسەر لوتکەی ئەو گردەدا خەو بردیەوە ..
پەلکەگیا .. رایەخی بوو ..
سەرینی گولی چیا بوو
قەدی سەوز لێفەی بوو ..
شوانێکی لاو .. بەلایدا رابورد
نەدەیویست هەڵبستێنێ ..
نە دڵی دەهات جێی بهێڵێ ..
بۆیە بەهەموو هێزیەوە
دەستی کرد بە شمشاڵ لێدان ..

(٨)

گەر گولت ویست ،
شەونم لەسەر پەڕەی دابێ ..
بەیانیان وەرە !
گەر ئاوێکی شیرینت ویست
لەنیوەڕۆیانا وەرە ..
بەڵام کاتی خۆشەویستی .. ئێوارانە ..

(٩)

کوڕو کچێك یەکتریان خۆش دەویست‌و
ماچیان دەزانی ..
کچە ، کوڕەی ، بەچاوی رەشی ماچ دەکرد
کوڕەیش ، دەنکە ترێی لەدەمی کچە دەنا..

گوێی لە خشپەی پێی دایکی بوو ..
بۆ بازار دەچوو ، تاڵەگیا بکڕێ
ژەهراویان بکا ..
کوڕەکە لەنیوەڕۆدا مرد ..
کچەکەیش لەشەوا

لە یەکتری بەستن‌و
بە بەیتونێکی چوار ئەسپی هەڵی گرتن
کچە لە نێوانی دوو ڕێیانداو
کوڕەش لەنێو سێیاندا نێژرا ..
کچەکە بوو بە بنە مێوێ

کوڕەکەیش بوو بە گولێ ..
کچەکە هێشووی‌دا
کوڕەکەیش چڵە گوڵ ..
بەیەك گەیشتن‌و لێك ئاڵان ..
دایك ئەو هەواڵەی زانی
چەقۆیکی هێنا ..
هێشوو چڵەکانی بڕی ..
دوو ئاگری کردەوە هەریەکی دەیەکی هاوێت
خۆڵەمێشەکەیشی کۆ کردەوەو
بە باخچەکەیدا بڵاوی کردەوە
باخچە ڕێحانی لێ‌شین بوو ..
ریحان پیاوان لە بن شەپقەکانیان دەنێن
کچانیش لەبەر بەرۆکێ ..
منداڵانیش دە دەستی دەگرن ..



(١٠)

سێ ساڵ بوو ستوجان
داوای بۆ جانای دەکرد
داوای دەکردو
دایکی داواکەی ڕەت دەکردەوە ..
بۆجانا ، خۆشی دەویست ..
هەستا .. چووە ژوورەکەی ..
سنووقە تازە بۆیەکراوەکەی کردەوە ..
کراسە سپی‌یەکەی دەرهێنا ..
لەبەری کردو خۆی پێ خەملاند ..
پێخەفی لە حەوشەی ماڵدا ڕاخســـتو
لەسەری نووست ..
خۆی مراند ..
کە دایکی چاوی پێ کەوت
هەموو پرچی خۆی ڕنی‌یەوە ..
دەستی‌کرد بە ناڵەو گریان ..
براکانی وتیان :
ئەم کچە فریومان دەدا
دەچینە دارستان مارێك دێنین ..
پێیەوە دەنێین ..
چوونە دارستان ..
مارێکیان هێناو پێیان وەنا ..
نەبزووت
— پەنگران دێنین
هەر نەبزووت
وتیـــان
باستوجان بانگ بکەین
گەر مردنەکەی ساختە بێت
بگاتــە ئێرە .. دێتەوە ســـــەرخۆی ..
هەڵدەستێتەوە
ستوجانیان بانگ کرد .. هاتو
دەستی دەمەمکان گیرا ..
هەستایەوە ..
— ئای چ شیرنە خەوێك بوو ..
— مارمان پێوە نای .. نەبزووتی .. !

بۆ چی پێیەوە نەدای ؟
— دایە کەمارتان پێوە نام
وەکو شەونم وابوو بۆمن ..
کە پەنگرتان پێوە نام
خۆر هێمنی دەکردمەوە ..
— بۆجانا
ئەی کە ستوجان دەستی بۆ مەمکان بردی..
بۆچی لەخەو ڕانەپەڕی .. نەترسای ؟
— ئای ـ ستوجان دەستی بۆ مەمکان بردم ؟
کەواتەی دەبێ مێردی پێ‌بکەم !

(١١)

— ئەی ستوجانیکا !
لێـوەکـانت بۆچی وەك لۆکـــەی زەرد
هەڵگەڕاو وان ..
— لە ئەژمەتان ..
لە داخی سەفەری تۆ بۆ (ماربۆڤۆ)
— ستوجانیکا
خۆشەویستم
بە مەرگی ئەسپەکەم
دەستم بۆ هیچ ئافرەتێکی تر نەبردوە ..
— ئەسپ خۆراکی کسۆکانە ..
بە چاوانم سوێندم بۆ بخۆ ..
— کوڕم بمرێ
دەستم بۆ ئافرەتێکی تر نەبردوە
— کوڕ هی هەردوکمانە
بە چاوانم سوێندم بۆ بخۆ .

●

* تێبینی : بۆ دەقی ئەم شـــیعرانە ا بڕوانــە ژمارە ١٠ی تەموزی ١٩٨٠ گۆڤـاری « الاقلام »ی عیراقی لاپەڕە (٦٧) .. شایانی باسە کەمن خۆم پێشەکیەکەم بەدەسکاریەوە کرگە کوردی .





احمد محمد اسماعیل

لەسەرەڕێدا

راوەستا تاگوندەکە لەناو تاریکیەکەدا توایەوە ، گوند لە لاریێیەکی چەپدایە، هەندێ سەگی خوێڕیو ژاوەژاوی لەرزۆکی ناو گوند نەبێ ، کەمکەس لــە تاریکیدا رێی پێ ئەباو ئەچێتە سەری .. لەنێوان دەیان جێ پێی پەزو رێچکەی باریک باریکدا ، بەتوولە رێیەکدا شۆربوەوە تا بەردەرگای حەوشەی خانوویەکی خواروخێچ هێنای . ئیستێکی کرد ، لەو دیو دەرگا تەنەکە ژەنگدارەکەوە کۆکەی زەلامێک جار نەجارێ لەگەڵ پرمەی ولاخێکدا تێکەڵ دەبوو . جیرەی دەرگاکە ، بۆڵەی لەکابرا هەڵسانو گوێی ولاخی تەنیشت دەرگاکەشی قوتکردەوە .. لــە ناوەراست حەوشەدا چرایەك بەردەمی پیرەمێردێکی راکشاوی رۆشن ئەکردەوە . پیرەمێردەکە دەستێکی خستە سەرچاوی بەرەو دەرگاکە هەڵیڕوانی ، کە نزیك بوەوە لێی ، گرانی لەشی خستە ســـەر دەستەکەی کەی بەتەمای هەڵسان بوو . بەلام ئەم تا دانیشتیش پیرەمێردەکە هەر بەو جۆرە مایەوە لە نێوان هەڵسانو دانشتندابوو .. دوو چاوی زیتی پڕ سەرسامبونی تێبریبوو نەیئەتروکاند . دواجا لێوەکانی یەك دوو جار لەرزینو بەدەنگێکی لەرزۆك چەند جارێ بەخێر هاتنی کرد . ئیتر ئەو سەرەی دانەواند هەڵینەبڕی .

« تۆ بلێی حەزی بەهاتنم نەکردبێ» . ویستی ئەوەی بۆ ئاشکرا بکات ، کەرێبوارەو نامێنێتەوە .

ـ بۆ ئەو دێ بە ئەرۆم .. نانێــ . . .

نەیهێشت ووتەکانی تەواوکات ، کـــەمێ وەرچەرخاو « ئادەی » یەکی بۆ کرد . « ئەگەر حەزی بەمیوان داریم نەکردایە « ئـــادەیەکەی » جۆرێکی تر ئەبوو » .

لەگەڵ ئاوردانەوەی پیرەمێردەکەدا ئــاوڕی دایەوە :

پیرەژنێك چەند هەنگاوێك لەولاوە وەستابوو کزکز ئەیڕوانی « **ئەم بێدەنگیو سەرســامبوونەیان سەری لێدەرناکەم** » . بۆ ماوەیەك نـــەیئەزانی چیبکات .. لە پڕ گوێی لەپرمەی گریانێکی خنکاو بوو .. ئەوەندەی تر پەشۆکاو پەشیمان بوەوە کە لەناو هەموو ماڵەکاندا ئەم ماڵەی هەڵبژارد ، تـــا کەمێ بحەسێتەوەو تەزووی پێی دەرکات. «رەنگە پێش هاتنم سووکە ئاژاوەیەکیان بووبێ » . زۆری نەخایاند پیرەژنەکە خواردنێکی هاکەزایی لەبەردەم داناو بێئەوەی چاوی لێبتروکێنێ پاشەو پـــاش گەڕایەوەو لەتەنیشت پیرەمێردەکەوە چیچکەی کرد.

« **سەیرە .. من نانی خۆم ئەخۆم با .. ئا .. ئەمانیش دەردەکەی دایکمیانە .. رۆڵە هەرکاتێ یەکێکی وەکتۆ ئەبینم تۆم ئەکەوێتەوە یاد .. رەنگە** » .

پارووێەکی بۆ دەمی برد . سەرنجی لەپیرەژنەکـە گیربوو .. « وەلاهی » دەستی بە پارووەکەوە وشك بوو ، نەیتوانی پارووەکە بگەڕێنێتەوە ، پارووەکـە بووە بەردێك لەدەمیدا .

« **ئەمە .. ئەمە خۆ دایـــکی حوسێنە ... خۆیەتی .. بەلام ئەمان من ناناسنەوە . یەك جـار بینیومە** » .



سەری هەڵبڕی ، پیرەژنەکە بۆ یەکێ لە ژوورە تاریکەکان هەنگاوی ئەنا

« ئەوە .. ئەزانم ئێستا دەست بەگریــان ئەکات » دەستی لە بازوو بەنەکەی قۆڵی‌دا « بەڵام چی گەیاندیانیە ئێرە » ..

سەرەتای زستانێکی تووشی چەند ســاڵ پێش ئێستا بوو ، بە دێ‌کەیاندا تێپەڕبووین ، ئەم پیرەژنە سەرەرێگاکەی لێ‌گرتبووین .

پاڕایەوە : ئەم بازووبەنە بدەنە دەســـتی « حسێن »ی کوڕم .

ســــەرمان خستە سەری . بازووبەنەکەم لێ‌وەرگرت . بەڵام بەرلەوەی بگەینە لای بۆ یەکجاری لێمان وون بوو .. ئیتر نەك هەر نەم ئەویســـت دیارییەکەی بۆ بگەڕێنمەوە ، تەنانەت نەم ئەویست بەودێ‌یەشدا گوزەر بکەم .. بۆ لەم هەموو ماڵانە بو ئێرە هاتم .. ئەزانم بەبینینی ئێمەمانان زامیان تازە ئەبێتەوە .

بەئەسپایی بازووبەنەکەی لەقۆڵی کردەوە . خستیە سەربەرەکە . پیڵاوەکانی لەپێ‌کـــرد . نەگەیشتبووە دەرگاکە گوێی لەگریانی بـــەکوڵی پیرەژنەکەبوو . ئاوڕی دایەوە ، پیرەمێردەکـــەش هێشتا سەری هەڵنەبڕیبوو ، بەڵام وەك مەنجەڵ ئەکوڵا .



داهۆڵ

لطیف هەڵمەت

چۆلەکەکە بەداهۆڵەکەی گوت :

— لێم گەڕێ با چەند دەنکە گەنمە شــامی‌یەك بقرتێنم و بۆ زارۆڵە برسی‌یەکانمی بەرمەوە.

داهۆڵەکە سەری باداو گوتی :

— نەء نەیخۆی تاڵە..؟بەخوا دەنووك لە گەنمە شامی‌یەك بسویی پەڕوباڵت دەکــــەم بەپووشی ئاو رەشەبا ..!

چۆلەکەکە ترس کۆتی کــــردو بەکزی‌یەوە راوەستاو حەپەسا ... لەبڕ فێڵێکی دۆزی‌یەوەو لەخۆشی‌یاندا بزواو بەداهۆڵەکەی گوت :



— ئەرێ ئەوە بە[illegible] [illegible]ولێتر [illegible]
ئەڵێی جیهان [illegible] هەر[illegible] جێیە ...
دەبڕۆ بۆ خۆت تەماشای [illegible]ۆشك[illegible] [illegible]
بەرزو رەنگاورەنگی شاران و ئۆتۆمبێلی هەمە
چەشن و گوڵچنی هەمەرەنگ و یاری تۆپین و
کچی نازداربکە ...
داهۆڵەکە گوتی :

— ئیشی من هەر[illegible] پارێزگاری ئەم باخە بکەم .. تۆ برۆ بۆخۆت تەماشای ئەو شتانە بکە کە باست کردن ..

چۆلەکەکە بەکەساسییەوە وتی : ئەم گەنمەشامییە زۆر زۆرەو ئەگەر چەند دەنکێکی لێبەرم خاوەنەکەی هەر پێشی نازانێ .. ئایە ئەوەندە دڵرەقی کە نەیەڵی پڕدەنووکمی بۆ زارۆڵەکانم لێبەرمەوە ..؟

داهۆڵەکە تۆزێ راما (راست دەکا خۆ ئەگەر چەند دەنکێکی لێبخوات خاوەنەکەی پێی نازانێ .. هەرگیز پێی‌نازانێ خۆ قۆزاخەو دەنکە گەنمەشامێکانی نەژماردووە .. بەڵام نارێی نادەم ناپاکی لە خاوەنەکەم ناکەم پیاو دەبێ لەکاری خۆیدا دڵسۆزبێ ..) .

وتی : گوێ بگرە چۆلەکە فێلبازەکە ئەزانی چی ..؟ ئەگەر دەنکە گەنمەشامییەك بخۆی بچیتە بنی عێزەوە بەچەمۆڵە بەراسۆکانت تێکدەشکێنم و دەنووکت وردوخاش دەکەم ! لەوکاتەدا شنەبایەك هەڵیکردو دەستە

بەرۆبینەکانی داهۆڵەکە لەرییەوەو چۆلەکەکە [illegible]هەڵفری و لەداهۆڵەکە دوورکەوتەوەو تاسی [illegible] زەرنەقووتەکانی بردیەوە ..

لەبەر منالێکی بچکۆلەی کڵاش لەپێ [illegible]داهۆڵەکە نزیك[illegible]و هەردو دەستی [illegible]کمەیەکی توند[illegible]وری دایە خۆی و لەبندا [illegible]و پێی[illegible]ەکانی لێ کردەوەو توورییدان و داری داهۆڵە رووتەکەی خستە نێوانی هەردوو لنگیەوەو وەکو ئەسپ حیلاندی و سمکۆڵانی کردو کەوتە نەرمە غار ..

چۆلەکەکە لەم رووداوە سەیرە سام گرتی و دۆش داما .. کەهاتەوە سەرخۆی بەپەڕۆو پاڵی داهۆڵە جیق و فلیق دەرهێنراوەکە نزیك بوەوە هیچ چۆڵەی نەبووە لەسەر گەنمەشامییەك نیشتەوەو تێری لی خواردو پڕ دەنووکیشی دەنکە گەنمەشامی کرد بۆ بەچکەکانی .. لەکاتی فڕیندا دەنکێکیان لە دەنووکی خزاو کەوتە سەر پەڕۆوپاڵی داهۆڵە تێکشکاوەکە .. بۆی نیشتەوەو بەر لەوەی دەنکە گەنمە شامێکە بقۆزێتەوە جیقنەیەکی بەپەڕۆو باڵەکەدا کرد .. ئەڵێن لەوڕۆژەوە چۆلەکە ترسی لەداهۆڵ شکاوەو لەهیچ داهۆڵێك ناترسێ .. منیش دەڵێم راستە چونکە هەموو داهۆڵەکان لە گشت کێڵگەو باخچەو رەزێکدا بۆنی جیقنە چۆلەکەیان لێدێت ..! هەر منالێکیش باوەڕ بەم قسەیە ناکات بابڕوات خۆی بۆنی داهۆڵەکان بکات ..!

لم

شیعری ■ ئومیت یاشار ئۆگوزجان
وەرگێڕانی ■ عبدالکریم بەرەنگ

تۆ نازانی کە « لم » چی‌یە
چونکە قەت دەریات نەدیوە
چاوەکانت بنووقێنەو لە (کات) وورد بەرەوە
دەریا لە چاوێکتدایەو
لمیش لەچاوەکەی دیتدا

* * *

تۆ نازانی کە بەرد چی‌یە
چونکە بەسەر چیادا قەت هەڵ نەزناوی
بەرەو ئاسۆ هەنگاو بنێ
چیا لە قاچێکتدایەو
بەردیش لە قاچەکەی دیتدا

* * *

تۆ نازانی خۆڵەمێش چی‌یە
چونکە ئاگرت پێ نەکردووە
دەستەکانت بەرەو ئاسمان بەرز کەرەوە
ئاگرت لە دەستێکدایەو
لمیش لە دەستەکەی دیتدا

* * *

تۆ نازانی کە خوێن چی‌یە
چونکە تۆ قەت نەمردووی‌و نەکوژراوی
بەسەر گڵدا ڕابکشێ
مردن لە لایەکتدایەو
خوێنیش لەلایەکەی دیتدا

* *

تۆ نازانی عەشق چی‌یە
چونکە خۆشت نەویستووم
چۆن دەتەوێ ئاوا بگری
جوانی هەمووی لە تۆدایەو
عەشقیش لای من !!

* * *

- ئەم شاعیرە لە (٢٢)ی ئابی ١٩٢٦ دا لە تارسوس لە دایك‌بووە ..
- پاش تەواو کردنی دوا ناوەندی بازرگانی لە بانك‌دا کاری کردووە ..
- لە سالی ١٩٦١ دا دەزگایەکی بلاوکردنەوەی لە ئەستەمبوڵدا دامەزراندووە .
- ئێستا سەرپەرشتیاری دەزگایەکی بلاوکردنەوەی سەر بەبانکە .
- لە سالی (١٩٤٧)ەوە هەتا ١٩٧١ زیاتر لە (٢٣) کتێبی بلاوکردۆتەوە ، لەوانە (١٤)ی کۆمەلە شیعرن .



مەلاوەلەدخان شاعیری جافان

□ هاشم کاکەیی

هەرمەردومێکی ڕۆشنبیری خاوەن خامەی ڕەنگین ـ لەهەر سووچێکی ئەم ژیانەدا کە گوزەرانی تێدا دەکات . گەر بێتوو بچووکترین کارێکی سوودمەندو سوودبەخش پێشکەش بەنەتەوەکەی خۆی بکات .. بێ‌گومان ئەوا بەلای هەمووانەوە بە کارێکی جوانو ڕێکوپێکی مرۆڤایەتیو دلگیری لەقەلەم دەدرێ جا ئەوکارە هەرچی‌یەك بێت .. گرنگ ئەوەیە سوود بگەیەنێ ..

لەڕۆژگاری ئەدەبی ئەمرۆی ئێمەی کوردا ، کارێکی جوانو دلگیر هاتووەتە ناو کۆڕو مەیدانی ئەدەبەوە .. ئەگەرچی ئەم کارە لەمەوپێشیش هەبووەو سەری هەلداوەتەوە : ـ

ئەم کارەش ئەمەیە : کە زۆر لە ڕۆشنبیرانمان .. هەولو تەقەلای دلسۆزانە دەدەن بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکی‌ی کۆنمانو دیسانەوە گۆرانی‌یەکانی فۆلکلوری کۆنمان وەقسەی نەستەقو بەندی‌پێشینانو حەیرانو مەتەلو لاوك .... وەهەولی ئەوە ئەدەن بیانناسێنن بەخوێنەرانو ، وەبۆ دەولەمەند کردنی سامانی کەلەپووری نەتەوایەتیمان لە گەل پێناساندنی بەجیهانی ئەدەب .

لێرەدا شایانی باسە کەناوی هەندێ لەو قارەمانە ڕۆشنبیرانەمان بهێنینو پڕبەدل سوپاسی هەریەکەیان بکەین کەلەم ڕێگایەدا خۆیان ماندوو کردوو ، خۆیان ماندوو ئەکەن .

ئەوانەی کەزیاد لەم ڕێگایەدا ماندوو بوون .. یەکێك لەوانە مامۆستای پایە بەرزمان :

[علاءالدين سجادي]یە ، کەدوای گەڕانێکی زۆر بەشارو گوندەکانی کوردستانا توانیویەتی بەرهەمی زۆر لە شاعیرانی کۆنمان کۆکاتەوەو بیانگەێنێتە چاپ .. هەروەها توانیویەتی ناوی (٢١٢) شاعیری کوردی نەناسراو و باس لێنەکراو بێنیتە سەر کاغەزو چاپی بکا لە [مێژووی ئەدەبی کوردی]دا . ئاشکرایە گەڕان بەدوای بەرهەمی ئەدەبیداو زانینی ناوی ئەو شاعیرانە کارێکی ئەوەند ساکارو ئاسان نیە .. بەڵکو ماندووبوونێکی زۆری دەوێ ، پێشاندان‌و ناساندنی ئەو (٢١٢) شاعیرە هاندانێك بوو بۆ ڕۆشنبیرانی ئەم ڕۆمانە بۆ دۆزینەوەی بەرهەمی ئەو شاعیرە کلاسیکی‌یانەمان .. بەڕاستی مامۆستا کارێکی شاکاری ئەنجام داوە ، خوا یارمەتی بداو تەمەن درێژی بکات بۆمان.

دووهەم کەسێك کە خۆی خستبێتە ئەم مەیدانەوە مامۆستای خۆشەویستمان [عبدالكريمی مدرس]ە ئەمیش لەکۆنەوە تائەمڕۆ هەنگاوی دڵسۆزانەی ناوە .. چ لە کۆکردنەوەی بەرهەمی شاعیرە کلاسیکی‌یەکانمان‌و چ لەچاپدانی دیوانەکانیان‌و چ لەلیکدانەوەی شیعرەکانیان . خوایارمەتی مامۆستای شیرینمان بداو تەمەن درێژی بکات بۆمان .

هەروەها برای شیرینمان کاك [محمد عەلی قەرەداغی] بەڕاستی ماوەیەکی تەواوە کەجێگای خۆی لەم مەیدانەدا دیاری کردوە لەکۆکردنەوەو دۆزینەوەو لەچاپدانی بەرهەمی شاعیرەکۆنەکانی ناو کەشکۆڵی سەدەها ساڵەی لەمەوبەرمان‌و خوێندنەوەیان‌و هێنانەوەیان بۆسەر ڕێنووسی کوردی ئێستا .. بەڕاستی ئەم کارە کارێکی گرانەو هەموومان ئەزانین کە چەندە ماندوویەتی‌و شەونخوونی دەوێ . خوایاری ئەم برایەمان بێت‌و سەرکەوتووی کا .

هەروەها : برایانی بەڕێزمان : نەریمان ــ عوسمان هەورامی ــ ئومێد کاکەڕەش ــ ئەحمەد سەلام ــ کریم شارەزا ــ هەردەوێڵ کاکەیی ــ سۆران مەحوی ــ ئەحمەد محەمەد پشدەری ــ محەمەدی مەلا کەریم ــ سردار فەتاح ــ جەمال محمد .. وەزۆری تر لەبرایانی ڕۆشنبیرمان .. بەراستی بەهەموو دلێکی دلسۆزانەوە قۆڵی خۆیان هەڵماڵیوە بۆ دۆزینەوەو زیندووکردنەوەی بەرهەمی شاعیرانی کۆنی کلاسیکی‌مان وەگۆرانیە فولکلۆری‌یەکانمان .. لەم ڕووەوە گەلێ لەم برایانە بەرهەمی نایابی شاعیرە کۆنەکانیان بلاوکردۆتەوە چ لەگۆڤارو چ لە ڕۆژنامە کوردی‌یەکانی ئەمڕۆمان وەچ لە ئێستگەی کوردی بەغداوە (خوا یاریان بێت) .

سەرەتا ووتم هەر مرۆڤێك گەر کارێکی بچووکی سوودمەندی بەنەتەوەکەی پێشکەش کردو ئەنجامدا ، ئەوا کارێکی جوان‌و دڵگیرە لەلای هەمووان ! دەبا ئێستا شتێکی سوود بەخش ببەخشم بەئێوەی خوێنەرانی بەڕێزو بە گەنجینەی سامانی کەلەپووری ئەدەبی کوردی :

سێ ساڵ لەمەوپێش (٨) هەشت پارچە شیعری جوانم لەدەم پیرەپیاوێکی هۆزەکەم بیست . یەکسەر ئەم شیعرانەم لەلای خۆم نووسیەوە ، هێند ئاشق بەم شیعرانە بووم ، بۆ خۆم لەبەریانم کرد !

بەقسەی ئەم پیاوەپیرە چوار پارچە شیعر لەم هەشت شیعرە .. شیعری [مەلا]یەك بوونە. بەڵام داخەکەم نەیئەزانی ناوی‌ئەو [مەلا]یە چی‌بووە .

لەم ڕۆژانەدا [کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی] لەلایەن کاك [محەمەد عەلی قەرەداغی] یەوە کەوتە بازارەوە ، کەدیاری‌یەکی ناسکی ئەدەب بوو پێشکەش خوێنەران کرا .

لەکاتی ئەوەی ئەم کەشکوڵەم ئەخوێندەوە.. لەلایەرە (١٠١)دا ڕاوەستام ! چاوەکانم خۆیان چەسپان لە سەر ئەو پارچە شیعرەی کەلەم لاپەرەیەدا بوو . ئەویش ئەم شیعرە بوو کە سەرەتاکەی ئەڵێ : [شیرین نیگاتەن ، شیرین نیگاتەن] وەکە شیعری شاعیر [مەلا وەڵەوخان]ە. یەکاویەك بیرم فڕی بۆ ئەو هەشت پارچە شیعرەی کە سێ ساڵ لەمەوپێش نووسیبوونمەوە لەلای خۆم . بەڵێ .. کاتێ (٨) هەشت پارچە شیعرەکانم هێنایە پێشم ــ ڕوانیم کە ئەو پارچە شیعرەی ناو [کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی] یە یەکێکە لەم (٨) پارچە شیعرەو وەیەکێکە لەوچوار شیعرەی کە پیرەپیاوەکەی هۆزکەم ئەیوت : ئەم شیعرانە هی [مەلا] یەك بوونە : لەبەر ئەوەی شیعرێك لەم چوار شیعرانە ڕاست بوو هی [مەلا وەڵەوخان] بوو .. کەوا بوو سێ پارچە شیعرەکەی تریش هەر هی ئەمن ، وەئەگەرپاشە ڕۆژیش بەڵگەیەك کەوتە دەست کە ئەم سێ شیعرەی تر هی ئەم شاعیرەنین ئەوا قسەیەکی تری لێوە دەکەین . بەڵام ئێستا من بەناوی [مەلا وەڵەوخان] ەوە بلاوی دەکەمەوە .

حارێ ئەمە ناوونیشانی (٨) هەشت پارچە شیعرەکانە :

١ـ شیرین نیگاشەن ٢ـ مەلام دەماغ داشت ٣ـ چراغت مەستەن ٤ـ شیرین قاقم کەر . ٥ـ خانای دل وەتەنگ ٦ـ چراغ نەزانی ٧ـ چراغم فەردم ٨ـ وەکۆنەهەواران .

پارچە شیعری یەکەم‌و دووەم‌و سێیەم‌و چوارەم : ئەو شیعرانەن کەبەناوی [مەلا وەلەوخان] ئەوە بلاوی دەکەمەوە .

ئێستاش فەرموون لەگەل چوار پارچە شیعرەکەی شاعیری هۆزی جافان

[مەلا وەلەوخان] : ـ

١ ـ پارچە شیعری یەکەم :

شیرین نیگاشەن ، شیرین نیگاشەن
چەند وەختەن چووین باز شیروان نیگاشەن
مەعلویمەن هویژمەن نەپێش‌و پاشەن
نمەزان پەی حال کێ تەمەنناشەن
یەخەیلێ وەختەن فکر خێشەن
مەعلویم سەودای عەشق دلداری پێشەن
ساحێب ووژمەتی گش گوناە وێشەن

شێتی‌و شەیدایی نمەز پەی کێشەن
تو وەو تەخت بەرز بلێن جایوە
تەن وەتۆی خەفتان تورمەی شایوە
وەی نیم نیگای ناز باز ئاسایوە
هێشتا های وەفکر خۆنمایوە
پاکۆتاکەرە .. یە ڕەفتار نیەن
هاتوو چۆی وەگەرم سبێ وار نیەن
کوانێ ؟ کەفەرها ، شیرین نامتەن !
تۆ گولەنامی ، کێ بەهرامتەن ؟
یەپای کێ پاوز هەلقەی دامتەن ؟
چەند کەس گیرۆدەی زولف خامتەن ؟
میر شکارت کێن ؟ کێ فامت بەردەن ؟
وەتەهقیق هەوای شکارت کەردەن !
مەعلویمەن هەوەس بێ‌جایەت کەردەن
[یۆت]مەوە کوشت (مەلا)یش وەمەردەن
مەعلویم سەودای عەشق ئەئەزەل بیەن
[مەلا]ی هام قەویل هام وەزنت نیەن

٢ ـ پارچە شیعری دووەم :

مەلام دەماغ داشت ، مەلام دەماغ داشت
مەلا قیبلەی من ، لەی وەر دەماغ داشت
زولف وەسەنگریچەی ، نۆتوویل نۆ داشت
زولف وەسەنگریچەی ، نۆتوویل ونۆدا
پەخش کەردەن وەبان ، باخچەی لیمۆدا
پەخش کەردەن وەبان ، قەلیلان سیم
تەل تەل مەشانۆ ، وەشنۆی نەسیم
نیسەکەدارای ، دونیا فریوەن
بەزم شایو زەوق ، قەیس لەیل شیوەن
[مەلا] لەو بۆنە وەبەرگش قەلاخەن
نیمە قیبلەکەم چەناخ‌و داخەن
باوانش خاپیر یۆش بێ نازکەفتەن
لەی وەر لەقاشان دەسکار ئەرژەن

٣ ـ پارچە شیعری سێیەم :

(چراغت مەستەن)


وەدیدەت قەسەم ، بێ سوورمە مەستەن
کافر بم دەست ، ئەقرەو نەگەستەن
دەست یۆت بەستەن ، هە وەنازەوە
وەی نیم نیگای ناز . دیەی بازەوە
خالان پیرۆزە ، گزمرووت شێوە
شێوەی دوایی‌ی ، ئەقرەو گاز پێوە
ئەقرەوکەی گەزستی زمرووتش گەستەن
نەشەوق زمرووت ، هەچە دویر مەردەن

٤ ـ پارچە شیعری چوارەم :

شیرین قاقم کەر ، شیرین قاقم کەر
ئەر من قاق بیم ، بەتر قاقم کەر
یا وەدەست یۆت ، تەرکە داغم کەر
یا کلیل پێم دەر ، شەو نەباغم کەر
کلیل داوە دەس ، چویمە سەیر باغ
دیم کەنشتەوی ، شای بلند دەماغ
وواتش : یەتیمەکەی خوا ، عەنجەل هاوردە
وەتو چ قابیل ، سەیر باغ کەردە
وواتم : یە سەر یە شمشێر ، یە تەناف دار
هەرچی گونامەن ، وەتەم کەرە بار
وەتێخ مەکوشەم ، زامم دیارەن
خەلکان ماچان ، یەگوناە کارەن
تەلێ ئەو زولفە ، بخە لە گەردەن
ماچا یە وەمەرگ ، ئیلاهی مەردەن

تێبینی :

١ ـ جیاوازی هەیە لەنێوان پارچە شیعری لای من [شیرین نیگاشەن] لە گەل پارچە شیعری بلاوکراوی لاپەرە (١٠١)ی کەشکۆلی کەلەپووری ئەدەبی کوردی . بڕوانە [کەشکۆلی کەلەپووری ئەدەبی کوردی] (مەحەمەد عەلی قەرەداغی) بەرگی یەکەم .
٢ ـ بۆزانینی [مەلا وەلەوخان]شاعیری جافانە، بروانە [میژووی ئەدەبی کوردی]علاءالدین سجادی بەرگی یەکەم . بەش باغی شاعیران.
٣ ـ زۆر سوپاس بۆ [مام زایەر کاکەیی] کە ئەم شیعرانەی بۆ ووتم خوایاری بێ .



کوردی

مولتەجی نابم بەکەس (گوردی) لەدنیاو ئاخیرەت
رۆژی دیوانی خودا ، دەستی منۆ دامانی عیشق

* ✻ تەمەنێکی زۆر کورت — ١٨١٢ — ١٨٥١ بەڵام سەراپای هەرژانو جوانیو داهێنان .
* ✻ دیوانەشیعرەکەی سێجار چاپکراوە . ساڵی ١٩٣١ لەبەغداو لەلایەن کوردی مەریوانییەوە، دوجاریش لەهەولێرو لەچاپخانەی کوردستان ، دواچاپی لە ١٩٧٣ دابوو .
* ✻ یەکێکە لەرابەرانی شیعری کوردی .. بەڵام بەداخەوە وەکو ئەوانی تر حەقی خۆی نەدراوەتێو چاوەڕێی دەستێکی داهێنەرو خامەیەکی هاوچەرخو ژانگرتوە .
* ✻ ناوی مستەفا بەگی ساحبقڕانو نازناوی (کوردی) یە ..

گەردنی ((گوردی)) لەگێوی بێستوون مەحکەمترە
چونکە سەدساڵەی لەژێر باری خەمایەو نانەوێ

بەیان
مجلة ادبية شهرية
تصدر عن دار الثقافة والنشر الكردية
وزارة الثقافة والاعلام
بغداد

رئيس التحرير
اسماعيل رسول احمد

مديرالتحرير
مصلح مصطفى الجلالى

BAYAN

Litrary Monthly Magazine
Ministry of Culture and Information
Issued by: The Kurdish House for Culture and Publishing
Baghdad-Iraq

